




سەرچاوە
Serchawe

# پێشەکی



**کەماڵ گروێسی**

جوڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ کە قۆناغێکی گرینگی خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەداخەوە بەهۆی نەبوونی سەرچاوە و تۆماری وردی ئەم ڕووداوە، هەمیشە لە ژێر تەم و مژ دابووە. دەگەڵ ئەوەی زۆرن ئەوانەی لەو سەردەم دا پێشمەرگە بوون و لە ڕووداوەکاندا بە شێوەیەک لە شێوەکان بەشدار بوون و بە خۆشییەوە ئێستاش لەژیاندا ماون، بەڵام هێشتا وەڵامی زۆر پرسیاری تایبەت بەو سەردەم بێ وەڵام ماونەوە. لەم دواییانەدا چەند تێکۆشەرێکی دێرین و خەباتکاری ئەو سەردەم قۆڵی هێممەتیان لێهەڵکرد و هەرکامەیان لە ڕوانگەی خۆیەوە و بە پێی هەڵسەنگاندنی خۆی لە ڕووداوەکان، حەولیان داوە، تیشک بخەنە سەر بەشی تاریک و نارِوونی ئەم قۆناغە گرینگ و پڕ ڕەمز و ڕازەی ئەو سەردەم. یەکێک لەو تێکۆشەرانە بەڕێز مامۆستا مەلا محەممەدی خزرییە. بەڕێزیان لە کورتە نووسراوەیەکدا حەولی داوە وەک چاوی کامێرایەک، تیشک بخاتە  کەلێن و قوژبنی تاریک و تا ئێستا کەمتر ئاشکرای ئەو سەردەم و بەرچاوی وەچە و نەوەی نوێی کورد، ڕوون کاتەوە. مێژووی ئەو جوڵانەوەیە، هۆکارەکانی، ئاستەنگ و بەربەستەکانی، هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمی کوردستان و پاڵپشتی و هاودەنگیی خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ شۆڕشی گەرمێن و فیداکاری لە ڕادەبەدەریان و وەڵام و ئەمەگی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ ئەوان، با لە زمان و قەڵەمی مامۆستا مەلا محەممەدی خزرییەوە ببیسین و بخوێنینەوە.

# "بەهاری کوردەواری سوورو شینە

# لەدەوری تەرمی خوێنین کۆڕی شینە"

نووسینی: مەلا محەممەد خزری

وەرزی بەهـار، هەر لە سـەرەتایەوە هەتـا دوا مانگەکـانی تـری ئەم وەرزە بـۆ ئـێمەی کـورد، لەرۆژهەڵاتـی کوردسـتان وەبیرهێنەرەوەی خوێنی بەناهەق و لەسەرهەق ڕژاوی رۆڵە بە ئەمەگو فیداکارەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانە.

{بەهـاری ئەمسـاڵ ١٣٩٤ - چل و حەوتەمین سـاڵی شـەهیدانی ٤٦ - ٤٧ و جـووڵانەوەو بەرگریـی چەکـدارانەی کـادرو پێشـمەرگەکانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانە. بەو بـۆنەیەوە، وەک ئەمەگو وەفـاو بـۆ ڕێزگـرتن لە فیـداکاریو لە خۆبـووردوویی ئەو رۆڵە جوانەمەرگـانە، دەمەوێ یادێک لە لەخۆبـووردوویی ئازایانەیـان بکەمەوەو کورتە ئـاماژەیەکیش بەسەرهەڵدانو تراژێدیاو دابڕانی قۆنـاخە جیاوازەکـانی رابـردوو بکەم کە، بەشێوەی جۆراوجۆر، لە حیزبـی دێموکراتی کوردستـاندا ڕوویـان داوە. هیـوادارم بەو یـادکرنەوەیە، درزێکـی چـووکەی رووناکـاییم، خستبێتە سـەر تەمو مژی رووداوە پرلە تراژیدیایەکانی.}

داخوا جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ "ابتدا بەساکن" هەڵگیرسا، هەڵقـوڵای بیری چەند لاوی خوێنـدەواری کـورد بـوو، یان ئەو ڕووداوە خوێناوییە، لە درێـژەی خەبـاتی نەپساوەی دوای ڕووخـانی کۆمـاری کوردسـتان دا، دواتـر بەسـەر کـادرو پێشمەرگە شەهیدەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیاندا سەپاند؟ وەک نووسەری ئەو چەند دێرانە، وێرای ڕێزو کرنـۆش لە حاند خەباتو فیداکاری سەرجەم ئەو رۆڵە تێکۆشەرو نەترسانە، گەرەکمە کورتە پێشـەکییەک لە سەر ڕابـردووی پـڕ لە شانازیو خەباتی پڕ لە هەورازو نشیوی رۆژگارە سەختو دژوارەکـانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستان لەو سەردەمەدا،و یادێک لەو لەخوێنداشەڵاڵکراوانە بکەمەوە، بە چەند دێرێک ئاورێکیش وەسەر ڕووداوە پڕ لە قەیرانەکان بدەمەوە!

خوێنەرانی بە ڕێز! ئەوەی لەو لاپەرانەدا دەیخوێننەوە، وێڕای هەڵەو ناپاراویی زمان، لەوانەیە ئەو نووسراوەیە دەگەڵ هەستو ویستو چوار چێوەی حەزو عـاتیفەو بۆچوونەکـانی ئێوەی بەڕێـز نەگونجێ. بەلام بە جورئەتەوە دەتوانم بڵێم؛ ئەمە لێکدانەوەو هەڵقـوڵاوی زەینـی نووسـەر نیە! بەڵکـوو ئەوە بەسـەرکردنەوەی ئەو ڕووداوانەیـە کە لە سـەردەمێکی دیـاریکراودا، ڕوویـان داوە! بەشـی یەکەمی، ئەو ڕووداوانەن، تـاقیکردنەوەی ئەو هاوڕێیانەیـە کە لە خـۆم بەتەمەنتـر بـوونەو لە کـاتو زەمەنێکـدا لە نێویانـدا ژیـاونو دواتـر، گواسـتوویانەتەوە بـۆ هاوڕێکانیـان. بەشـەکانی تـری، ئەو بەسەرهاتو ڕووداوانەن کە، نووسەر لە نزیکەوە تەجروبەی کردوون.

بە بۆچوونی خۆم، ئەوەی ئەو خەباتگێرانە لە سەردەمەکانی ڕابردوودا، وەک: کێبەرکێو دژایەتییەکترکردن، دابڕانو لێکترازان کە، دواتر تراژیدیای لێ کەوتۆتەوە؛ هەموویان بە مەبەستی خێرو خزمەت،بە ئامانجیان ئەنجامیان داوە! دووپاتی دەکەمەوە، مەبەستی من لێرەدا، وەک نووسەری ئەو دێرانە، گێڕانەوەی باسو بەسەرهاتەکانە کە، بە سەداقەتو پاکییەوە، بێ دەسکاریکردن دەیخەمە بەرچاوی خوێنەران، و حوکمو داوەریی لە سەر ئەمو ئەو، کاری نووسەر نیە! قەزاوەتو لێکدانەوەی بەسەرهاتەکان، بۆ خودی خوێنەرانی خاوەن نەزەرو تەحلیل بەجێ دێڵم.

بەحوکمی ئەوە کە، ڕۆژو ڕۆژگارێک، نووسەریش وەک کۆنە پێشمەرگەیەک، جووتە کلاشێکی لەو ڕێبازەدا دڕاندووە، ویژدانی حوکم دەکا، واقعییەتی ئەو ڕووداوانەی کە لە نزیکەوە شایەدیان بووە، بە ئەمانەتەوە، بێ شێواندن، وەک چۆن ڕوویان داوە، لەو سەردەمەدا، و خۆی لەنزیکەوە ئاگاداریی لەسەریان هەیە، یان دۆست و هاوڕێیانی باوەڕپێکراوی بۆیان باس کردووە؛ بە دروستکاری بیانگێڕێتەوەو یادیان بکاتەوە.

- زۆر کەسایەتیی خاوەن نەزەرو قەڵەم، دوای ڕووخانی کۆمار، مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان، لە قوناخە جۆراو جۆرەکاندا بە خەباتی ڕزگاریخوازیو کارەساتو تراژیدیەکانیەوە، نووسیووەو لەسەری دواون... لێرەدا، ئەمن بە هیچ جۆر خۆم لەو باسانە نادەم کە نووسەرو کەسایەتییەکانی دوای ساڵەکانی ١٣٢٩ - ١٣٣٧ لە بارەیدا دواون. چوونکە ئەمن لەو ساڵانەدا، نە ئەندامی حیزب بوومە، نە لە بواری تەمەنەوە گەیشتبوومە سنووری شعوری سیاسی. سەرەتای ئاشناییو زانیاریی من لە سەر ڕابردووی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٣٧ ی هەتاویو دوای ئەو سەردەمە... لێرە بەدواوە، هەوڵ دەدەم، لە زمان دۆستانی نزیک لە خۆم؛ قوناخە پڕ لە قەیرانو هێرشە هەراوەکانی پۆلیسی حەمە ڕەزاشا، تراژیدیاو دابڕانو پێکهێنانی دەستەو کۆمیتە جۆراو جۆرەکان، لە سەردەمە جیاوازەکاندا، ئەگەر کورتیش بێ ئاماژەیەکیان پێ بکەم.

- لەنووسراوەو بەیاننامەکاندا نووسراوە: - دوای ڕووخاندنی حکومەتی میللیی دوکتور موسەدیق، بە پیلانی ئینگلیسو ئەمریکا، پۆلیسی ئێران، زەربەیەکی توندی لە پەیکەری ح. د. ک وەشاند. زۆر لە کادرو بەرپرسەکانی وەک کاک غەنی بلووریان، کاک عەزیزی یوسفیو ئەسعەدی خودایار، کاک سولەیمانی موعینیو حەمەدەمینی مەولودە چرچیو... دەسبەسەر کرانو کەوتنە زیندانو بەدەستی پولیسی حەمە ڕەزاشا، شکەنجە کرانو گەلێک ساڵان لە بەندیخانەکاندا مانەوە...

بەڵام ئەو سەردەمە، حیزب، لە بواری تەشکیلاتییەوە خاوەن کادرو کەسانی وەک: شەهید دوکتور قاسملوو، نەمرکاک ئەحمەد تۆفیق، شەهید کاک قادر شەریف (هاشم ئەقەلوتتوللاب)، سمایلی قاسملوو، هاشمی جەلالی، کاک جەلیل گادانیو گەلێک کادری بە وەجو چالاکی تر بوو کە ناوی هەموویانم لەبیر نیە... بە هەوڵو کۆششی ئەو کادرە خەباتگێرانە، توانرا تەشکیلاتێکی بەهێزو پتەو لەشارو گوندەکانی کوردستان، دامەزرێندرێتەوە! هەتا ساڵی ١٣٣٨

حیزبی دێموکراتی کوردستان، شانەو کۆمیتەکانی، بۆ پۆلیسی ئیران، بەتەواوی ئاشکرا نەببوون، بەڵام بەداخەوە، بەگوێرەی وتەی شەهید کاک قادر شەریف، بە هۆی دەگیرکەوتنی سمایلی قاسملوو دەسبەسەرکردنی، پۆلیسی ئێران، توانی بەشی هەرە زۆری کۆمیتەو شانەکان بدۆزێتەوە...

- یەکەم هێرشی - پۆلیس بۆسەرکۆمیتەکانی حیزب لە مانگی سەرماوەزی ١٣٣٨دا.

لە مانگی سەرماوەزی ١٣٣٨دا، پۆلیسی ئیران ساواک، لە یەک شەودا، بە هێرشێکی سەرانسەری توانی، زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە کادرو ئەندامانی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەسگیرو دەسبەسەر بکات. ئەو کادرو ئەندامانەی کە بەهەر هۆیەک دەگیری پۆلیسی ئێران نەکەوتبوون، خۆیان دەربازکردو ئاوای دیوی گەرمین بوون. وەک دەیانگوت: ئەوانیش لە ٢٠٠ کەس زۆرتر بوون. بەشی هەرە زۆری ئەو ئەندامانە، ڕوویان کردە شاری سلیمانی. ئەو سەردەمە لە عیراق ماوەیەک بوو کودیتای قاسم کرابوو، ڕەحمەتی مەلا مستەفاو بارزانییەکان لە سۆڤیەت گەڕابوونەوە، چالاکیی پارتی دێموکراتی کوردستان لە عێراق، ئازاد بوو، کەش و هەوایەکی لەباری سیاسی، نیسبەت بە ڕابردوو لە عێراق بەدی هاتبوو. نەمر کاک ئەحمەد تۆفیق دوای کودیتای عبدالکریم قاسم، لە عێراق جێگیر ببوو، دەگەڵ مەلا مستەفا، و کاربەدەستانی حکومەتی عێراقو پارتی دێموکراتی کوردستان، پێوەندییەکی زۆر دۆستانەی هەبوو. پارتی دێموکراتی کوردستان، و خەڵکی نیشتیمانپەروەری سلێمانی، بە گەرمیو زۆر بە ڕێزەوە پێشوازییان لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردبوو. زیندوویاد، دوکتور عبدالرحمان قاسملوش، لە دەست پۆلیسی ئیران لە تاران خۆی ڕزگار کرد بوو، گەیشتبووە بەغدا...

یەکەم ناکۆکی کە بوو بە هۆی، دابڕانی ئەندامانی ح. د. ک

هاوکاریی نێوان کاک ئەحمەد تۆفیقو کاک ڕەحمانی قاسملوو، کە، هەر دووکیان کادرو ئەندامی ڕێبەریی حیزب بوون (ئەو دەم شەهید قاسملوو دوکتور نەبوو) زۆری درێژە نەکێشا. لە جیاتی ڕاگەیشتن بە وەزعی شپرزەی پەنابەرانی حیزبیو بیری چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئاوارەیی، ململانێو ناکۆکی کەوتە نێوان ئەو دوو بەرپرسەی حیزب. کورتو کرمانجی، ئاویان بەجۆگەیەکدا نەدەڕۆیشت. ناکۆکیی ئەو دوو بەرپرسە، شوێنی لە سەر ئەندامانی حیزبی نیشتەجێ لە سلێمانیو عیراقیش دانا. بە کردەوە، ئەندامانی حیزب دابەش بوون بەسەر نەتەوەیی، و بیری بەرەی چەپ! ئەو ئاوارانە، هەموویان نەیانتوانی ئەو وەزعە دژوارە تەحەممول بکەن، دوای ماوەیەک بەشی زۆری ئەندامانی پەنابەر، هەر یەکەی بە هۆی واستەیەک، گەڕانەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ سەر ژیانو ماڵی خۆیان.

ئەوانەی هەستی نەتەوایەتییان بەهێزتر بوو، یان لایەنگری کوردایەتی بوون، دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق کەوتن. چەپەکانیش دیارە، بۆچوونو نەزەری کاک ڕەحمانی قاسملوو یان (عەبباسی ئەنوەری)یان بەلاوە پەسندتر بوو. ئیدی


سەرچاوە Serchawe

ئەو دوو بۆچوونو شێوە بیرکردنەوەیە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ناکۆکیو دژایەتییان زۆرترو بەتەوژمتر دەبوو! کێشەکەیان بەڕادەیەک توند دەبێ کە، حەکەمییەتو قەزاوەتەکەی دەبەنە، لای مەلا مستەفا. کاک ئەحمەد ئەو سەردەمە، لە کەسانی نزیکی مەلا مستەفا بوو. وەک دەیانگوت: زۆر خۆماڵییانە هاتوچۆی ماڵی مەلا مستەفای دەکردو بەربەستێکی لە پێش نەبوو...

شەوێک مەلا مستەفا، کاک ڕەحمانی قاسملو، کاک ئەحمەد تۆفیقو کاک کەریمی حیسامی بانگ دەکا بۆ ماڵی خۆیان بەڵکوو بتوانێ ئاشتیان کاتەوەو... کاک کەریمی حیسامی لە بیرەوەرییەکانی دا، لە مەر ئەو بەسەرهاتەی نووسیویە. ئەمن لەو بوارەوە لە کاک حەمەی حاجی سەعیدم پرسیار کرد، ئەویش ئەو دەم دەگەڵ دوکتور قاسملو بوو، لەو کۆڕەدا حوزووری بووە. شادڕەوان حەمەی حاجی سەعیدی، قسەکانی کاک کەریمی حیسامی بە هێندێک جیاوازییەوە تەئیید کرد. مەلا مستەفا هەوڵی دەگەڵ دابوون، بەڵام ئیختیلافەکەیان ئەوەند زۆر بووە، بە قسەی مەلا مستەفاش، چاری نەکراوەو ئاشت نەبوونەوەو یەکتریان تۆمەتبار کردوە...!

لە بیرم نەماوە، نازانم، کۆبوونەوەی ماڵی مەلا مستەفا لە بەغدا، پێش تیرۆری ئەسعەدی خودایاری بووە، یان دوای تیرۆری وی؟ بەهەر حاڵ، ئیدی بەرە بەرە، بەرەی چەپ گلۆڵەیان دەکەوێتە لێژی . کاک ڕەحمانی قاسملو (عەبباسی ئەنوری) ئەودەم کە لە دانێشگای بەغدا، دەرسی دەدا، دەرسەکانی لێ دەستێننەوەو مووچەکەی لێ دەبڕن. هەتا ئەو دەم وەک مام چووکەڵ دەیگوت: وەزعی لە عێراق، باش بووە، دەیگوت جاروبار چاوەدێریی ئێمەشی دەکرد...

ئەو کەسانە کە دەگەڵ کاک ڕەحمانی قاسملو هاوڕا بوون، وەک دەیانگوت: هەر یەکە بە بیانوویەک، کەوتنە بەرقینو تووڕەییو گوشارو بێڕێزیی کاک ئەحمەد تۆفیق! ئەو کادرە چەپانەی کەوا کەوتنە ژێر گوشارو بێڕێزیو تەنانەت پاڵپێوەنان و دەرکردنیان لە عێراق! دەتوانم ناوی کەسانی وەک: زیندوویادان: یووسفی ئەنوەری، یووسفی ریزوانی، هاشمی حوسێنزادە، هاشمی جەلالی، ڕەشیدخانی کێوەرۆیی‌و قاسمی سوڵتانیان_ کەماڵو... ئیدی ئەوانە هەر یەکە بە شێوەیەک لەلایەن کاک ئەحمەد تۆفیقەوە، مەیدانبەدەر کران. هێندێ کەس لەوانە، بەهۆی واستەی کەسوکاریان، دەگەڕێنەوە بۆ ئێرانو خۆیان بە ساواک دەناسێنن... لە نێو ئەوانەدا، ئەوەی ئەمن پێم شک دێ، تەنیا زیندوویاد، یوسفی ئەنوەرییە کە، خۆی بەساواک نە ناساند بوو، ئەویش لە تاران پۆلیس شوێنی هەڵدەگرێو دەسگیر دەکرێو حوکم دەدرێو زیاتر، یان کەم تر لە چوار ساڵ لە ئێران، زیندانی کێشا. لێرەدا، پێویستە بگوترێ تەنیا هەر چەپەکان نەبوون کەوتنە بەر ڕقو قینی کاک ئەحمەد تۆفیق، وەک دەیانگوت: مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی، مەلا ڕەحمانی سێوەتاڵی، مەلا جەمیلی مەردۆخ، عومەر سادق نگلی، ئەوانە گشتیان کەسانی میللیو نەتەوەیی بوون، بەڵام دژی دیکتاتۆریی ناوبراو بوون. ئەوانەش هەر یەکەی بەشێوەیەک مەیدانبەدەر کران. کاک ئەحمەد لەسەر مەلا ئەبووبەکری فەلسەفیو عومەرسادق نگلی، بەیانی حیزبی دەرکردو وەک خایینی ناساندن...!



سەرچاوە
Serchawe

دواتر، کاک کەریم نووسیویە، زۆر جاریش بۆی باس کردووم: پولیسی عێراق بە کاک ڕەحمانی قاسملوو ڕادەگەیەنێ کە لە ماوەیەکی کورتدا دەبێ عیراق بەجێ بێڵێو... ئیدی ئەویش ویزای چیکوسلواکیی بۆ دێت، عیراق بەجێ دێڵێ، دەڕوا بۆ چیک. ئەوە بۆ یەکەم جار، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لە دەستدانو تێرۆری کادرێکی حیزبی وەک شەهید ئەسعەدی خودایاری، و مەیدانبەدەر کردنی کادرەکانی وەک شەهید دوکتور قاسملوو، زیندوو یاد کاک کەریمی حیسامیو ئەوانی تر کە لە سەرەوە ناویان هاتوە بەو جۆرە، یەکەم دابڕانی خۆی تەجروبە دەکا. لێرەدا،جێگای خۆیەتی ئەوەش بڵێین: ئەو دابڕانو دوو دەستەییە، لە زیندانی قەسری تارانیش، لەنێوان چەپەکانی سەر وەحیزبی توودەی ئیرانو نەتەوەیی‌یەکانی حیزبی دێموکرات ڕەنگی دایەوەو تووشی دوو دەستەییو ناکۆکی هاتبوون، بەڵام شوێنەکەیان جیا بوو؟ ئێمە بەهۆی نەبوونی ئاگاداریی تەواو باسی دوو دەستەیی زیندانی‌یەکان ناکەین!

## دووهەم دابڕان - کۆمیتەی ساخکەرەوە!

دەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، لە کوردستانی گەرمێن، کاک ئەحمەد تۆفیق، کاک سولەیمانی موعینی، قادر شەریفو مەلاباقیی ڕەحمەتیو مەلاسەید ڕەشیدی حوسێنی، هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕشەوە، وەک پێشمەرگەیەک وە بەندەنێ کەوتنو هاوبەشی شۆرش بوونو بەگوێرەی توانای خۆیان لە هیچ فیداکارییەک بۆشۆڕش، خۆیان نەبوارد. پێشمەرگەیەکی بە وەفاو یارمەتیدەرێکی باش بوون بۆ شۆڕشی کوردستانی گەرمێن. زیندوو یاد کاک سولەیمانی موعینی دەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، لە ڕۆژانی رووتیو بی دەرەتانیی شۆڕشدا، گەڕایەوە بۆ نێو خۆی وڵات. ناوبراو، توانی یارمەتییەکی باش لە ئەندامو لایەنگرانی حیزب، بۆ شۆرشی کورد، کۆ کاتەوە. ئەندامو لایەنگرانی حیزب، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەی لە دەستیان هات لەمەڕ یارمەتی‌دانی شۆڕشی کوردستانی گەرمێن، درێخییان نەکرد. وەک دەیانگوت: لە کاتێکدا، بارزانی وە بەندەنێ کەوتبوو، شۆڕش لە ناوچەی بادینان هەڵگیرسا بوو، بەڵام هێشتا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان، بەشی زۆریان هەر لە بەغدا مابوون. لەو کاتەدا، شۆرشی کوردستان دەنگی بەهیچ کوێ ڕانەدەگەیشت، نە رادیۆیەک هەبوو، نە ڕۆژنامەیەک کە، دەنگی شۆرش بە گوێی دنیای دەرەوە بگەیەنێ. ئەوەی بەگوێ دەگەیشت، هاڕەی فڕۆکە جەنگییەکانی حکومەتی قاسمو گرمەی تۆپ و بۆمباو بۆمباران بوو گوێی خەڵکی کوردستانی کەڕ کردبوو! تەنانەت هەواڵدەرێکیش نەبووە دەنگی شۆڕشی کورد، لە نزیکەوە، ببیسێو دواتر خەڵکی دەرەوەی لێ تێگەیەنێ! ئا لەو کاتە بێ دەنگیو بێدەرەتانییەدا بوو، کاک ئەحمەد تۆفیق، بە پێی پیادە، رووی کردە وڵاتی لوبنان، بەهۆی کوردەکانی دانیشتووی لوبنان پێوەندیی بە ڕۆژنامە نووسی بەنێوبانگی ئەمریکایی"دانا ئادامز شمیدت"ەوە گرتو قەناعەتی پێ هێنا، بە قاچاخی دەگەڵ خۆی هێنایە کوردستانو بردی بۆ لای ڕێبەری شۆڕش مەلا مستەفا بارزانی و... ئازایەتیی کاک ئەحمەد تۆفیق لە زمان ئەو ڕۆژنامە نووسە بزانە...!

بە پەرە ساندنی شۆڕش لە گەرمێن، لاوانی خاوەن هەستو شۆڕشگێری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، بە پیر شۆڕشی کوردەوە

هاتنو روویان کردە پێشمەرگایەتی. ساڵی ١٣٤١ چەند کەسێک لە لاوانی شۆڕشگێر، لە نێو ئەوانەدا، کاک سەلاحی موهتەدی، شادڕەوان کاک محەممەدی ئیلخانیزادە... وەک ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان هاتنە نێو شۆرش، دەگەڵ ئەحمەد تۆفیق ئاشنا بوون. بەڵام دوای ماوەیەک، کاک سەلاحو کاک محەممەد، نەیانتوانی دەگەڵ کاک ئەحمەد درێژە بە هاوکاری بدەن، زۆری نەخایاند، دوای یەکەم وتووێژی شۆڕشو حکوومەتی بەعس لە ١٩٦٣ دا لە شاری کۆیە، کاک ئەحمەد تۆفیقیان، بەجێ هێشت، چوونە گوندی هێرۆی پشدەر، لە نزیک سنووری ئیران نیشتەجێ بوون، دواتر رێکخراوی کومەڵەی رزگارییان دامەزراندو هاوکارو هاورێی خۆشیان هەبوو...

وابزانم لە بەهاری ١٣٤٢بوو؟ کاک مەلاحەسەنی رەستگارو کاک مەلا رەسووڵی پێشنەماز، کاک حوسینی مەدەنی، دەگەڵ کۆمەڵە لاوێکی شۆڕشگێڕیتری رۆژهەلاتی کوردستان، وەک ئەندامی حیزب، بەمەبەستی خەباتی رزگاریخوازی، روویان کردبووە نێو شۆڕش، و دەگەڵ کاک ئەحمەدو کادرو ئەندامەکانی نشتەجێی گەرمین، لە دەوری یەکتر کۆ بوونەوە. ئەودەم، حیزبی دێموکراتی کوردستان، جیا لە تاقمێک پێشمەرگەی ئازا، کە سەرپەلەکەیان شەهیدی لە دڵدازیندوو مینەشەم بوو، سێ بنکەی دیکەشیان هەبوو کە بریتی بوون لە بنکەی باڵەکایەتی لە زینوێ شێخی، بنکەی سوونێ، لە نزیک سنووری سەردەشت و بنکەیەکیش لە سەنگەسەر، لە نزیک بارەگای سەرۆک بارزانی. دوای ماوەیەک کە ئەو کۆمەڵە کادرو پێشمەرگەیە، دەبینن کاک ئەحمەد تۆفیق، ئامادە نیە هەستو ویستی ئەوان بە هێند بگرێو حیسابێکی شیاویان بۆ بکا، بەرە بەرە ناکۆکییان دەکەوێتە نێوان... ئەو کۆمەلە لاوە کاتێ دەبینن لە زۆرینە دان، بەشی هەرە زۆری کادرو پێشمەرگەکانیان دەگەڵدانو هاوڕایانن، تووشی هەڵویست گرتن دەبن، دروست یان نادروست ئەوە لێرەدا، باسی ئێمە نیە! لەو دەمەدا ئەو برادەرانە لە قەڵادزە، چەند کەسێک دەنێرن بۆ بنکەی سوونێ. کە لەوێ نیشتەجێ بن؟ لە بنکەی سوونێ دەگەڵ برازاکەی کاک ئەحمەد تۆفیق، بە ناوی سەید حەسەن، لێیان دەبێتە دەمەقاڵێ، دواتر هەستی لاویەتی بە سەریاندا زاڵ دەبێ، تووشی دەرگیریی فیزیکی دەبن...! لێرەدا چۆنایەتیی ئەو کێشە جێگای باسی ئێمە نیە!... دوای ئەو رووداوە، ئەو جەماعەتە دەگەڕینەوە لای هاوڕێکانیان لە قەڵادزە... ئەوجارە ناوچەی قەڵادزە بەجێ دێڵنو بەرەو باڵەکایەتی بۆ بنکەی زینوێ شێخی دەگەڕێنەوە...

**وەک دەڵێن**: کاک ئەحمەد تۆفیق، کاتێ لەو بەسەرهاتە و چوونی ئەو جەماعەتە بۆ بنکەی سوونێو کێشەی تێکهەڵچوونی فیزیکییان دەگەڵ حەسەنی برازای، ئاگادار دەبێ، ئەوەی بەبێ حورمەتی دەقەبڵێنێ سەبارەت بەخۆی... دەچێتە لای مەلا مستەفاو بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێرێتەوە (بێشک داوا لە بارزانی دەکا سزایان بدا...) سەرۆک بارزانی لە سەر داوای کاک ئەحمەد تۆفیق، بەهۆی بەرقییەیەک کە، بۆ گەڵالەی لێ دەدا، دەستوور بە زەکی ئاکرەیی دەدا، بچێتە سەر بنکەی زینوێ شێخیو ئەو پێشمەرگانەی لە بنکەی زینوێن چەکیان بکات!

بەگەیشتنی بەرقییەکەی سەرۆک بارزانی، لە شەوێکدا، زەکی ئاکرەیی، دەگەڵ کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی بارزانی دەچێتە سەریان... کاتێ کادرو پێشمەرگەکان، دەگەڵ زەکی روو بەڕوو دەبنەوە، تەسلیمی فەرمانو دەستووری بارزانی دەبن.

دوای ئەو بەسەرهاتە، کادرو پێشمەرگە لاوە چەککراوەکان، دەگەڕێنەوە بۆ قەڵادزە، و دواتر شەهید قادر شەریف، مەلا حەسەنی رەستگار، حوسێنی مەدەنی، سەعید کویستانیو... گشتیان دەچنە سەنگەسەر، لای سەرۆک بارزانی. لە دەست کاک ئەحمەد، شکایەت دەکەن کە ناوبراو، هیچ حیسابێکی سیاسیی شیاو بۆ ئەوان ناکا! داوا لە سەرۆک بارزانی دەکەن، رێگایان پێ بدا، لە ژێر چاودێری خۆیدا، بەشێوەیەکی دیموکراتیک هەڵبژاردنێک بکەن... بارزانی ئەوەیان لێ قبووڵ ناکا. کە دەبینن سەرۆک بارزانی، کۆنفرانسو هەڵبژاردنیان لێ قبووڵ ناکا؛ دەڵێن: با سەرۆک بارزانی کەسێکی دیکەیان بۆ دیاری بکا وەک بەرپرس. جگە لە ئەحمەد تۆفیق، هەرکەس بێ ئەوان پێی ڕازی دەبن... وەک دەیانگوت: مەبەستیان مامۆستا هەژار دەبێ! گوایە سەرۆک بارزانی زۆریان هەوڵ دگەڵ دەداو دەڵێ: دەگەڵ ئەحمەد پێک وەرنەوە، بەڵام دیسان هەر قسەی پێشووی خۆیان دووپات دەکەنەوە، و بارزانییش زۆر بە ڕاشکاوی پێیان دەڵێ: ئەمن ئەحمەد بە ئێوە نادەمو... ئیدی دوایی بارزانی بەجێ دێڵنو دەگەڕێنەوە بۆ قەڵادزێ. بەڵام کاک سەعید کویستانی کە دەیەوێ دەردی دڵی خۆی بە بارزانی بڵێ، بە بارزانی دەڵێ مامۆستا! ڕەحمەتی مەلا مستەفاش بە وشەی مامۆستا قەڵس دەبوو. دەڵێ ئەمن پێم ناخۆشە پێم بڵێن مامۆستا! سەعید دەخەجڵێ دیسان دەڵی بەڵێ مامۆستا؟ ئیدی سەعید دووپاتەو سێپاتەی دەکاتەوە... بارازنییش وەک زیندانیو دەسبەسەر دەیگێڕێتەوە، چونکە سێ جاری پێ گوتوە مامۆستا...؟ دواتر ئازادی دەکاو دەچێتەوە لای هاوڕێکانی...

ئەوە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤ی زایینییە، ماوەیەکە بارزانی کەوتۆتە وتووێژ دەگەڵ حکوومەتی عبدالسلام عارف لە عێراق. نێوانی بارزانیو مەکتەبی سیاسی مامۆستا برایم ئەحمەدو مام جەلال، لەو پەڕی ناخۆشیدایە. ئیدی ئەو جەماعەتە کاتێ لە بارزانی هیوابڕ دەبن، ڕوو دەکەنە مەکتەبی سیاسیی پارتی، وابزانم ئەودەم لە گوندی مالوومە جێگیر دەبنو مەکتەبی سیاسی لە دژی بارزانی و ئەحمەد تۆفیق، بەباشی یارمەتییان دەدا... ئەو جەماعەتە، بە وتەی خۆیان: دووکەسیتر بەرێبەرایەتیی خۆیان زیاد دەکەن بە ناوی مەلا ئەبووبەکری فەلسەفیو مەلا حەسەن ڕەستگار. ئیتر لەوێ کۆمیتەی ساخکەرەوە دەمەزرد دەکەنەوەو دایدەمەزرێنن... ئیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کردەوە، بۆ دووهەم جار، دابڕانێکی دیکە تەجروبە دەکا...!

دامەزرانی کۆمیتەی ساخکەرەوە، هاوکات بوو دەگەڵ شەڕی نێوان بارزانیو مەکتەبی سیاسیی پارتی. هێندەی مەودا نەبوو، مەکتەبی سیاسی، کەوتە بەر هێرشی پێشمەرگەکانی بارزانی. لەو شەڕەدا، مەکتەبی سیاسی تێشکاو ئاوای ئەو دیوی سنوور بوو، خۆیان ڕادەستی حکوومەتی ئێران کرد. کادرو پێشمەرگەکانی کۆمیتەی ساخکەرەوش ناچار بوون شوێنی خۆیان بەجێ بێڵنو ئاوای دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنەوە. بەو نیازە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەست بکەن بە خەباتی سیاسیو دامەزراندنی تەشکیلات. ئیتر دوای ماوەیەک، بە هەر نێوێک، لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تووشی قەیرانو لێکدابران هاتن... ناچار هەموویان گەڕانەوە نێو شۆڕش، بارزانی سزای نەدانو هیچی پێ نەگوتن. چوون لە شاری ڕانیە نیشتەجێ بوون. سەرۆک بارزانی، مەلا عەولای بارزانیی کردە بەرپرسیان کە، کرێخانوو و بژیو و خەرجی

پێداویستیی ژیانیان بۆ دابین بکات... لە سەرجەم کۆمیتەی ساخکەرەوە تەنیا ٣ کەسیان لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مانەوە کە، بریتی بوون لە؛

١- شەهید مەلا ئاوارە

٢- کاک سەعید کوێستانی

٣- شەهید قادرشەریف. ئەو سێ کەسە وێڕای ئەوەی لە ناوچەی بانەو سەردەشتو... خەریکی کاری سیاسیو تەشکیلاتی بوون، گوندی ورچەکیان کردبوو بەناوەندی خۆیان زۆرتر لەو گوندە دەمانەوە. هەتا دوای گۆنگرەی 2ی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەو نێوە بوون...! دواتر باسیان دەکەینەوە.

**هێرشێکی دیکەی ساواک بۆ سەر ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لە سەرەتای ساڵی ١٣٤٣.**

سەرەتای بەهاری ١٣٤٣، پۆلیسی ئێران، ساواک، هێرشێکی پانو بەرینی کردە سەر ئەندامو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. جەماعەتێکی زۆر دەسبەسەر کرانو ڕاگوێزران بۆ تاران. جەماعەتێکی زۆریش کە دەگیر پۆلیس نەکەوتبوون، ئاوای دیوی گەرمێن بوون. لە بنکەکانی حیزب، وەک: سوونێ، سەنگەرسەر، جێگیر ببوون. ئیدی ئەو جەماعەتە زۆرە، ببوو بە بارێکی گران، بەتایبەت بۆ خودی کاک ئەحمەد تۆفیق کە، خۆی بە بەرپرسی یەکەمی ئەودەمی حیزب دەزانی. دەبوو، بەجۆرێک بیانحاوێنێتەوەو پێویستییەکانیان بەلانیکەمەوە دابین بکا. لە ڕاستیدا، جگە لە کاک ئەحمەدو کاک سولەیمانی موعینی، کەسی تریش نەبوو کە، وەڵامدەری پێداویستیی ئەو هەموو میوانە بێ! هەرچەند سەرۆک بارزانی بە گوێرەی دەسەڵاتی مادیی خۆی، لەو سەردەمەدا، یارمەتی دەدان. بەڵام دیسان، گرێ پووچکەیەک بوو کە، کردنەوەی هەروا هاسان نەبوو. کاک ئەحمەد، هانی زۆر کەسانیدا بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران گوایە حکوومەت هیچیان پێ ناڵێ! بەتایبەتی ئەوانەی خاوەنی ژنو منداڵ بوونو تەمەنیان دەنێوەوە چوو بوو. بەشی هەرە زۆریان گەرانەوە. تەنیا چەند کەسێک مانەوە، ئەوانیش، کاک ئەحمەد تۆفیق، بە حیساب گێڕابوونیەوە...

جێگای وەبیرهێنانەوەیە: لەنێو پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چەندکەس خوێندکاری حیزبی هەبوون کە روویان کردبووە نێو شۆڕشی کوردستانی گەرمێن. ئەوانە لەپێشدا هاتبوونە سەنگەسەرو ماوەیەک لە بنکەی حیزب مانەوە. دوایی لە سەنگەسەر چوونە قەڵادزە لەوێ ماڵیان گرت. لەڕاستیدا بنکەی پێشمەرگەکان، بۆ ئەوان شوێنێکی شیاوو ئاسایی نەبوو، لە بواری بیرو بۆچوونیش دەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق، مەودایان لێک نزێک نەبوو. لەنێو ئەو کەسانەدا، دەتوانم کاک حەمەدەمینی سیراجی، شەهید سمایلی شەریفزادە، کاک سالاری حەیدەری ناو بەرم. ئەوانە، دوایی دەگەڵ خێڵی نارازییانو ئۆپۆزیسیۆن کەوتن. دواتر بەنیازی خوێندنو چوونەئورووپا سەفەری بەغدایان کرد کە دواتر لە جێی خۆیدا باسیان دەکەین...



سەرچاوە
Serchawe

لە ئاخری بەهاری ١٩٦٤،(١٣٤٣)ی هەتاوی بەو لاوە، هاتوچۆی کاک ئەحمەد تۆفیق، بۆ لای مەلا مستەفا، ڕەوانی پێشووی خۆی لەدەست دابوو. کاک ئەحمەد لە سەفەرێکدا کە بۆ بەغدای کرد، بوو بەدەنگۆ: ئەحمەد تۆفیق، لە لایەن پۆلیسی ئەمنییەتی بەغداوە، دەسگیر کراوە؟ دوای ماوەیەک کاک ئەحمەد گەڕایەوە. گوتی: لە زیندانی (امن عام) بەلاباجەی حەمامدا، هاتۆتە دەرو ڕای کردووە...! کەسانیش هەبوون دەیانگوت: ئەحمەد تۆفیق، پێوەندیی بە پۆلیسی عێراقەوە گرتوە، بارزانی پێی زانیوەتەوەو زۆری لێ قەڵسە...؟ ئیتر لەوە بەدواوە، کاک ئەحمەد وەک ڕابردوو، هاتوچۆی لای مەلا مستەفای، نەما. بەڵام بارزانی خۆی ڕاستەوخۆ، دەگەڵ حکوومەتی ئێران پێوەندیی بەر قەرار کردبوو، وەک دەیانگوت: ئێرانییەکان، دەوری مەلا مستەفایان تەنیبوو...!

پێڕاگەیشتن بەو خەڵکە، لە باری سیاسیو ئابوورییەوەو سەروبەر کردنیان کارێکی هاسان نەبوو. کاک ئەحمەد تەجروبەی دابڕانو قەیرانەکانی ڕابردووشی لەبەرچاو بوو! ئیتر بەڕێوەبردنی ئەو کۆمەڵە خەڵکە لەبواری بژیوی ژیانیان لەلایەکو زۆر گیرو گرفتی سیاسی ناوخۆییش هەبوون کە هێشتا بە چارەسەرنەکراوی مابوونەوە... ڕۆیشتنی کەسایەتیی وەک: دوکتور ڕەحمانی قاسملوو، ئەو کۆمەڵە کادرەی حیزبی کە پێشتر لەبارەیاندا، دواین. سێبەری هەڵوێستی سیاسیی ئەوانەی بۆ داهاتووی خۆی،

لەبەرچاو بوو و بە گرفتی دەزانین! هەروەها گرفتی نەبوونی بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی حیزبیش ببوو بە جێگای موناقەشەو باسی زۆربەی ئەندامە وریاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان...

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمەدا چیدی بە زەبروزەنگ بەڕێوە نەدەچوو! ئەو جار، ئیدارە کردنی حیزبێکی سیاسی لە توانای کەسێکو چەند کەسدا نەبوو. حیزب پێویستیی بە ڕاهێنانی کادرو پێوەندیکردن بە کۆمەڵانی هەراوی کۆمەڵگاوە هەبوو. کاک ئەحمەد هەرچەند هەتا ئەودەم خۆی، لە سیستمی حیزبێکی دێموکراتی گەشەکردوودا، تەجروبە نەکردبوو؛ بەڵام بە خوێندنەوەو سەفەر بۆ وڵاتانی دەرەوە، لە شێوەی ڕێبەرایەتیی ئەو جۆرە حیزبانە، ئەوەندەش بێ ئاگا نەبوو!

بەو ئاکامە گەیشتبوو، کە ئەو قەیرانو گرفتانە، بەگرتنی کۆنگرەیەکی حیزبی چارەسەر بکات، و دژبەرەکانی خۆی، وەک تاوانبارو خایین بناسێنێو کۆنگرەش بۆی تەئیید بکات، و ڕێبەرایەتییەکیش کە، دەگەڵ مەیل و مەرامی خۆی تەبا بێتەوە هەڵبژێرێ...!

لە کۆبوونەوەیەکی بەهاری ئەو ساڵەدا(١٣٤٣)هەتاوی، دەگەڵ چەند کەس لە کادرەکانی جێگای متمانەی خۆی، لە سەنگەسەر کۆبوونەوە، بەشێوەیەکی نهێنی بڕیاریان دا کە لەو ساڵەدا، کۆنگرەی ٢ بگیرێ. ئەو کادرانەی لەو کۆبوونەوەیەدا هاوبەش بوون، بریتی بوون لە کاک سولەیمانی موعینی، کاک نەحۆی پاشایی، مەلا قادر لاچینی، مەلا



سەرچاوە Serchawe

سمایلی فەقێیەسی، سەید تاهیری ئیمامی، عەبدوڵڵای موعینی، عەبدوڵڵای مەلا عوسمانی، مرادڕەسوڵی لەیلانی، ڕەئووف مەلا حەسەن، مەلا سەید ڕەشیدی حوسێنیو مەلا کەریمی ساردەکۆسانی، و چەند کەسی دیکە... ناوی هەموویانم لە بیر نەماوە. ئیدی  بە کۆبوونەوەی ئەو کۆمەڵە خەڵکە، بڕیاری گرتنی کۆنگرە درا بوو.

دوای ئەو کۆبوونەوەیە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لە ئاخری مانگی ڕەزبەری ئەو ساڵەدا، کاک سولەیمانی موعینی، دەگەڵ چەند کەس لە کادرو پێشمەرگەکان بەرەو ناوچەکانی سەردەشتو موکریان گەڕایەوە نێوخۆی وڵات. هەروەها دەستەیەک کادرو پێشمەرگە بەرەو ناوچەکانی شنۆ، لاجان، سندووسو شاروێران، ڕۆیشتن. شەهید کاک نحۆی پاشاییو مەلاسمایلی فەقێیەسی، بەرەو ناوچەکانی سەڵماسو ماکۆ... ئەوانە گشتیان بۆ لێگێڕانەوەی نوێنەرانی کۆنگرەی حیزب، گەڕابوونەوە ناوچە جۆربە جۆرەکان...

کۆمیتەی تەداروکاتی کۆنگرە، کاتو ڕۆژی گرتنی کۆنگرەی ۲ ی بۆ مانگی سەرماوەزی ۱۳۴۳ی هەتاوی، دیاری کردبوو. کاک ئەحمەد، چادرو پارەی هەزینەی کۆنگرەی لە مەلا مستەفا وەرگرتبوو. ئەو دەم مەلا مستەفا، هەر چەند خۆی زۆری بڕوا بە حیزبو شتی وا نەبوو، بەڵام لە باری سیاسیەوە هێشتا پێویستیی بە هێزی دژی مەکتەبی سیاسیی کۆنی ماموستا برایم ئەحمەد، هەبوو. کاک ئەحمەدیش بۆ ئەو کارە بۆ دەرکردنی ئیعلامیەو بەیاننامە دژی مەکتەبی سیاسیی کۆن، سەری پێوە نەبوو! (یەکەم خاڵی بڕیارەکانی کۆنگرەی ۲ بە خایین ناسینی دەفتەری سیاسیو کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بوو.)

## کۆنگرەی ۲

لە ئاخر مانگی پاییزی ۱۳۴۳دا، لە بەرزاییەکی داوێنی چیای مامەندە، دوور لە ئاوایی سوونێ، چادر بۆ میوانداری لە میوانەکانی کۆنگرەی ۲ هەڵدرابوون. ئیدی هەتا ڕۆژی بیستو یەکی مانگی سەرماوەز، هەموو نوێنەرانی کۆنگرە گەیشتبوونە سوونێ. دوو کەس بەهۆی کرێوەو سەرما، نەیانتوانیبوو هاوبەشیی کۆنگرە بکەن. ئەوانەش کاک سەید ڕەسووڵی بابی گەورەو مام حەبیب قەرەگوێزی (وەرزێر) بوون. بەهۆی بەفرو کرێوە، نەیانتوانیبوو، نێوان کونەمشکێو دۆڵەتوێ - دەشتی وەزنێ ببڕن! ئیدی، لە ڕۆژی ۲۱ی مانگی سەرماوەزی ۱۳۴۳دا، بە تەقەی ۲۱ گوللەی ڕەشاشی "کەریم ڕەشاش"، بە دەستووری کاک ئەحمەد تۆفیق، چیاو بەندەنەکانی کوردستان دەنگیان دایەوە، بە وتەی شەهید کاک سولەیمانی موعینی:  " ئەوە پەیامێک بوو بۆ قوڵێ" (بۆ حەمەڕەزاشاو دامودەزگاکەی) کە، ئەوە تەقەی گوللەی ڕێبوارانی ڕێبازی قازی محەممەدی نەمرە!...

جگە لە ڕۆژو شەوێک، کۆنگرە نەیتوانی لەو بەندەنە درێژە بەکارەکانی خۆی بدا. بە هۆی کرێوەو باسریشک، ناچار بووین بگەڕێینەوە بۆ مزگەوتی سوونێ. کۆنگرە چوار، یان پێنج ڕۆژی خایاند. زۆرترین کاتی کۆنگرە، بۆ



سەرچاوە
Serchawe

باسەکانی کاک ئەحمەد تۆفیق، بە نێوی "ڕاپۆرتی سکرتێری ح. د. ک بۆ کۆنگرەی٢" تەرخان کرابوو. کۆنگرەی ٢، بێهەڵوێستترینو بێ ڕەخنەترین کۆنگرەی حیزب بووە، لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا. نوێنەرانی کۆنگرە زۆرتر لە کەسانی نەخوێندەوارو کەمخوێندەواری، پێکهاتبوون. تەنانەت لە بواری کادری ڕێبەریشدا، زۆر لاوازو کەمتوانا بوو. جگە لە کاک ئەحمەدو کاک سولەیمانی موعینی، لە کەسایەتییە خاوەن ئەزمەکان تەنیا، سەدیقی ئەنجیری حوزووری هەبوو! ئەوانی تر زۆربەیان، یان لە زینداندا بوون، یان ئامادە نەبوون هاوبەشیی کۆنگرە بکەن! نە هاوکاریی هەڵبژێردراوانی کۆنگرەی ٢، دواییش هەرگیز، بەکردەوە، لە هیچ شوێنێک نەرەنگدانەوەی هەبوو نە خێریان بۆ حیزب دایەوە!

کاک ئەحمەد تۆفیق، لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ کۆنگرەی ٢، ڕیبەرایەتیی کابینەی حکوومەتی کۆماری کوردستانی دایە بەر تەشەرو بەبێ کیفایەتی نێو بردن، تەنانەت نرخی پێشمەرگەیەکی بارزانییشی پێ ڕەوا نەدیتن؟ ئەو کەسانەی بەیاننامەی ڕاپۆرتی گونگرەی ٢ یان چاو پێ کەوتبێ و خوێندبێتیانەوە، و لە بیریان مابێ؟ ئەوەی باش دەزانن! جگە لەوانەش لە کۆنگرەدا، زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر هێندێ لە کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەک: زیندوویادان، کاک عەزیزی یوسفی، شەهید عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو غەنی بلووریان، کەریمی خامچی، جەلیلی گادانی، یووسفی ئەنوەری، یووسفی ڕیزوانی، هاشمی حوسینزادە، هاشمی جەلالی، هاشمی ئەقەللوتتوللاب. سەعید کویستانی،و زۆرێک لەوانەی کە جیابیری بوون. هێندێک کەسی لەو کادرانە، بەلادەرو خایین ناو بردنو ئیعلامیەی لەسەر دەرکردن...!

کاک ئەحمەدتۆفیق، زۆر سوور بوو لەسەر دەرکردنی، ڕەحمانی قاسملوو (عەبباسی ئەنوەری) و ئەسعەدی خودایاری. دەیویست وەک خاینو هاوکاری ساواکیان بناسێنێو کۆنگرە دەنگ بەدەرکردنیان بدا. دیارە بەداخەوە، ئەو داوایەشی بەجێ گەیشت، بەشی زۆری نوێنەرانی کۆنگرە، ڕەئیی پێویستیان بە دەرکردنی ئەو دوو کادرە دا. زۆربەی نوێنەرانی کۆنگرە، بەلایانەوە گوناح بوو دڵی کاک ئەحمەد بشکێ؟

لەسەر کەسانی وەک: کاک غەنی بلووریان، کاک عەزیزی یوسفی، هێندێ کەس وەجواب هاتن. ئەوانە لەو کەسانە بوون کە، پێشتر لە زیندانی قەسردا دەگەڵیان ژیابوون، وەک: کاک سەدیقی ئەنجیری، مامۆستا مەلاکەریمی ساردەکۆسانی، مەلا ئەفەندی،و... ئەوانە بوونە بەرهەڵست، کاک ئەحمەدیش پاشەکشەی کرد. دواتر بە پێچەوانەی مەیلو ویستی کاک ئەحمەد، ئەمر کاک عەزیزی یوسفیو کاک غەنی بلووریان، بوون بە ئەندامی ئیفتخاریی کۆمیتەی ناوەندی دەگەڵ دوکتورعەلیی مەولەوی، ئەو سێ کەسە، بەئەندامی ئیفتیخاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران!

جیا لەوانە، لە سەر ئەندامانی کۆمیتەی ساختەرەوەش وەک: مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی، قادرشەریف، سەعید کوێستانی، زۆر مکوڕ بوو کە، دەبێ کۆنگرە بەخایینیان بناسێ. هەروەها لەسەر کاک سەلاحی موهتەدیو عومەر سادق



سەرچاوە
Serchawe

نگلیش، هێرشەکەی نەرمتر نەبوو!

دواتر لیستی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بڵاو کرایەوە کە، بریتی بوون لە ١٥ کەس هەر پازدەش رەئیان هێنایەوەو بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. چونکە هەر ئەو پازدە کەسە دەستنیشان کرابوون، رکەبەریان نەبوو، یەک دەنگیشیان هێنابایەوە هەر دەبوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی؟ (پێویستە ئەوەش بگوترێ کە نوێنەرانی کۆنگرە، ئەوەندە گوناح بوون هیچیان لە سیاسەت نەدەزانی، یان لە ترسی کاک ئەحمەد، نەیان دەویرا قسە بکەن!)

**ناوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەو جۆرە بوو:**

١- سەید عەبدوڵڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق).
٢- سولەیمانی موعینی (فایق ئەمین).
٣-. مەلا رەحیمی وردی ( میرزائەحمەد).
٤- نحۆپاشایی (باپیر).
٥- مەلاسەید رەشیدی حوسێنی.
٦- سەدیقی ئەنجیری ئازەر، لە کۆی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، ئەو شەش کەسەی دوایی بوون کە، دەبوو حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵسوورێنن؟
٧- کاک صارم‌الدین صادق وزیری.
٨- سەید کامیلی ئیمامی (ئاوات).
٩- رەحیمی جەوانمەردی قازی.
١٠- دوکتور عەلی مەولەوی.
١١- حەبیب قەرەگویزی - وەرزیر.
١٢- عەزیزی یووسفی
١٣- غەنیی بلووریان
١٤- ئەمیری قازی
١٥- مامۆستا هەژاری موکریانی!

(کاتێک بە مامۆستا هەژاریان گوتبوو، بۆ ک. ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردراوی گوتبووی: خۆ ئەمن کوردی ئێران نیم!). ئیدی جگە لەو شەش کەسەی لە سەرەوە ناویان براوە، کەس بەرپرسایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی وەرنەگرت! لەوانەیە لە سەر ناوی کاک ئەمیری قازی پرسیار بێتە گۆڕێ؟



سەرچاوە Serchawe

کۆنگرەی ٢ لە پەنجاوسێ، یان پەنجاو چوار نوێنەر پێکهاتبوو. ناوی نوێنەرانی کۆنگرەی ٢ لە کتێبی -"لاپەرەیەک لە تێکۆشانە..." نووسراون.

کاک ئەمیری قازی، باسی تایبەتیی خۆی هەیە! ناوبراو لە هاوینی ١٣٤٣دا، لە ڕێگای بەغداوە، کاک ئەحمەد تۆفیق،

ناردبووی بۆ دەرەوەی وڵات لەوێ بخوێنێ، بەرپرسی حیزبی دێموکراتیش بێ. لە کۆنگرەدا، بە نوێنەرانی کۆنگرەی ناساندو زۆریشی تاریف کرد! ناوبراو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. دوای کۆنگرە، بەهار هات. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو دەم لە گوندی دێلۆ بوون کە، هەواڵی گەڕانەوەی کاک ئەمیر هات؟ ئەو دەم نووسەری ئەم دێڕانە، لە گوندی شێنێ کێشکچیی بەندیخانەی  شۆڕشی کوردستان بوو.

کاک ئەمیر، لە ڕێگای ئێرانەوە گەڕابۆوە! کاک ئەحمەد تۆفیق، دەیگوت: ئەمن ئەتۆم ناردبوو بۆ ئورووپا، لەوێ بخوێنیو بەرپرسی حیزبیش بی. ئێستا کە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی، بە ئێرانیشدا هاتوویەوە، دەبێ ڕاپۆرتی گەڕانەوەی خۆت بنووسی...! کاک ئەمیریش دەیگوت: ئەمن نە خۆم بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژاردووە نە ڕاپۆرتیش بۆ ئێوە دەنووسم!... بە داوای لێبوردن لە خوێنەر نامەوێ لەوە زۆرتر لێرەدا، لە سەر کاک ئەمیر، بنووسم!

ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆمیتەی ناوەندی کە پاشملە کۆنگرە دەنگی پێ دابوون، هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان چاویان بە ئەندامو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەکەوت. جگە لە زیندوو یاد، سەید کامیلی ئیمامی، پیاو هەق بڵێ ئەو، مرۆڤە هەست ناسک و نازەنینو شەریفە، ماڵەکەی لە قاقڵاوا بوو، زۆر جار پێشمەرگەکان دەچوونە زیارەتی. مرۆڤ هەق بێژێ، سۆزێکی لە ڕادە بەدەری بۆ نەتەوەکەی و پێشمەرگەکانی ح

د ک هەبوو، ڕووحی شاد بێ!

لە کۆنگرەی ٢ دا، جگە لە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی، ئۆرگانێکی دیکەش بە نێوی کۆمیتەی چاوەدێریی بەرز، هەڵبژێردرا کە، ئەندامەکانی ١١ کەس بوون. ئەندامانی کۆمیتەی چاوەدێرییش هەروەک کۆمیتەی ناوەندی کەسێک لە خۆیان زیاتر  نەبوو کە بیبێتە رکەبەریان؟ دەنگی خۆیان بەس بوو، بۆ ئەندامی ئەو کۆمیتەیە!

**ئەوانەش ناوەکانیان بەو جۆرەیە کە لە خوارەوە نووسراون!**

**١- شەهیدی جوانەمەرگ، عەبدوڵڵای موعینی.**
**٢- خوالێخۆشبوو، کاک ڕەئووف مەلاحەسەن.**



سەرچاوە
Serchawe

٣- خوالێخۆشبوو، ڕەشیدی فەللاحی (ڕەشەی قاچاخچی).

٤- خوالێخۆشبوو مەلا قادری لاچینی.

٥- زیندوویاد مەلا کەریمی ساردەکۆسانی.

٦- خوالێخۆشبوو، سەید تاهیری ئیمامی.

٧- شەهید سەید رەسوڵی دێهقان (بابی گەورە)

٨- گۆڕغەریبی خوالێخۆشبوو، مامۆستا مەلا نەجمەددینی کەوکەبی‌شاد

٩- مستەفای ئیسحاقی (قولە)

١٠- خوالێخۆشبوو دوکتور عەبدوڵڵای مەولەوی.

١١- زیندوو یاد، مەلا سەید حاجی کەڵەوێ.

**سێ کەس. لە ئەندامانی ک. چاوەدێریی بەرز وەک:**

١- کاک مستەفای ئیسحاقی.

٢- زیندوویاد دوکتور عەبدوڵڵای مەولەوی.

٣- مامۆستا، مەلا نەجمەددینی کەوکەبی‌شاد، ئەوانە لە نێوخۆی وڵات بوون.

زیندوو یادی گۆڕغەریب، مامۆستا مەلا نەجمەددین، نوێنەری کۆنگرە بوو، هەروەها ئەندامێکی چالاکی حیزب بوو. ساڵی ١٣٤٧ لەلایەن ساواکەوە دەسبەسەر کرا، دوای شکەنجەیەکی زۆر، حوکمی ئەبەدیان بەسەردا سەپاندو هەتا رووخانی حکوومەتی شا، لەزینداندا بوو. دوای ئازادبوونیشی لە زیندان، دیسان وەک کەسایەتی‌یەکی خاوەن هەستو بڕوا سەبارەت بەمافی ڕەوای نەتەوەکەی، کۆڵی نەدا، وازی لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەهێنا. ئەوجارە، کەوتە بەر هێرشو هەڕەشەی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ناچار بوو زێدی خۆی بەجێ بێڵێ، دەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، وەبەندەنێ کەوێ. و دوا جار پەرێوەی هەنداران بێ. ناوبراو، بە پیریی دوور لە نیشتیمانی خۆی لە وڵاتی نۆڕوێژ سەری نایەوەو گۆڕغەریب بوو. ئاواتی ڕزگاریی نیشتمان و نەتەوەکەی بردە ژێر گڵ، یادی ئەو گەورەمرۆڤەی لە دڵدا زیندووە، هەر بەرزو بەرێز بێ!

دوای هەڵبژاردنی ئەو دوو کۆمیتەیە، هەیئەتێک، بە نێوی هەیئەتی لێبووردنو لێگێڕانەوە (حوسنی نییەت)، لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیو نوێنەرانی کۆنگرەی ٢ دیاری کرا کە، لە ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە بگێڕێتەوە، بگەڕێنەوە بۆ نێو ئۆرگانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەوە ئیبتیکاری کاک سەدیقی ئەنجیری بوو، نوێنەرانی کۆنگرەش بە زۆرینەی ٧٠% رەئی‌یان پێدا... ئیدی ئەوە، لە قەباحەتەکانی ڕۆژگاری ژیانی کاک ئەحمەد تۆفیق بوو! ناوبراوو مەلا

سەید ڕەشید، بە جیددی لە بەرامبەر ئەو نەزەرەدا ڕاوەستابوون... تەنانەت کاک ئەحمەد ئەوەی بە پێچەوانەی یاسای حیزب دەزانیو هەتا سنووری تاوانی نێو برد!...

لە ئەندامانی چاوەدێری، تەنیا کاک ڕەئووف مەلاحەسەن، دەگەڵ بۆچوونو نەزەری کاک ئەحمەد تەبایی هەبوو. ئەوانی دیکە لایەنگری ئاشتیو گەڕانەوەی کادرو پێشمەرگەکانی کۆمیتەی ساخکەرەوە بوون. بەشی زۆریشیان بۆ هەیئەتەکەو لێگێڕانەوەیان هەڵبژێردرابوون. جگە لە کاک ڕەشەی فەللاحیو مەلا سەید حاجی و عەبدوڵڵای موعینی ناوی ئەوانی دیکەم بە دروستی لە بیر نەماوە!

کاک ئەحمەد زۆر بەجیددی دژی بڕیاری گەڕانەوەی کۆمیتەی ساخکەرەوە بوو، بە هیچ جۆر ئامادە نەبوو بچێتە ژێرباری گەڕانەوەی ئەو جەماعەتە! ناوبراو مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی، قادر شەریف، سەعید کویستانی وەک خایین بەحیزبو سەرۆک بارزانی، ناو بردبوون، بەڵام هێشتا نەخرابوونە دەنگدانەوەو پێویستیی بە زۆرینەی دەنگ هەبوو! لە مەر مەلا ئاوارە، دەیگوت: "مەلا ئەحمەدی شەڵماشی، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیە، ئەو ئەندامی پارتییە ئەویش دەگەڵ جەماعەتی خایینی برایم ئەحمەد، دەرکراوی سەرۆک بارزانیە...!

ئیتر لێرەوە گەرای ناکۆکیو بناخەی دابڕانێکی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوای کۆنگرەی ٢ شکڵ دەگرێ. کۆمیتەی ساخکەرەوە، لەوانە کاک مەلاحەسەنی ڕەستگار، کاک مەلاڕەسووڵی پێشنەماز، کادرەکانی وەک شەهید سەید فەتاحی نیزامی، شەهید خەلیل شەوباش، خوالێخۆشبوو، قادری قازی (مامەند) دوو

پێشمەرگەشیان دەگەڵ مابوون بە ناوەکانی قادرو شەریف، هەموویان گەڕانەوە بۆ بنکەی سوونێ کە ئەو دەم بنکەی سەرەکیی حیزب بوو...

دوای کۆنگرەی ٢، ک. ناوەندیی حیزب کۆبوونەوەکانی خۆی لە گوندی دێلۆی نزیک قەڵادزێ دەگرت، هەر لەو گوندەش دەمانەوە. لە سەرەتای بەهارەوە هەتا مانگی پووشپەڕی ١٣٤٤، لەو گوندە چەند کۆبوونەوەیان کرد، بەڵام نەگەیشتنە ڕێکەوتنێکی تەباو ڕەبا؟ ناکۆکیەکانیان دەگەڵ کاک ئەحمەد، تۆفیق، قووڵترو توندتر دەبوو. مەلا سەید ڕەشیدی حوسێنی، کە وەزعەکەی بەو جۆرە دی کۆبوونەوەی بەجێ هێشت، هاتەوە گوندی سوونێ. دواتر چووە لای پێشمەرگەکانی گوندی سیدەڵان کە لەژێر فەرماندەیی حەسۆ میرخاندا بوون. دوای ئەوە کە، مەلا سەید ڕەشید کۆبوونەی "دێلۆ"ی بەجێ هێشت، سەر بەخۆ بوو، هەر شوێنێک خۆی حەزی لێبا لەوێ دەماوە، جێگای ڕێزی پێشمەرگەکانیش بوو. لە ئاکامدا، ک. ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی٢، لە سەر ٤ کەس ساخ ببۆوە کە هەرچواریان هەتا ماڵئاوایی لە ژیانو کوردو کوردستان، بەتەبایی مانەوە رووحیان شاد. ئەو چوار کەسەش بریتی بوون لە، کاک سەدیقی ئەنجیری، کاک سولەیمانی موعینی، مامۆستا مەلا ڕەحیمی ویردی، کاک نحۆی پاشایی!

لێرەدا پێویستە بگوترێ کاک ئەحمەد تۆفیقو مەلا سەید ڕەشید هاودەنگو هاوڕەئی بوون. بەڵام موخالەفەتی کاک ئەمیر لە بواری سیاسی دەگەڵ هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بوو!

کۆبوونەوەکانی گوندی"دێڵۆ" بە ناڕەزایەتی کاک ئەحمەد تۆفیق، دوایی بە کارەکانی خۆی هێنا. ئاسایی بوو کە، کادرو ئەندامەکانی دەرەوەی ڕێبەرایەتی، بە شێوەیەک ئاگادار بکرێنەوە!

کاک ئەحمەد بە ئیستیعفانامە دەست لەکار کێشانەوەی خۆی، بە نووسراو، بەهەموو بنکەو بەرپرسو پێشمەرگەکانی حیزبی ڕاگەیاند! کاک ئەحمەد تۆفیق، بۆ هەر بنکەیەک ئیستیعفانامەیەکی نارد. ئیستیعفانامەکانی بەهۆی نووسەری ئەو چەند دێرانە، بۆ بنکەکان، ناردبوو! ئەو بنکانەی کە ئیستیعفانامەکەی بۆ ناردن، بریتی بوون لە، پێنجوێن، شێنێ، سوونێ، باڵەکایەتی – سیدەڵان - سیدەکان. ئیستیعفانامەو دەستلەکارکێشانەوەی خۆی، لە بەرپرسایەتیی حیزبی، بۆ مەلا مستەفاش نارد. ئیدی بەکێدا ناردی ؟ ئەو کاناڵی پێوەندیی دەگەڵ مەلا مستەفا هەبوو....

کۆمیتەی ناوەندی، ئیستیعفانامەو دەست لە کار کێشانەوەکەی کاک ئەحمەد تۆفیقی قبووڵ نەکرد، پێیان گوتبوو، هەتا کۆنگرەی داهاتوو، ئەتۆ نابێ دەست لە کار بکێشییەوە! ناوبراو، کاتێ زانی ئیستیعفانامەکەی قبووڵ ناکەن، ئەو جارە، داوای سێ مانگ ئیجازەی وچانی کرد. ئەو داوایەیان لێ قبووڵ کرد.

مانگی پووشپەری ١٣٤٤بوو، کاک ئەحمەد بەبیانووی وچان، خۆی ئامادە کرد بچێتە قەندیل. چەند پێشمەرگەیەکی وەک برازاکەی خۆی حەسەن، خوارزاکانی غەفور، یەکی دیکەش وا بزانم خۆی بە کاروخ ناساند بوو؟ دەگەڵ محەممەد حەرەسو سمایل بایز، چادرو پێداویستیی خۆیان لە هێستر بار کردو ڕۆیشتن بەرەو قەندیل.

ئەوە یەکەمین سەفەری بێگەڕانەوەی کاک ئەحمەد تۆفیق بوو کە، هەرگیز نەگەڕایەوە لای هاوڕێکانیو تەنانەت قسەیەکی دۆستانەشی دەگەڵ نەکردن جگە لەو یەک، دوو جارەی کە، لە باڵەکایەتی دەگەڵ سەدیق چاویان پێک کەوتبوو، یان بە هەڵکەوت تووشی یەکتر هاتبوون، بەداخەوە، ئەویش بە قسەبەشەڕدانو هەڕەشەی کاک ئەحمەد کۆتایی هاتبوو!

کاک ئەحمەد هەر بە گەیشتنەقەندیل پێوەندیی توندو تۆڵی خۆی دەگەڵ ئەندامانی دەشتی لاجانو پیرانان، بەرقەرار کرد. بە دوای مامۆستا مەلاسەید ڕەشیدیدا نارد بێتە لای. هەر وەها بە دوای کاک سەید ڕەسووڵی بابی گەورەش دا دەنێرێ بێت بۆ قەندیل... دواتر بەدوای چەند کەسێکیش لە دیوی ئێران دا دەنێرێ کە، بێن بۆ گوندی شێخان، و لەوێ کلاسی کادریان بۆپێک دێنێ! بەڵام بەداخەوە ئەو کەسانەی لە ئێرانەوە هاتبوون کە گەڕانەوە بۆ دیوی ئێران، دوای ماوەیەک لەلایەن ساواکەوە دەسگیر کران، و هەر یەکەی چەند ساڵێک لە زیندانی شای ئێراندا مانەوە!...



سەرچاوە Serchawe

ئیتر دابڕانێکی بێ ڕاگەیاندنو ئیعلامیەی حیزبی، بە بیانووی وچان، بەکردەوە هاتە دی! کاک ئەحمەد تۆفیق، راشکاوانە، (دژی هاوڕێکانی پروپاگەندەی دەکردو تەپلی دژایەتیو تۆمەتی بۆ لێدەدان!)، ناوبراو ئەمجارەش بەشێوەی پێشووی، دەستی کرد بە چالاکی. بەداخەوە دواتر هاوڕێکانی هەر یەکەی بە نێوێک تاوانبار کرد.. !؟

کاک ئەحمەد تۆفیق، کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی هەبوو کە لە ناوچەی باڵەک لای مەلا ئەمینی بارزانی لە دۆڵی ئاکۆیان لە جەبهەی رواندزێ، جێگیری کردبوون. ژمارەیان دەگەیشتە ١٢ کەس یان زۆرتر نازانم؟ بەڵام کادرە هەڵسوڕاوەکانی تەشکیلاتی ناوبراو، بریتی بوون:

١- مام سوارە سەکر، لە پیرانشار.
٢- عەوڵای مەلاعوسمانی.
٣- مرادرەسوڵی عەلی لەیلانی.
٤- مەلاسەید ڕەحمانی دێلزێ

کە، دواتر لە بنکەی شێخان ئەما چوو بۆ چاپخانەی شۆرش، لای مامۆستا هەژار، دەگەڵ چەند برادەرێکی عارەبو کورد هەتا نسکۆی شۆرش، لە چاپخانەی کاری کرد. عەوڵای مام سەعیدیو مام حەسەن حەوتەوانەش کە دوو ئەندامی هەڵسووڕاوی تەمەن دەنێوەچووی حیزبی بوونو جێگای ڕێزو حورمەتی هەموو کادرو پێشمەرگەکان بوون، بە تایبەت مام عەوڵا کەسایەتییەکی بە جورئەتو قسەلەڕوو بوو، جێگای تایبەتی خۆی هەبوو یادی بەخێر، ئەوانەش لە بنکەی شێخان دەمانەوە. دەبێ ئەوەش بگوترێ، لە ناوچە قەڵادزێش، جەماعەتێکی دیکەی پێشمەرگە هەبوون کە، کاک ئەحمەد، لەلای حەسۆ میرخان، حاواندبوونیەوە، بنکەیان لە گوندی سیدەلانی مەنگوڕایەتی بوو. بەڵام پێشمەرگەکانی سیدەڵان، هەموویان دەگەڵ بۆچوونو کرداری ئەحمەد هاوڕا نەبوون، بەشی هەرە زۆریان دەگەڵ زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی کەوتنو تەنانەت، دەگەڵ جووڵانەوەی بەرگریی ساڵی ٤٦- ٤٧ی کادرو پێشمەرگەکان کەوتن. ئەگەر دەرفەت هەبێ، زۆرترو ڕوونتر لە بارەیان دەدوێم.

بەو بەسەرهاتو ڕووداوانەی لەوە پێش باسیان لێوە کرا، بێ ڕاگەیاندنو بڕیاری کۆنفرانسو پلینۆم، حیزبی دێموکراتی کوردستان، ببوو بە دووبەشی جیاوازی دژ بەیەک: کاک ئەحمەدو مەلا سەید ڕەشید، لە شێخان، و چوار کەسەکەی دیکەی هەر یەکەی لەو شوێنە کە بۆیان دیاری کرابوو، خەریکی کاری سیاسیو ڕێکخستنی تەشکیلاتی حیزبی بوون. بەکردەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان ببوو بە دوو قۆڵ، جا چ نێوێکیان لێدەنێن خۆتان سەرپشکن! ئەگەر ماوە هەبێ زۆرتریان لە بارەوە دەدوێین...

---------

زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٢، لە سەر بڕیارێک کە خۆیان دابوویان، بۆ بووژاندنەوەو کاراکردنی شانەو کۆمیتە ناوچەکان، دەبوو دەگەڵ کادرەکانی تەشکیلاتی، بگەڕێنەوە بۆ نێوخۆی وڵات، بۆ ماوەی سێ مانگ. لەوێ چاویان لەسەر کاری تەشکیلاتی بێ‌و ئەوەی بۆیان دیاری کراوە ئەنجامی بدەن‌و دوای سێ مانگ، بگەڕێنەوە بۆ دیوی کوردستانی گەرمێن‌و ڕاپۆرتی کاری خۆیان بدەنەوە ک. ن.

لە هەمان کاتدا، ماوەیان ئەوەندە نەمابوو، کەوتبوونە پەلەکردن بۆ گەڕاندنەوەی کادرەکانی کۆمیتەی ساخکەرەوە. مەبەستی سەرەکی ئەوە بوو کە دوای ئەو سێ مانگە، پلینۆم بگرن‌و بەتاڵیی ڕێبەرایەتی بە کادرەکانی کۆمیتەی ساخکەرەوە، کەسانی وەک کاک مەلا حەسەنی ڕەستگارو مەلا ڕەسوڵ، سەعید کوێستانی‌و... پڕکەنەوە.

کاک حەمەدەمینی سیراجی‌و کاک سمایلی شەریفزادەو سالاری حەیدەرییش بە بۆچوون لە کۆمیتەی ساخکەرەوە نزیکتر بوون. بەڵام هەر دەکرێ بگوترێ لە بواری بۆچوونەوە ئۆپۆزیسیۆن بوون، دەنا بەکردەوە سەربەخۆ بوون، دەگەڵ هیچ تاقم‌و دەستەیەکی تایبەت نەبوون. قەڵادزەیان بەجێ هێشتبوو، هاتبوونەوە گەڵوەڕەزێ، ئەوانیش دەگەڵ خێڵی نارازییان‌و کۆمیتەی ساخکەرەوە کەوتبوون. لەوکەسانە بوون بۆ جێگری کۆمیتەی ناوەندی‌و موشاویر هەتا کۆنگرە کەڵکیان لێ وەرگیرێ...!

شەهید مەلا ئاوارەو کاک سەعید کویستانی دوای کۆنگرەی ٢ دەگەڵ مەلاحەسەن و سمایل و کاک حەمەدەمین لە پێوەندیدا بوون، چاوەڕوانی هەڵویستی ئەندامانی ک. ن بوون. شەهید ئاوارە، لە سەر سنوور، دەگەڵ برادەرانی ڕێبەرایەتی، چاویان بەیەکتر کەوتبوو. مەلا ئاوارەو سەعیدکوێستانی بڕیاری گەرانەوەیان دابوو. بەڵام بەداخەوە زیندوویاد، کاک قادر شەریف، ملی بە گەڕانەوە نەدەداو بە بۆچوونی خۆی ئەو دەعوەت‌و لێگێڕانەوەیەی بە پیلانی ئەحمەد تۆفیق‌و بارزانی دەزانی؟ مەلا ئاوارەو کاک سەدیق لە شێنێ چاویان بە یەکتر کەوت...

مەلا ئاوارە، زوو دەگەڵ مەلا ڕەحیمی لۆمانی کە، پێشمەرگەو هاوڕێی خۆی بوو، گەڕانەوە شێنێ. ئەو جارە بۆ گەڕاندنەوەی کاک قادر شەریف، و کاک سەعید کوێستانی، بڕیار درا، دەستەیەک لە کادرو پێشمەرگەکان ئامادە بن بچن بۆ ورچەک بیانهێننەوە. کاک مەلاڕەسووڵی پێشنەماز، کاک مەلاحەسەنی ڕەستگار، خوالێخۆشبوو مونتەقیمی قازی‌و مەلا ئاوارە، نازانم عەبدوڵلای موعینی دەگەڵ بوو یان نا؟و... چوون بۆ گوندی ورچەک لە ناوچەی بانە. دیسانیش شەهید قادر شەریف، هاتنی ئەو جەماعەتە بۆ ورچەک، هەر بەپیلان دەقەبڵێنێ؟ وەک مەلا ڕەسوڵ دەیگوت: دەگەڵ کاک مەلاحەسەنی ڕەستگار، قسەیان لێک هەڵدەبەزێتەوە...؟ کاک قادرشەریف، پیلاپیتکەی کلاشینکۆفەکەی دەکێشێ، و کاک مەلاحەسەن، لوولەکەی دەحەوا دەکاو لە مەرگ دەگەڕێتەوە!... ئەو جار کاک مونتەقیم‌و مەلا ڕەسووڵ‌و... بەگژیدا دێن... ئیتر لە وێرا بە زۆر دەیهێننەوە بۆ دیوی پشدەر. دیسان کاک قادر پێی وابوو ئەویان هێناوەتەوە لێرە بیکوژن! (ئەو بەسەرهاتە دوورو درێژە. ئەمن کە خۆم بە موخلیسی کاک قادر دەزانی لە خزمەتی دانیشتم، زۆرم باسی کۆنگرەو

هەڵۆیستی برادەران کرد سەبارەت بەخۆیو بۆچوونەکانی... داوام لێکرد بمێنێتەوە: بێشک ئەتۆ جێگای ڕێزی هەموومانی... فایدەی نەبوو. ئەو جارە کاک سەدیق ئەو هەمووە هەوڵەی دەگەڵ دا، دیسان هەر دەیگوت ئێوە منتان هێناوەتەوە بۆ کوشتن! کاک سەدیق گوتی: "کاکە، براله، بە نووری ئەو ڕۆژەی ئەتو هیچ حاڵی نابیو تێناگەی، دەبڕۆ کەیفی خۆتە پیاو!" تفەنگەکانی داوەو ئیتر کاک قادر بەند نەبوو، دیسان هاوڕێکانی خۆی بەجێ هێشت بەرەو هەڵشۆ ڕۆیی، بۆ سلێمانی...) کادرو پێشمەرگەکان، هەموویان بە هاتنەوەی هاوڕێیانی پێشووی خۆیان- کۆمیتەی ساخکەرەوەو جەماعەتی ناڕازیی پێشوو، لە خۆشییان شاگەشکە ببوون. ئەو جارەش بوونەوە هاوڕێی خەباتی ڕزگاریخوازی...

لە کاتی گەڕانەوەی ئەو هاوڕێیانەدا، کاک باپیر (نحۆ پاشایی)، وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی لکی یەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەسەر سەفەر بوو. ئامادەی گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی سەڵماس، خۆی، لە باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو. دوو، یان سێ ڕۆژ، دەگەڵ هاوڕێیانی تازە گەڕایەوە لە شێنێ مایەوە. ئیدی ناوبراو بەرەو شوێنی بەرپرسایەتیی خۆی وەڕێ کەوت، ڕۆیی، بەداخەوە بەرهەمی هەوڵەکانیو ئاواتەکانی نەهاتە دی...!

مانگی خەرمانانی ١٣٤٤ بوو، نابراو دەگەڵ کادرو پێشمەرگەکانی هاوکاری، بەرەو باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەڕانەوە. کاک باپیر (نحۆ شکاک)، ٣ کەسی وەک کادری تەشکیلاتی دەگەڵ گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وڵات. ئەو ٣ کەسە بریتی بوون لە:

١- مەلا سمایلی فەقێیەسێ.
٢- سالار حەیدەری.
٣- مەلا محێدینی مودەریسی.

پێنج پێشمەرگەی خۆشی هەبوون بە ناوەکانی: مام ڕەزای مامی، برا چووکەی بە ناوی فیروز، خوارزاکەی بەناوی ناجی. دوو پشمەرگەی دیکەشی دەگەڵ بوون کە، هەر دووک برا بوون بەناوی جەمیلو حەسەن. کە بەداخەوە، خێریان نەدایەوە! بەکورتی، کوڕی چیاوچۆڵ نەبوون

کومێتەی ناوەندی، هیوایەکی زۆری لە سەر هاوڕێیانی تازەگەڕاوەی حیزبی دێموکرات هەڵچنیبوو! بەڵام لە نێو کومیتەی ساخکەرەوەو جەماعەتی ئۆپۆزیسیۆندا، مەلا ئاوارەو کاک سەعید کوێستانی، و سالاری حەیدەری و سەید حەسەنی هاشمی، ئەو چوار کەسە بە فەرمی کاریان وەرگرت. کاک سەید حەسەن کرا بەربەرسی بنکەی سوونێ. سێ کەسەکەی دیکە بوون بە کادری تەشکیلاتی. هەر کەسەی کەوتە شوێنی ئەرکی پێئەسپێردراوی، لە نێوخۆی وڵات!

کاک حەمەدەمینی سیراجی و کاک سمایلی شەریفزادە، هەرچەند بۆ گەڕاندنەوەی ک. ساخکەرەوە هەم لە هەوڵدا بوون. هەم بە گەڕانەوەیان زۆر خۆشحاڵ بوون. بەڵام بەکردەوە هیچ بەرپرسایەتی‌یەکیان وەرنەگرت! ئیدی نازانم دەبیری چوونەدەرەوەدا بوون یان نا؟

(جێی وەبیرهێنانەوەیە: لە هاوینی ئەو ساڵەدا ١٩٦٥، کە ئەو دەم لە قەڵادزە نیشتەجێ بوون، هەروەک پێشتر گوتمان کاک حەمەدەمینو سمایلو سالار، بە نیازی چوونەدەرەوە بۆ ئورووپا، چووبوون بۆ بەغدا. بەڵکوو لەوێ بۆیان بلوێ خۆیان دەرباز بکەن! لەو کاتەدا ساواک لە ئێرانەوە، کەسوکاریانی بەدوادا ناردبوون. کاک سەدیقی حەیدەری باوکی سالار، کاک غەفووری شەریفزادە براگەورەی سمایل، مام عەلی سیراجی مامی کاک حەمەدەمین، ئەوانە هەموویان هاتبوونە قەڵادزە بۆ بردنەوەی ئەو سێ کەسەی ناومان بردوون. نازانم پێشتر زانیبوویان کوڕو براکانیان لە قەڵادزە نەماون، یان نا؟ کە هاتنە قەڵادزە، ئیمە هێشتا بنکەمان لە سەنگەسەر هەر مابوو. هێشتا لە نێوان حکوومەتی عێراقو شۆڕش، شەڕ دەستی پێ نەکردبۆوە، بەڵام نێوانیان خۆش نەبوو. لە شەڕ نزیکتر بوون هەتا ئاشتی. کاتێ کاک حەمەدەمینو سمایل و سالار هەواڵی هاتنی باوبو برایان دەزانن، لە بەغدا دەگەڕێنەوە بۆ قەڵادزە، بە کەسوکاری خۆیان شاد دەبن. بەڵام ناگەڕێنەوە بۆ ئێران. دوای ماوەیەک نازانم چەند ڕۆژ، کاک غەفورو کاک سەدیقو مام عەلی سیراجی گەڕانەوە بۆ ئێران. لەوە بەدوا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نێوانی حکوومەت و بارزانی بەرەو ناخۆشتربوون دەچوو، ئیتر کاک حەمەدەمینو سمایل و سالار جارێکی دیکە نەگەڕانەوە بۆ بەغدا...)

**بەرپرسایەتی:**

مەلائاوارە دیسان بە ڕەواڵی ڕابردووی خۆی، وەک کادرو بەرپرسی ناوچەی سەردەشت مایەوە. ناوبراو، لە ناوچەی سەردەشت، تەشکیلاتێکی پتەوو بە نەزمی هەبوو. ناوچەی سەردەشت بە پێی دابەشکردنی بەرپرسایەتی بەشێک بوو لە لکی سێ کە بەرپرسەکەی کاک سولەیمانی موعینی بوو. بەڵام مەلا ئاوارە، خۆی وەک بەرپرسێکی سەربەخۆی ناوچەی سەردەشت مایەوە، دەست بەکار بۆوە. کاک سولەیمان دەخالەتی تێدا نەکرد.

سولەیمانی موعینییش، دەگەڵ ژمارەیەک کادرو پێشمەرگە گەڕایەوە، بۆ ناوچەکانی بۆکانو مەهاباد. کادرەکانی لکی ٣ بریتی بوون لە: عەبدوڵلای موعینی کادرو ئەندامی چاوەدێری، مەلا قادری لاچینی کادرو ئەندامی چاوەدێری، کاک مونتەقیمی قازی، قادری قازی، مەلا مەحموودی زەنگەنە، مەلامحەممەدی عەجەم، محەممەد قەرەقشلاقی، دەگەڵ دەستە پێشمەرگەیەکی ئازاو فیداکار!

کادرەکـانی وەک: مەلا قـادری لاچینـی، مەلا عەجەم، محەممەدی خـزری (قەرەقشلاقی)، هەریەکەی گەڕانەوە نـاوچەی دیـاریکراوی خۆیـان. بەرپرسایەتیی نـاوچەی مەنگوڕایەتیو نەڵێن، بـۆ مەلا قـادری لاچینـی، سندووسی خـوار نەغدە، شارویران، شامات، مەحاڵی شازدەی، بۆ مەلا محەمەدی عەجەم و محەممەدی خزری دیاری کرابوون. مانگی خەرمانانی ١٣٤٤، بەرەو وڵات وەڕێ کەوتین، باشووری کوردستانمان بەجێ هێشت...

هەروەهـا مامۆسـتا مەلا رەحیمـی ویـردی، وەک ئەنـدامی کـۆمیتەی ناوەنـدی، بەرپرسـی لکـی چـواری حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان، دەگەڵ خەلیـل شـەوباشو چەنـد کەسـی تـر، لە برادەرانـی هەورامـی گەڕانەوە ناوچەکـانی بـانەو سـەقزو هەورامان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دوای ڕۆیشتنی ئەو کادرو پێشمەرگانە بەرەو وڵات، کاک سەدیقی ئەنجیرییش، کە بەرپرسی پێوەندیەکانی حیزب بـوو، دەگەڵ کاک سەعید کوێستانیو دوو پێشمەرگەی تر بە ناوی شێرزادو شێرکۆ، بەرەو ناوچەی باڵەکان ڕۆیشتو لە ئـاوایی دەربەندی ڕایەت، نیشتەجێ بوو. شوێنی کاری کاک سەعید کوێستانییش ناوچەکانی سندووس، شنۆ،... بوو.

ئاکامی دوای کۆنگرەی ٢،کارو بەرپرسایەتیی حیزب بەو جۆرە بوو کە لەسەرەوە باسمان لێوە کرد.

پرۆسەی کاری تەشکیلاتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، درێژەی کێشا! لە مـانگی خـەرمانانی ١٣٤٤هەتـا خـاکەلێوەی ١٣٤٥ ی خایـاند. ئەو کـادرو پێشـمەرگانەی لە نێوخـۆی وڵات مـانەوەو لە جەولەدا بـوون. دەگەڵ ڕێـزو حـورمەتێکی لەڕادەبەدەری خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەرەو ڕوو بـوون، لەو مـاوەیەدا تەنیـا یەکجـار لە پانەسـەر تووشی دەرگیری بوون! لەو دەرگیرییەشدا، دوو ژاندارمیان، گرتبوون، دوایی تفەنگەکانیان دابوونەوەو ئازادیان کردبوون...

دوای نزیک بەچوار مانگ، نووسەری ئەو دێرانە و مەلا عەجەم، لە دۆڵی شێخان، دەگەڵ سولەیمان یەکترمان گرتەوە... ڕۆژێک کاک سولەیمانی موعینی، گوتی: ئیدریس بارزانی، لە ورمێ بەڵێنی بە سەرتیپ سەیادیان داوەکە ئەمن ڕادەستی ئێران بکاتەوە!

ئەمـن بـڕوام بەو خەبەرەی نەبـوو! پـێم وا نەبـوو ڕۆژێـک لە ڕۆژان مەلا مسـتەفا، سـەبارەت بە سـولەیمانی موعینی، هەڵوێستێکی وەها بگرێ، یان ئەنجام بدا!

لە کۆبوونەوەیەکدا کادرەکـانی لکـی ٣، داوایـان لە کـاک سولەیمانی موعینی کـرد: بگەڕێنەوە بـۆ بـنکەی سوونێ. کـاک سولەیمان هەر دەیگوت جارێ سەبرکەن، خۆی دەبوارد. ئاخرەکەی، ڕۆژێک لە گوندی کونەکێچ لە ناوچەی نەڵێن، دەگەڵ


سەرچاوە Serchawe

کاک سولەیمان، دیسان کۆ بووینەوەو گوشارمان خستە سەری بۆ گەڕانەوەی بۆ بنکەی سوونێ. ئاکامی باس و وتوێژی ئەو کۆبوونەوەیە بوو بە بڕیار:

چەند کەس لە کادرەکان بگەڕێنەوە، بۆ بنکەی سوونێ. کەش و هەوای شۆڕش، بە وردی هەڵسەنگێنین، چاویان بە کاک سەدیق بکەوێ، ئەگەر کاک سەدیق زەمینەی گەڕانەوەی بە لەبار زانی، ئەوە دەم کاک سولەیمان ئاگادار کەنەوە! لەسەر ئەو بڕیارە چەند کەسێک کە لە خوارەوە ناویان دەبرێ بەرەو بنکەی سوونێ گەڕانەوە:

لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٤٥دا، حەوت کەس لە کادرەکان:

١- عەبدوڵلای موعینی.
٢- کاک مونتەقیمی قازی.
٣- قادری قازی.
٤- مەلاقادری لاچینی.
٥- مەلامەحمودی زەنگەنە.
٦- مەلامحەمەدی عەجەم.
٧- محەمەدی قەرەقشلاقی، گەڕاینەوە بۆ بنکەی سوونێ و گەڵوەرەز! وەزعی بنکەی سوونێ لەوپەڕی شپرزەییدا بوو. کاک سەید حەسەنی هاشمی گەڕابووەوە مەهاباد، کەس بەرپرسایەتیی ئەو پێشمەرگانەی لەوێ مابوون، وەستۆی خۆی نەگرتبوو. بێ نان و بەرگ و بژێوی... وەزعێکی لەڕادە بەدەر خراپ و شپرزەیان هەبوو...!

شەوێک لە بنکەی گەڵوەرەز، کەوتینە ژێر تەئسیری کاک ئەمیری قازی و شەهید سەید ڕەسووڵی بابی گەورەو کاک حەمەدەمین سیراجی و سمایلی شەریفزادە کە، کۆ بینەوە، داوا لە کاک سەدیق، کاک ئەحمەد تۆفیق، مەلاسەید ڕەشید، مامۆستا مەلا ڕەحیمی ویردی و کاک سولەیمانی موعینی بکەین بگەڕێنەوە بۆ بنکەی سوونێ، چارەسەری ئەو قەیران و ناکۆکیانە بکەن کەوا، دوای کۆنگرە، داوێنی حیزبی دێموکراتی گرتوە...! بەتێکڕایی کۆ بووینەوە، بە نووسراوە، داوامان لە بەرپرسانی کۆمیتەی ناوەندی کرد هەموویان بێنەوە بۆ سوونێ... نووسراوەکەمان لە چەند نوسخەدا نووسی و هەموومان ئیمزامان کرد...!

ئێمە زیاتر لە حەوت مانگ بوو، لە شۆڕش و باشووری کوردستان، دوور بووین. کەم و زۆر، ئاگامان لە برادەرانی خۆمان و ڕێبەرایەتیی حیزب نەبوو!... بێگومان گەڕانەوەی ئەندامانی ڕێبەرایەتی و چارەسەری گرفتەکانی نێوحیزبمان، بە کارێکی باش دەزانی. نامەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی نووسرا، ١٥ کەس ئیمزامان کرد... نامەی کاک ئەحمەد تۆفیق، مەلا سەیدڕەشید، کاک سەدیق ئەنجیری، ئامادەکران، داوایان لە نووسەری ئەو چەند دێرە کرد، بیبات بۆ کاک


سەرچاوە Serchawe

ئەحمەدو کاک سەدیقو مەلاسەید ڕەشید لە ناوچەی بالەک. نامەکانیان بداتێ، بەڵکوو قەناعەت بێنن بۆ گەڕانەوەو چارەسەری ئەو گرفتو قەیرانەی نێوخۆ و...

مەلامحەممەدی عەجەمو شەهید مەلا مەحموودی زەنگەنەش، بەرەو دیوی سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەڕانەوە بۆ ناوچەی کەڵوێ، کەوتنە شوێن کاک سولەیمان و نامەی ناوبراویان برد...

بەیانیی ئەو شەوە، بێ وەرەقەی شۆڕش، جلکی پێشمەرگایەتیم گۆڕیو بەرەو باڵەکایەتی کەوتمە ڕێ. لە گۆندێکی نزیک کۆمتان، ناوەکەیم لەبیر نەماوە، میوانی کاک ڕەئووف مەلا حەسەن بووم. ئەو شەوە لای کاک ڕەئووف مامەوەو باسی عەرش‌وقورشمان کرد! کاک ڕەئووف گوتی: فلانکەس، کۆنگرەکەمان بەداخەوە ئاخرخێر نەبوو! گوتم ئەوە دەچم بۆلای کاک ئەحمەدو مامۆستا سەید ڕەشیدو... بەڵکوو بتوانم قەناعەتیان پێ بێنم بۆ گەڕانەوەی سوونێ؟ کاک ڕەئووف سەری باداو گوتی: کاک ئەحمەد ئەوە نزیک بە دوو حەوتوویە بە ئەمری مەلا مستەفا، دوور خراوەتەوە بۆ (کانی ماسی) بۆ لای ئەسعەد خۆشەوی!

لە دڵی خۆمدا هەزار جار تفم لە سیاسەت کرد، ئەوەیە پاداشی ئەو هەموو فیداکارییەی ئەحمەدتۆفیق بۆ بارزانی...؟ ئیتر هیچم نەگوت. سبەی بەیانی بەرچاییم خواردو وەڕێ کەوتم، بۆ شەو گەیشتمە دەربەند. کاتێک کاک سەدیق چاوی پێم کەوت زۆر خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی! منیش شاگەشکە بووم. حەوت مانگ بوو یەکترمان نەدیتبوو، دیدارێکی لەڕادە بەدەر خۆش بوو، بەتایبەت بۆخۆم. کاک سەعید کوێستانییشی لەلا بوو. دیدار دەگەڵ ناوبراویش بۆ من هەر زۆر خۆش بوو. دوایی لە مەر وڵاتو سەفەری ئەو شەش، حەوت مانگە، دیتنو بیستنو بەسەرهاتی خۆمان بەگشتی، باسم بۆ کردو...

دواتر نامەکەم دایە. نامەکەی خوێندەوە، گوتی: ئەوانەی ئەم نامەیان ئیمزا کردوە کێن؟ منیش ناوی هەموویانم هێنا... ئیتر کەوتمە بەرلۆمەی کاک سەدیق، زۆری لۆمە کردم!

گوتی ئەمیرو ئەو کەسانەی لە سوونێ بوون، نە یاندەزانی ئەحمەد لێرە نەماوە؟ گوتم نامەی مەلا سەید ڕەشیدو کاک ئەحمەد تۆفیقیشم پێیە کە دەبوو بردبام بۆ شێخان...

کاک سەدیق لە مەر کۆبوونەوەکەی ئێمەو نووسینی ئەو نامەیە زۆر بەگومان بوو!

دواتر بیرم کردەوە ئەرێ داخوا، ئەوانەی منیان ساز دەکرد بۆ ئەو سەفەرە تۆ بڵێی ئاگاداری ئەوەی نەبوون کە، کاک ئەحمەد تۆفیق زیاتر لە حەوتوویەکە ناوچەی باڵەکایەتیی بەرەو بادینان بەجێ هێشتوە؟

کاک سەدیق لە مەر گەڕانەوەی سولەیمان، نیگەرانیی پێوە دیار بوو. ترسی ئەوەی هەبوو حەسۆ میرخان، پێ بزانێ، تووشی موشکیلەیەکی بکا؟ دوو ڕۆژ لای مامەوە گوتی: هەرچی زووە دەبێ بگەڕێیەوە بۆ سوونێ، ئەگەر سولەیمان لەلایەن حەسۆ، یان کەسێکی دیکە داوا کرابوو، بڵێ: هەتا چاوی بەمن نەکەوێ نەکا بچێ!

ئەمن بەرەو سوونێ گەڕامەوە. کە گەیشتمەوە، کاک سولەیمان، بەیانی ئەو ڕۆژە گەیشتبووە شێنێ. کاتێ دەگاتە گوندی "شێنێ" نامەی حەسۆ میرخانی دەدەنە دەستی؟ کاک حەسۆ بۆی نووسیبوو: کاک فایق بە زووترین کات تەشریف بێنە بۆ هێزی کاوە... ئەوە باسێکی بەژانە باسکردنی ناخۆشە...!

بەکاتی خۆی گەیشتمەوە سوونێو ڕاسپاردەکانی کاک سەدیقم بەکاک سولەیمان گوت. (درێژەی ئەو بەسەرهاتەم لە تویێ کتێبی، لاپەڕەیەک لە تێکۆشانە... نووسیوە.) ئیدی ئەمن بۆ سبەی ئێوارە دەگەڵ مەلا عەجەم گەڕامەوە بۆ نێوخۆی ولات...

کاک سولەیمان دەچێ بۆلای کاک سەدیق، دواتر، بە یەکەوە دەچنە مەکتەبی سیاسیی پارتی، لای کاک حەبیب فەیلی. ئەو دەم هێشتا کاک حەبیب فەیلی سکرتێر بوو. بە خێر دەگوزەرێ!

لەسەر پاراستنی مەسڵەحەتی شۆرشی کوردستان، کاک سولەیمانو پێشمەرگەکان، دوور دەخرێنەوەی بۆ "دۆڵەڕەقە" بۆ ئەو شوێنەی کە پێشتر بۆ مام جەلالو هاورێکانی، دیاری کرابوو، خۆیان لێ دەرباز کرد!...

**بەهاری خوێناوی!**

بەهاری ١٣٤٥ی هەتاوی، بۆکادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێتە بەهارێکی خوێناوی. ئەو شێعرە کە شاعیری نەمر، مامۆستا هێمن دەڵێ: - (بەهاری کوردەواری سوورو شینە) دێتە دی!

دوای ئەوەی کاک سولەیمانی موعینی دەگەڵ کادرو پێشمەرگەکانی لکی ٣ بۆ "دۆڵەرەقە" دوور دەخرێنەوەو لەوێ نیشتەجێ دەبن، کاک سەدییقی ئەنجیرییش، دەگەڵ کاک سەعید کوێستانی هەر لە دەربەندی ڕایەت دەمێننەوە. لە مانگی ئاپریلی ١٩٦٦دا چەندڕۆژ پێش دەست پێکردنی شەڕە بە نێوبانگەکەی هەندرێن، کاک سەدیق هاورێ دەگەڵ سەعید کوێستانیو شێرزاد، بۆ دیدەنیی مامۆستا هەژار، بەرەو گوندی لێوژێ، دەچن بۆ ناوچەی ناودەشت...

بە وتەی کاک سەعید کوێستانی، دواتر لە گەڕانەوەدا، دەچنە گوندی سوورەبانی نزیک قەسرو ماکۆسان، دەبنە میوانی کاک خالیدی حیسامیو لای ئەو دەمێننەوە. بە وتەی کاک سەعید کوێستانی، کاک سەدیق دەڵێ: ئێوە دەگەڵ شێرزاد،

بچنەوە بۆ دەربەند، منیش جارێ لای کاک خالید دەمێنمەوە. بەڵکوو کرا چاوم بە سەرۆک بارزانی بکەوێ. ئیتر کاک سەعیدو شێرزاد دەگەڕێنەوە بۆ دەربەند. لەو دەمەدا، شەڕی هەندرێن، دەست پێدەکا. بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ رۆژ، جگە لە شەوانە، هیچ گیانلەبەرێک نەیدەتوانی لە بەر بۆمباران، بەرۆژ وەدەرکەوێ. ئاواییەکانی ناوچەی باڵەک چۆڵ ببوون. خەڵکی ئاواییەکان بەرەو چیاو بن ئەشکەوتان کشابوون... ئیدی لە جەنگەی ئەو شەڕە بێئەمانەدا دەستی تیرۆر، دوژمنانی خۆوخدەی مرۆڤایەتی، کاک سەدیقی بێسووچو تاوان، تیرۆرو شوێنەون دەکەن! ئەو خوێنرێژانە کاتێکی لەبار بۆ ئەو جینایەتە سامناکە هەڵدەنێن! وەک دەیانگوت: کاک سەدیق دەگرنو بەرەو چیاو دۆڵی باڵەییانی دەبەن. چەند کەس بوونەو چۆن لە کن کاک خالیدرا دەیبەن؟؟ لانیکەم ئێمە نازانین! وەک دەڵێن: لە دۆڵی وەسان جینایەتەکەی ئەنجام دەدەن!! دوای کوشتنی ئەو مرۆڤە فریشتەئاسایە،

سەریشی دەبڕن و تەرمی بێ سەری دەرووباری وەسانێ داوین و...!

چەند مانگ دوای ئەو بەسەرهاتە، دەستە پێشمەرگەیەک، لە چۆمیدا، خەریکی مەلەکردن دەبن، جەنازەیەکی بێسەر دەدۆزنەوە. دواتر برادەرانی حشع لە دەرگەڵە ئاگادار دەکرێنو ئەوانیش بە کاک سولەیمانی موعینی ڕادەگەیەنن... ناوبراو دەیگوت: لەو نیشانانەی بەدەنی تەرمەکە کە بۆیان باس کردم، زانیم ئەوە تەرمی کاک سەدیقە...! بەو جۆرە کاک سەدیقی ئەنجیری ئازەر، شرتوگوم دەکرێ، دەبێتە یەکەم شەهیدی بێ سەرو شوێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

لێرەدا بە پێویست دەزانم نامەی کاک حەمەدەمینی سیراجی کە بۆ کاک کەریمی حیسامیی نووسیوە، سەبارەت بە بێ سەرو شوێنبوونی کاک سەدیقی ئەنجیری، لێرەدا جارێکی دیکە بخەمە بەرچاوی خوێنەرو خاوەن نەزەران:

{کاک کەریمی حیسامی لە بەرگی چوارومی بیرەوەرییەکانیدا، دەکەوێتە شوێن پێی کوژرانی سەدیقی ئەنجیری. نامەی بۆ کاک سەعید کوێستانیو کاک حەمەدەمین سیراجی نووسیوە: ئێوە کە لە نزیکەوە پێوەندیتان بەکاک سەدیقەوە هەبووە لە جەرەیاندا بوونە، ئەوەی لەو بارەیەوە دەیزانن‌و ئاگاداری هەن بۆم بنووسن. ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە وەلامی کاک حەمەدمین سیراجییە بۆ کاک کەریمی حیسامی نووسیوە:

..."لەگەڵ سوپاس بۆ وەڵامدانەوەی کاک حەمەدەمینی سیراجی. ئەوە دەقی نووسراوەکەی ئەوە کە لە ٦ - ١ - ١٩٨٩ بۆی ناردووم" - نامەی کاک حەمەدەمین:

... شەهید سەدیق لە سالی ١٩٦٤ چووە کوردستانی عێراقو لەو کاتە ئەحمەدی پێ فیدل کاسترویەک بوو. لە کۆنگرەی٢ بە ئەندامی رێبەری هەڵبژێردراو بۆ وتووێژ بە مەبەستی یەکگرتنەوە لە گەڵ شەهید سولەیمان، نحۆ پاشایی، کاک ئەمیری قازی لە لایەن کۆنگرەوە دیاری کران. پاش وتووێژ رێک کەوتن لەسەر چەند خاڵ. دەستەی نوێنەرایەتی بە

گشتیو کاک سەدیقو کاک سولەیمان بەتایبەتی کەوتنە بەر پلارو هێرشی ئەحمەددەوە. شەهید سولەیمانو نحۆ لێی دوور کەوتنەوەو بە لای ئێمەی قۆڵی پێشکەوتووی حیزبدا هاتن. ئەحمەد وەک تووڕەییو زیزبوون ئیستیعفای کرد. هێندێ لە لایەنگرانی لەگەڵ خۆی هەڵگرتو بنکەی شێخانی لە نزیک دەربەندی باڵەکایەتی کردە ناوەندی کاروباری. مەودای دۆستەکانی دوێنێی ئەحمەدو بەرهەڵستەکانی ئەمڕۆی هەر لە زیادی دەدا. ڕاست لەو کاتەدا بەرەو "کانی ماسی" دوور خرایەوە. ئێمە هەوڵی بەستنی کونفراسێکمان دەدا کە دەسەڵاتی کۆنگرەی پێ بدرێو سەرلە نوێ ڕابەریی هەڵبژێرێتەوە. کاک سەدیق لە لایەک لەو هەوڵەدا بوو. پێوەندی بە ڕابەریی پارتییەوە دەگرت (حبیب کریم)و لە لای تر نەخشەی پێوەندیسازکردنەوە لەگەڵ دۆستو ناسیارەکانی ناوخۆی وڵاتی هەبوو. لە ناوخۆی وڵاتیش مرادو چەند نوێنەری ئەحمەد تۆفیق بەتایبەت لە "لاجان" خەریکی کۆکردنەوەی یارمەتیو هەڕەشە لەمو لەو بوون. سوارە سەکر یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە پێوەندییەدا دەهاتو دەچوو. تفەنگو تەقەمەنیش لە بنکەی شێخانەوە دابین دەبوو. گویا کاک سەدیق ئەم مەسەلەی لەلای سەدیق ئەفەندیو فرانسوا درکاندبوو. هەر لەبەرئەمەش بوو سوارە سەکر گیراو درواتەوە بەئێران*. ئەم کارە بەگوێی ئەحمەد دەگاتەوەو تەنووری تووڕەیی دەهارووژێنێو بڕیاری کوشتنی دەدا. حەسەنی برازای ئەحمەد جێبەجێکردنی ئەم کارەی دەخرێتە ئەستۆ.

لەهاوینی ١٩٦٦دا** تەنیا ٣ ڕۆژ دوای ئەوە کە لە لێوژە بە یەکەوە لەگەڵ کاک سەدیقو سالارو مەلا سەید ڕەحمان و سەعید نانی نیوڕۆمان خواردو ئەو بۆ دیتنی حبیب بەرەو قەسر، جێگای رادیۆی شۆڕش چوو، بوو بەدەنگۆ کە کاک سەدیق نانی نیوەڕۆی بەجێ هێشتوەو نەگەڕاوەتەوە. ماوەیەکی زۆر شایعەی سەیر سەیر لەم بارەوە بڵاو دەکرایەوە. پەیگیریی‌و دواکەوتن بەدوای ئەم ڕووداوەدا، نیشانی دا دوای ئەوەی حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیق لە جەماعەتی ڕادیۆی شۆڕشی دوور خستۆتەوەو بەرەو "وەسان" هەڵکشاون. ئیتر سەدیق بە زیندوویی نەدیتراوەتەوە. حەسەن گویا حاصڵ، محەمەد حەرەسو دوو کەسی تریشی لەگەڵ بووە. کاک هەژار ئەگەر لەبیری مابێو حاشا نەکا؟ خۆی ساڵی ١٩٧١ باسی چاوپێکەوتنی ئەحمەدو هەڕەشەو گوڕەشەی ئەوی کە ئەگەر وابێو وابکرێ وەک سەدیقی کە تۆپاندوویەتی بەرهەڵستەکانی تریشی "دەتۆپێنێ"}

چەند مانگ دوای بێسەروشوێنبوونی کاک سەدیق برادەرانی حشع لاشەیەکی سەربڕاویان لە چۆم دۆزیبۆوە کە پێیان وابوو دەبێ کاک سەدیق بێ.} ئەوە نامەی کاک حەمەدەمینە کە بۆ کاک کەریم حیسامی نووسیوە.

-------

* سوارە سەکر زۆر دوای بێسەروشوێنچوونی کاک سەدیق، ڕادەستی ئێران کرایەوە!

** ئەو کاتەی کاک حەمەدەمین نووسیویە - هاوین نەبوو، بەهار بوو مانگی بانەمەڕ بوو! بەڵام لەبەر ئەوەی ناودەشت گەرم بووە پێیوا بووە هاوینە؟

دوای ئەوەی زانیمان کاک سەدیق بێسەروسۆراغە، کەوتینە شوێنی. چاوم بە کاک سەعید کوێستانی کەوت، گوتی: هەواڵم بۆ کاک سولەیمانی موعینی ناردوە کە سەدیق، دیار نەماوەو هەرچی بە شوێنیدا گەڕاوین و چوومەتە لای مامۆستا، هەژارو خالیداغا، دەڵێن، ئێمە نازانین هەر یەک بە جیا شتێ دەڵێ!

دوای چەند رۆژ، کاک سولەیمان هاوڕێ دەگەڵ مونتەقیمی قازی، عەبدوڵڵای موعینی، مەلا مەحمودی زەنگەنە، مەلا قادری لاچینی، و چەند کەس لە پێشمەرگەکان، هاتن بۆ دۆڵی باڵەکایەتی. دوو، یان سێ رۆژ بوو، وتوویژی نێوان عەبدوڕڕەحمان بەزازو سەرۆک بارزانی دەستی پێکردبوو. شەوێک کاک سولەیمان چوو بۆ حاجیئۆمەران کە چاوی بە مەلا مستەفا بکەوێ... ئەمن نازانم چاوی پێ کەوت یان نا؟ بەڵام کاک سولەیمان زۆر بە پەشێوی گەڕابۆوە؟ لەبەر پەرۆشی کاک سەدیق بوو، یان...؟

چەند رۆژێک لە ناوچەی باڵەک مایەوە، ناردی بە دوای باوکی کاک سەدیقدا. باوکی کاک سەدیق هاتو... بەمنی گوت: دەگەڵ کاک حەمەڕەسووڵی بابی کاک سەدیق، بچینە پێش مەکتەبەکەی خەلان شوێنی وتوویژی وفدی حکوومەتو مەلا مستەفا. کاتێ مەلا مەستەفا هاتە دەر، دەگەڵی بەو نیشانی بدەم. دەگەڵ کاک حەمەڕەسووڵ چووین بۆ پێش مەکتەبەکە، راوەستاین هەتا میوانەکان کاتی رۆیشتنیان هات. مەلا مستەفا دەگەڵ میوانەکانی هاتە دەر، هەتا لای هێلیکۆپتێرەکە دەگەڵیان چوو، میوانەکان سوار بوون رۆیشتن. مەلا مستەفای رەحمەتی گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی دەگەڵ کاک حەمەڕەسووڵ چووینە پێشی. مەلا مستەفا سەرنجی ئێمەی نەدابوو. کاک حەمە رەسووڵ لێی نزیک بۆوە، سڵاوی لە بارزانی کرد. سەرۆک بارزانی سەرنجی دایەو زۆر بەڕێزەوە سڵاوەکەی لێ وەرگرتەوە: مامە ئەمرو فەرمایشتێکت هەبوو؟

کاک حەمە رەسووڵ گوتی: جەنابی سەرۆک بارزانی ئەمن حەمەڕەسووڵی ئەنجیریم بابی سەدیقی. سەرۆک: سەدیقی کێ؟ گوتی سەدیق ئەنجیری ئازەر... ئەوە ماوەیەکە بێ سەرو شوێن کراوە... بارزانی زۆر بە مێهرەبانی وەڵامی دایەوە، گوتی: هەر ئەتۆ نەبووی ئەو شەوە نامەت ناردبۆم...؟ گوتی بەڵێ خۆمم. بارزانی گوتی: ئیدرس! بەڵێ! ئەزبەنی . بارزانی گوتی ئەمن بە تۆم نەگوت ودوای ئەم مامە بکەوی... دوایی بارزانی دڵخۆشیی کاک حەمە رەسووڵی دایەوە: ئیشەڵڵا دەگەڵ کوڕەکەت پێک شاد دەبنەوە...

کاک حەمەڕەسووڵ گوتی: جەنابی سەرۆک بارزانی کوڕی من سەدیق، هیند دەگەڵ خودای خۆیو کوردستان پاکە، لەو کاتەدا رووی لە (چیای کەوشان) بوو، گوتی تەنانەت گورگی ئەو شاخانەش نایخۆن. کوڕی من هەرچی بەسەری هاتبێ



سەرچاوە
Serchawe

بەدەستی عەبەی ئیسحاقی - ئەحمەد تۆفیق، لە بەین چووە! (ئەو بەسەرهاتەم، لە توێی کتێبی بەنێوی "لاپەڕەیەک لە تێکۆشانو جوولانەوەی ح د ک... ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧" بە تەسەلی نووسیوە).

ئیدی دوای ئەو چاوپێکەوتنە، بۆ سبەی ئەمن دەگەڵ مام چووکەڵ، کاک حەمەڕەسووڵمان بەرەو دیوی ئیران بەڕێ کردەوە! کاک سولەیمان هەر لە دەربەند بوو، یان لە چاخانەی "چۆمان" هەواڵی ٥ شەهیدی دیکەی حیزبی دێموکرات کوردستانمان پێگەیشت. ئەوانە بریتی بوون لە:

١- کاک باپیر(نحۆ پاشایی)
٢- ڕەزا پاشایی مامی کاک باپیر،
٣- فیروز پاشایی براچووکەی کاک باپیر،
٤- ناجی خوارزای،
٥- شەهید مەلا سمایلی فەقێیەسێ.

بەداخەوە، ئەو کادرو پێشمەرگانە، پێش ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ باشووری کوردستانو بگەنەوە لای کاک سەدیق، لە دۆڵێکی نزیک گوندی ساکان لە ناوچەی "سۆما" هێزێکی گەورەی ژاندارمیان وەسەر دەگەڕێ و لەو شەڕە ناهاوسەنگەدا، هەر پێنج کەسیان، دەبنە شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان...

لە گوندی دەربەند بووین کاک سولەیمانی موعینی گوتی: "باپێکەوە هێندێ پیاسە بکەین. لە دەرەوەی گوندی دەربەندی ڕایەت، بەرجادە بووین، دوای هێندێ قسەوباس... ناوبراو گوتی: تۆ نیازی چیت هەیە؟ داخوا دەتەوێ درێژە بە خەباتو هاوکاری بدەی؟"

گوتم: کاک فایق! ئەمن ڕەفیقی نیوەڕێیە نیم! بەڵێنیت پێ دەدەم ژیانو نەمانمان پێکەوە دەبێ. قسەکەمی پێ خۆش بوو... ئەوجار گوتی: مەرد بن مەیدان چۆل مەکەن! ئێستا ئەحمەد تۆفیق لە مەیداندا نەماوە، هیممەت بەر مەدەن، شۆڕش بێ هەزینەو خوێن ناکرێ، نابێ بە نەمانی کاک سەدیقو کاک باپیر دەست لە کراسی بێنینە دەر..." بڕوانە " لاپەڕەیەک لە..."

دوای ئەوە، پرسیاری کاک سەعید کوێستانیی لێکردم، گوتم: لە سەعید ڕادەبینم هاوکارمان بێ! یادی بەخێر مەلا قادری لاچینی، ئەویش لە سەر سەعیدو ڕابردووەکەی، نەزەری موسبەتی هەبوو... کاک سولەیمان گوتی: کەوایە ئێستا دەچین هەموومان، بەتێکرایی دادەنیشین لە سەر هەڵبژاردنەوەی ڕێبەرایەتییەکی نوێ، و کاری داهاتوومان قسە دەکەین...


هەمووموان دانیشتین، لە سەر هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی بەڕێوەبەری - کۆمیتەیەکی ئیجرائیی نوێ، قسەمان کردو هەمووومان کۆک بووین! کاک سولەیمان ڕووی کردە ئێمە گوتی ئێوە کێتان پێ باشە دەعوەتی کەین؟

گوتی، با ئەوەش بڵێم: ئەمن جگە لە دارودەستەی ئەحمەد، و کەسانی سەروە پاراستن، هەر کەسێک بێت قسەم نیە.

سەعید کوێستانی: ئەمن مەلا ئاوارەو کاک حەمەدەمینو سمایلو سالارو مەلا عەبدوڵڵای عەبدوڵڵاهیم، بۆ هاوکاری پێ شک دێن. کاک سولەیمان قسەی نەبوو. ئەمنیش زۆرم پێخۆش بوو.

کاک سولەیمان بە کاک سەعیدی گوت: پێتوایە سمایلو حەمەدەمین هاوکاریمان بکەن؟ دیار بوو لەسەر ئەو دووکەسە دوودڵە. هەروەها گوتی: بۆخۆتان لە بیرتانە! کاک سەدیق، ئەو هەموو هەوڵەی دەگەڵ دان، ئەو برادەرانە دەخۆیانڕا نەدیت، یان نەیانویست کارێک وەستۆی خۆیان بگرن...؟

دوای ئەو باسە، قسەمان لە سەر دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ئۆرگانی لکی٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد. بە تێکڕایی لەسەر نێوی "ڕۆژ" ساخ بووینەوە! بەداخەوە ئەو ڕۆژنامەیە بەهۆی بێ ئیمکاناتی، تەنیا ٣ ژمارەی لێدەرچوو. ئەوەی لێرەدا بەرچاو دەکەوێ تەنیا لاپەڕەیەکی ژمارە٣ی ڕۆژنامەی "ڕۆژ"ە. کە لە بیرەوەرییەکانی، گۆڕغەریب، زیندوویاد کاک کەریم حیسامی وەرمگرتوە.


بەلگەی ژمارەی ٧

ڕوژنامەی ڕوژ کە سالی ١٩٦٧ کە لە کوردستانی ئیران دەر چوە.

یەکیەتی    خەبات    سەربەخویی    دیموکراتی

کوردستان خورادەپسکینی وبەسەرهەمو بەرهەلستیك دا زال ئەبیت !!

گوفاری ڕوژ

"بە رەی یەکگرتوی نیشتمانی نیوان حزبەکانی شورشی ونیشتمانی بەرامبەربەئیمپریالیزم ود اگیرکەری ئالای خەباتمانە بوئازادی ئیران وپیك هینانی حکومەتیکی نیشتمانی ودیموکرات ودیاری کردنی لانی کەمی مافی نەتەوایەتی و پەرەی ئاشتی وئاسایش لە جیهان.

× ئالمیەتی میللی و دیموکراتی ژیانی خوشرو بەختیاری نەتەوەی کورد ئامانج و دروشمی خەباتمانە.
× خەبات وسەرنەرتنمان بو قایم بونی دوستایەتی نیوان نەتەوەکانی ئازادیخواز وپشت گری بزوتنەوەی گەلانی ولات داگیرکراو و زیدی ئیمپریالیستی لەسەراسەری جیهانە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕیبەندانی ١٣٤٥ هەتاوی<br>ژانویە ١٩٦٧ میلادی | سالی یەکەم<br>ژمارە ٣ | ئورگانی لکی ٣ی<br>حزبی دیموکراتی کوردستان | لە شاردانەی ٢ تمەن<br>لە لادی دانەی ١ تمەن |

(لێرەدا پێویستی بە وردبوونەوە هەیە: ڕۆژنامەی ڕۆژ هیچ پێوەندیەکی بەکۆمیتەی ئینقلابییەوە نیە، دروشمی کۆنگرەی٢ یەکیەتی،خەبات، سەربەخۆیی، دیموکراتی، شاهیدێکی زیندوویە. بۆیە نابێ قسەی لەسەر بکەین!)

لە هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی٢، تەنیا دوو(٢ ) کەس مابوون کە بەکردەوە لە بەرپرسایەتی نەکشابوونەوەو کۆڵیان نەدابوو. ئەوانیش بریتی بوون لە: کاک سولەیمانی موعینیو مامۆستا مەلا ڕەحیمی ویردی. لەسەر کۆبوونەوەی داهاتوو بڕیارمان دا: کە بەزوویی لە "دۆڵەڕەقە" کۆبوونەوەکە بگرین، شوێنێکی لاپەڕەو کەس پێی نازانێ، دوورە لە چاوی پاراستن...!

------------

چەند ڕۆژ لە گەڕانەوەی کاک سولەیمان بۆ دۆڵەڕەقە بەسەر چووبوو. ڕۆژێک مەلا ئاوارەو کاک حەمەدەمین و سمایل و سالار لە خەلان پەیدا بوون. کاتێ زانیبوویان کاک سەدیق بێ سەروشوێنە، لە گەڵوەڕەز دادەگەڕێنە خوارو بەرەو لێوژە، دەپێشدا دەچنە لای مامۆستا هەژارو دواتر دەچنە سوورەبان بۆ لای کاک خالید. ئەوانیش هەر ئەوە دەبیسن کە پێشتر بە کاک سولەیمانو سەعیدیان گوتبوو؟ بە هێندێک جیاوازییەوە!

ئیمە دەگەڵ کاک سەعید، ماڵمان لە خەلان بوو. سەعید بابەتی کۆبوونەوە لە "دۆڵەرەقە"ی دەگەڵ باس کردبوون. ئەوانیش بەخۆشیەوە قبووڵیان کردبوو. هەڵبەت ئەوە بۆچوونی خۆم بوو!

نازانم چەند ڕۆژ لە خەلان مانەوە، خۆمان سازکرد بۆ کۆبوونەوەو چوون بۆ"دۆڵەڕەقە". مەبەست لە درێژدارپی ئەو باسە پڕتراژیدیایە، زۆرتر ڕوون بوونەوەیە لە سەر چۆنایەتیی ڕووداوەکان! تاریخەکەم بەدروستی لەبیر نەماوە؟ ئەوەندە دەزانم سەرەتاکانی مانگی یونی ساڵی ١٩٦٦ بوو، وتووێژی نێوان شۆڕشو حکومەتی عیراق لە مانگی ئاپریل یان سەرەتای مای، دەستی پێ کردبوو.

**ئێمە ئەو چەند کەسە:**

١- حەمەدەمینی سیراجی،
٢- مەلا ئاوارە،٣-سەعید کوێستانی،
٤- سمایلی شەریفزادە،

٥- سالاری حەیدەری،

٦- مەلا عەبدوڵلای سەرباز،

٧- مەلا محەممەدی عەجەم،

٨- محەممەدی خزری، هەتا گەلاڵە سواری ماشین بووین، لە گەلاڵە نانو پێخۆری ڕێگامان کڕیو بە پێیان کەوتینە ڕێ بەرەو زارگەڵی، لەوێشەوە بۆ "دۆڵەڕەقە" یەک پشوو بۆ شەو گەیشتینە "دۆڵەڕەقە". یادی بەخێر سمایل، دەیگوت: سولەیمانی موعینی لەخۆڕا لێرە خۆی زیندانی کردووە، بۆ ناچێتەوە ئێران خۆ "قزڵ قەلا" ی تاران هێندەی ئێرە ناخۆش نیە!

ئەگەر ئێمە گەیشتینێ مامۆستا مەلا ڕەحیم، دەگەڵ کادرەکانی بانەو هەورامان، گەیشتبوونە، دۆڵەڕەقە. ئەو شەوە زۆر ماندوو بووین، لەبەر ماندوویەتی نەپرژاینە سەر باسو خواسی سیاسی. بڕیارمان دا سبەی دانیشتنەکانمان دەست پێبکەین. سبەی درەنگوەختان بوو، خۆمان ئامادە دەکرد بۆ کۆ بوونەوە،٣ کەس هاتن کە نەدەبوو هاتبانو لەوێ بان، چونکە بانگ نەکرابوون! سەبارەت بە کاک ئەمیری قازیو هەڵمەت، بەگومان بووین پێمان وابوو نێردراوی حەسۆ میرخانو پاراستنن!...

ئێمە ئەو کۆمەڵە کادرەی لە دۆڵەڕەقە، لە دەوری یەک کۆبووینەوە، هەمووماان سەرمان لە هاتنی ئەو میوانە تازە هاتوانە سوڕ مابوو! هەموومان بە عەلامەتی پرسیار، چاومان لێکتر دەکرد، هیچمان دەستگیر نەبوو. دوایی دەگەڵ کاک سولەیمانو کاک حەمەدەمینی ڕەحمەتیو سمایل چووینە خوار کانییەکەی دوڵەڕەقە، لەوێ دەستمان کرد بە پرسیاران؟ کەس هاتنو بانگ کردنی ئەوانەی وەئەستۆی خۆی نەگرتو پێیان لە سەر بێئاگایی خۆیان دادەگرت. دوایی هاتینە سەر ئەو ڕایە لەوانەیە ڕەحمەتی مونتەقیمی قازی کە زۆر زاربەهاوار بوو، ئەو ڕازەکەی درکاندبێ؟ مونتەقیم هات گوتی بە قەبری قازی محەمەد نە بەکەسم گوتوە، نە ئاگادارم کێ بەوانەی گوتوە! بەهەرحاڵ گوتیان هاتووین بۆ کۆبوونەوەی. گوتمان هاتوون بەخێربن!

کۆبوونەوەکەمان بە لاڕێدا برد مەبەستی خۆمان دەرنەبڕیو گوتمان: لەسەر بێسەروشوێنبوونی کاک سەدیق، پێویستە کۆ بینەوەو داوا لە سەرۆک بارزانی بکەین بەڵکوو بۆ دۆزینەوەو سەروسۆراخی ناوبراو، یارمەتییەکمان بکا؟ کۆبوونەوە دەستی پێکردو... لە کوتاییدا نامەیەک بۆ سەرۆک بارزانی نووسراو هەموومان ئیمزامان کرد... وابزانم نامەکە درا بە کاک ئەمیری قازی کە بیگەیەنێ. کۆبوونەوەکەی "دۆڵەڕەقە" دوایی پێهات. بەداخەوەی هیچ ئاکامی نەبوو، مەبەستی خۆی نەپێکا. دوایی هەر کەسەی بۆ شوێنی کاری خۆی گەڕایەوە. نامەکەش گەیشتە دەستی مەلامستەفا یان نەگەیشت، کەس جارێکی دیکە پرسیاری لێنەکردەوە! (ناوی بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیەم لە "لاپەڕەیەک لە تیکۆشان..." نووسیوە.)

## "کۆمیتەی ئینقیلابی" چۆن دروست بوو، ئەندامەکانی کێ بوون و چەند کەس بوون؟

لە گەڕانەوە لە "دۆڵەڕەقە"وە بۆ باڵەکایەتی، کاک حەمەددەمینو سمایلو ئاوارەو سالارو مەلاعەوڵای سەرباز، دەگەڵ ئێمە هاتنەوە باڵەکایەتی. ئێمە ئەو جارە بە ڕێگای زینوێ ئەستێرۆکان، دۆڵی وەرتێدا گەڕاینەوە. هاتینەوە پردی سوور، لە سەر جادە سواری ماشین بووین بۆشەو گەیشتینەوە خەلان. سمایلو سالارو مەلا ئاوارە، دەگەڵ ئێمە هاتن. بەڵام کاک حەمەددەمینو کاک مەلا عەوڵای سەرباز، لە ئێمە هەڵبڕان چوون بۆ ناحیەی گەلاڵە. سبەی ئەو شەوە یان دووسبەی ئەو شەوە بوو؟ کاک حەمەددەمین گەڕایەوە بۆ گوندی خەلان.

شەوێک شەهید سمایل، هاتە ماڵی ئێمە، بە تووبای هاوسەرمی گوت: برا ژن سبەی میوانم دێ، هیچ هەیە بۆ نیورۆژ بۆیان لێنێین؟ حەز ناکەم میوانی خانەقا بن. تووبا گوتی: ئەوە چ فەرمایشتێکە کاک سمایل؟ نێوچاوانی تۆ خۆش بێ شتێک هەر دەبێ!

ئەمن خۆم، هیچم لە ماڵی خۆمان پێشک نەدەهات. نازانم تووبا، لە کوێ مستەبرنجێکی پەیدا کردبوو لێی‌نا!.. نەهار ئامادە نەببوو، ماشێنێک هات سێ، چوار چەکداری لێ دابەزین! یەکێک لە چەکدارەکان، وەک ژنراڵو ئەفسەری پلە بەرزی ئێرانی دەچوو، شکڵو شەمایلی پێشمەرگەی پێوە دیار نەبوو. سمایل بەرەو پیریان چوو، بەرەو ماڵی خۆمانی هێنان. ئەمن هەرگیز لە نزیکەوە کاک سەنناری مامەدیم نەدیتبوو. کە قسەیان کرد زانیم شکاکن. نانێکی دەروێشیو هەژارانەیان خوارد، یەک یەک، دوو دوو، بەرەو " دۆڵی ئالانێ" ڕۆیشتن. ئیدی هەتا دوانێوەڕۆیەکی درەنگ نەگەڕانەوە. کاتێ گەڕانەوە مەلا عەوڵاش دەگەڵ ئەوان ڕۆیشت. ئیدی ئەمن پرسیارم نەکرد چ کەسن؟ {بەگوێرەی نامەی کاک سەعید کوێستانی، کە بۆ کاک کەریمی نووسیوە: لە دەیەی یەکەمی مانگی یوونی ١٩٦٦دا ئەو کۆمیتەیە (کۆمیتەی ئینقلابی) دامەزرانو پێکهاتنی خۆی ڕاگەیاندوە!}

ئەو ڕۆژە بوو یان دواتر؟ دەگەڵ کاک سەعید چووینە دەرەوەی ئاوایی خەلان، وا بزانم بۆ لای مەکتەبەکەی خەلان چووین؟ کاک سەعید بە دەم ڕێگاوە، گوتی: مەلا پیرۆت نهێنی‌یەک هەیە دەمەوێ پێتی بڵێم، بەڵام بە مەرجێک هەر لە نێوان خۆماندا بمێنێتەوە. ئەمنیش بەڵێنیم پێدا. گوتی: نابێ حەمەددەمینو سمایلو سالار بە هیچ جۆر بزاننەوە! گوتم پێویست ناکات! گوتی: دەزانی ئەو ژەنراڵە کێ بوو هاتبوو؟ گوتم: ناوەڵڵا! بەهەرحاڵ کاک سەعید ڕازەکەی درکاندو گوتی ئەوە کاک سەنناری مامەدی بوو، هاتبوو، "کۆمیتەی ئینقلابی" مان پێکەوە ناوە. نووسراوەیەکی یەک لاپەڕەیی بە تایپێکی زۆر ورد تایپکراوی پێشان دام، گوتی: ئەوەش "تیشک" ە ڕۆژنامەی ئۆرگانەکەمانە. بڕێکی بۆ خوێندمەوە، بەڵام بەداخەوە ئەمن هیچی لێ حاڵی نەبووم، بەلام پیرۆزباییم پێگوت!

ئیدی ئەمن لەوێ بەو قەناعەتە گەیشتم کە، هاتنی ئەو دۆستانە بۆ کۆبوونەوەی "دۆڵەڕەقە" هەر رواڵەتی بووە! کۆبوونەکەیان بە دەرفەت قۆستۆتەوە، زۆرتر بۆ ڕاگۆڕینەو ڕێکەوتن، لە سەر بەرنامەی ئەو ڕێکخراوەیە، کومیتەی ئینقلابی، هاتبوون! ئیدی ئەو کۆمیتەیە جگە لەو لاپەڕەیە، کە کاک سەعید بە "تیشک"ی نێو برد، هێچی دیکەم لێ نەدیتەوە. ئەو برادەرانەی کۆمیتەی "ئینقلابی" لای سولەیمانو کادرەکانی لکی٣ هەرگیز باسیان نەکردو نەیاندرکاند! بەکردەوە دەریانخست، کە ئەوان ئیعتیمادیان بە سولەیمانو کادرەکانی لکی ٣ نیە! ئەوە قەناعەتی ئەوان بوو، هەقی خۆیان بووە! با بزانین ئەو کۆمیتەیە، کە لە حەوت کەس پێکهاتبوو؛ لە مەیدانی خەباتدا بەکردەوە، بەرهەمو ئاکامی چیی لێکەوتەوە؟؟

وێڕای ڕێزو حورمەت، بۆ هەمووی ئەو بەڕێزانەی کۆمیتەی ئینقلابی، ئاکام و بەسەرهاتەکەی بوو بەچی وچیی بەسەر هات؟
لێرە جارێ باسی ئەو کۆمیتەیە بەجێ دێڵم و دواتر لە بارەیدا دەدوێم.

--------------

بۆئەوەی لە یادی ئەو جوانەمەرگە لە خوێنداشەڵلانە دوور نەکەوینەوە، درێژە بە یادی جووڵانەوەو خەباتی خوێناوییان دەدەم. ئەمن لێرەدا، ئاماژەم بە چالاکیی کاک سولەیمانی موعینی، وەک: ئەندامی "کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی لکی سێی حیزبی دێموکراتی کوردستان" کردووە ڕۆژنامەی(ڕۆژ)و دروشمەکەی بەڵگەیەو ئەوە دەسەلمێنێ!

{ دەسکەوتی ئەو شەش، حەوت مانگ مانەوەیەی کاک سولەیمانی موعینی، لە نێوخۆی وڵات، مایەی ڕێزو خۆشەویستییەکی زۆر بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانو کادرو پێشمەرگەکانی بوو. دەکرێ بگوترێ: خۆشەویستیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو پێشمەرگەکان، لە مەڵبەندی موکریان گەیشتبووە لوتکە. تەنانەت خەڵکی مەڵبەند سکاڵای گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ، خۆشیان دەهێنایە بنکەکانو لای پێشمەرگەکان. ئەو کارە چاک بووبێ یان خراپ، باسی ئێمە نیە! خەڵکی کوردستان، لەو سەردەمەدا پێشمەرگەیان بە دڵسۆزو پارێزەری کەرامەتو پشتیوانی خۆیان دەزانی...}

کاک سولەیمان وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە دۆڵەڕەقە بە دوورخراوەیی مایەوە، کادرو پێشمەرگە بەوەفاکان لێی دوور نەکەوتنەوە. جاروبار بە نهێنی دوور لە چاوی پاراستن، سنووریشیان دەپەڕاند. بۆخۆی نەدەچووە، بەڵام کادرو پێشمەرگە دەچوونەوە دیوی ڕۆژهەڵات. دوورخستنەوەی بۆ "دۆڵەرەقە" نەیتوانی ببێتە بەرهەڵستی چالاکیی سیاسی. پێوەندی دەگەڵ ناوچەکانی شوێنی بەرپرسایەتیی خۆیو تەشکیلاتەکان، بە نەپساوەیی درێژەی هەبوو. لە ئاخر مانگی هاوینی ١٣٤٥دا ساواک، یان ژاندەرمری، پیلانی تیرۆری خۆی یان پێشمەرگەکان

دادەرێژن. بێ ئەوەی خۆی گومانی هەبووبێ! لێرەدا ئەمن ئاماژە بەقسەی خۆدی خۆی دەکەم، بۆی باس کردم، گوتی: "... پێشمەرگەیەکی زۆر ئازاو هەڵکەوتوومان بۆ هاتوه! ناوی... (لەبیرم نەماوە بە چناوێک خۆی ناساندبوو.) - لە ژیانمدا کەم کەسی وەها زیرەکو ئازاو بەکارم دیوە؟ چەکمان نەبوو بیدەینێ، جارێ پێنج تیرەکەی تۆمان داوەتێ...!"

ئەو پێشمەرگە ئازایە محەمەد سەرباز بوو. ناوی خۆی گۆڕیبوو، چووبووە دیَرێ گوتبووی هاتوە ببێتە پێشمەرگە! لە ماوەیەکی کەمدا سەرنجی هەموویانی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو. بە دارهێنانو خزمەتو خاوێنیو چوستوچالاکی هەموویانی فریو دابوو! دوای ماوەیەک، سەفەرێکی دیوی ڕۆژهەلاتی کوردستان، بۆ دەستەیەک لە کادرو پێشمەرگەکان ڕێک دەخا. کاتی ڕۆیشتن محەمەد سەرباز، داوا دەکا بۆ ئەو سەفەرەی ئێران ئەویش دەگەڵ خۆیان بەرن... نازانم چ دەکاتە بیانوو دەڵێ لە ولات هەقو حیسابی لای کەسێک ماوە... بێ ئەوەی لێی دڕدۆنگ بن، وەک پێشمەرگە دەگەڵیان دەکەوێ. دەڕۆن هەتا دەوروبەری خانەقای بورهانو غەوساباتو ئەو نێوە... پێشمەرگەکان وریا دەبن، یان نازانم چۆن بووە مەئموورییەتەکەی بۆ ئەنجام نادرێ؟ دەگەڕێنەوە بەری دێبوکرو برایمەو دواتر دەچنە گوندی هەوشینان. وەک دەیانگوت: زۆر ماندوو دەبن، لە گوندی هەوشینان، لادەدەن خەریکی وچانو نانوچاخواردن دەبن. سەرنج دەدەن پێشمەرگە... (محەمە سەرباز) دیار نیە! هەوشینان هەمووی چوار، پێنج ماڵە. لە هیچ یەک لە ماڵەکان نابێ. عەبدوڵلای موعینی: نیگەران بووین دەستمان دایە چەکەکانمانو بەرەو گوندی بازڕگەو قەڵاتی شای وەبەندەنێ هەڵگەڕاین. زۆر لە ئاوایی دوور نەکەوتبووینەوە، سەیرمان کرد ئەوە محەمەد سەرباز، تفەنگێکی بڕنووی درێژی لەسەر شانەو گەیشتۆتە نزیک ئاوایی بە هەموو هێزی خۆی هەرا دەکا: دایکت... عەبدوڵلا موعینی چۆن خۆت لە دەستی محەمەد سەرباز ڕزگار دەکەی؟ عەبدوڵلا گوتی: تەماشامان کرد دەپازدە، ژاندارم، ئەوە دێن لە ئاوایی هەوشینان نزیک دەبنەوە. ئێمە گەیشتبووینە تاشەبەردەکانی سەرەوەی هەوشینان. ژاندارمەکان ئێمەیان نەدیبوو، ئەگەر مەبەستمان لێدانیان بووایە دەمانتوانی قەڵتوبڕیان دەنێو خەین. بەلاّم مەسەلەی مەسڵەحەتی شۆڕشمان بۆ گرینگ بوو. گوتی ئەگەر فریای خۆمان نەکەوتباین هەمووهان غافلگیر دەکراین. بەلاّم سەرم لەوە سوڕ ماوە، ئەو هەتیوە چخێرا گەیشتە پاسگای لگبن، ئەو ژاندرمانەی هێنان؟

بە سلاّمەتی گەیشتنەوە... مەبەست لە گێڕانەوەی ئەو بابەتە، چالاکیی سولەیمانو کادرەکانی وەک مەلا مەحموودو عەبدوڵلاو مونتەقیم بوو کە بەڕاستی کۆڵنەدەر بوونو کۆڵیان نەدا ڕووحیان شاد!

لە هاوینو پاییزی ١٣٤٥دا، کادرو پێشمەرگەکان، عەبدوڵلاو مونتەقیم، مەلاقادر لاچینیو مەلا مەحموودی زەنگەنەی دەگەڵ چەند کەس لە پێشمەرگەکان دوو جار سەردانی نێوخۆی ولاّتیان کرد و ناوچەکانیان بەسەر کردنەوە. لەگەڵ زۆر لە ناوچەکان پێوەندیی تەشکیلاتیی ڕاستەوخۆیان هەبوو...



سەرچاوە
Serchawe

لە دوایین جاری سەفەری کادرو پێشمەرگەکان بۆ نێوخۆی وڵات، لە گەڕانەوەیاندا، مریەم خانمی هاوسەری‌و سیامەندی کوڕی کاک سولەیمانیان، دەگەڵ خۆیان هێنا بۆ دۆڵە ڕەقە. دواتر، یان پێشتر؟ بنکەیان گواستەوە بۆ گوندی دێرێ...

پاییزی ئەو ساڵە، لە بیرم نەماوە کام مانگ بوو، ئەوەندەم لە بیرە زۆرسەرما بوو. ڕۆژێک مامۆستا مەلا ڕەحیم‌و کاک سولەیمان لە خەلان پەیدا بوون. شەو لای ئێمە نەمانەوە، گوتیان خۆتان ساز کەن دەچین بۆ ناوپردان. پارتی وەک میوان، دەعوەتی کردووین بۆ کۆنگرەی ٧ ی خۆیان. دەگەڵ کاک سەعید کویستانی‌و مەلا قادرو مەلا مەحموودی زەنگەنە دەگەڵیان چووین بۆ ناوپردان. لە ناوپردان دوو خێوت هەڵدرابوون. یەکیان بۆ ئێمەو ئەوی تر بۆ برادەرانی پارتی دێموکراتی کوردی سووریا، لەژێریاندا خەوتین... بۆ سبەی چووینە گەلاڵە، دوای باسی ئازادی کۆنگرە بۆ میوانان، پەیامی حیزبەکان خوێندرایەوە، دەگەڵ کاک سەعید ئێمە گەڕاینەوە بۆ خەلان. دواتر کاک سولەیمان‌و مامۆستا مەلا ڕەحیم دەگەڵ جەماعەت هاتنەوە بۆ خەلان. چەند ژمارەیەک ڕۆژنامەی ڕۆژیان هینابوو، بەشی ناوچەکانی شاروێران‌و شاماتم هەڵگرت. کاک سولەیمان گوتی: پێویستمان بەچەند ژمارەیەک هەیە، بینێرین بۆ ئورووپا. پۆستە هەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئورووپا. بەمنی گوت، دەتوانی: بیانبەی بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی، کاک عیسمەت شەریف لەوێیە بەڵام بیاندە دەست خۆی! گوتم ئەگەر لەوێ نەبوو؟ گوتی: ڕاوەستە هەتا دێتەوە. قسەمان دەگەڵ کردووە، بە ئێراندا دەگەڕێتەوە، بەڵام کەس کیفو ساکی ئەو ناگەڕێ...

چوومە ناوپردان، کاک عیسمەت شەریف لەوێ بوو. بەستەکەم دایە، گوتم: ئەوە هی کاک فایقە بۆ کاک عەبدوڕەحمانی قاسملووی ناردوە. گوتی کاکە ناترسن لە ئێران بیدەم بە ساواک؟! کردیە شۆخی‌و چایەکم خواردەوەو ماڵئاواییم لێکرد. کاک سولەیمان گوتی ئێستا بنکەکەمان گواستۆتەوە بۆ دێرێ، دەگەڵ کاک سەعید پێش نەورۆز وەرن بۆ لای ئێمە. جەماعەتی لای هەڵەبجەو پێنجوێنیش دێن...

مانگی ڕەشەمەی ١٣٤٥ بوو. دەگەڵ کاک سەعید چووین بۆ گوندی دێرێ. کە چووین کاک حەمەدەمین سیراجی‌و سمایل‌و سالارو ئاوارەش هاتبوون. هەروەها مامۆستا مەلا ڕەحیم‌و مام ئەسکەندەرو میرزا سەعیدیش هاتبوون. دیدارێکی خۆش بوو، بەڵام ئەوجارە باسی هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی‌و کۆنفرانس، نەکرا! تەنیا چاوپێکەوتن‌و دیداری دۆستانە بوو. چەند ڕۆژێک لەدێرێ ماینەوە. دوایی ئەمن تەنیا گەڕامەوە. سەعید دەگەڵ ئاوارەو کاک حەمەدەمین‌و ئەوانی دیکە چوو بۆ گەڵوەڕەز، گوتی ماوەیەک لای کاک حەمەدەمین‌و هاوڕێیان دەمێنێتەوە... (لەوانەیە بەپاراستنیان قەبڵاندبێ: ئەوانەی کە وا لە دێرێ کۆ بوونەتەوە، شتێکیان لەبن سەردا هەیە!)

دروست لە بیرم نەماوە، چەند ڕۆژ دوای نەورۆزی ١٣٤٦ بوو، کاک سولەیمان موعینی دەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی پێشمەرگەو کادر هات بۆ باڵەکایەتی، لە خەلان میوانی خانەقا، بوون‌و لە زینوێ میوانی کاک مستەفای شیخ عوبەیدیللا بوون. چەند ڕۆژێک لەو نێوە مانەوە.

کاک مونتەقیمی قازی -ڕووحی شاد- لەو سەفەرەدا دەگەڵ کاک سولەیمان بوو. دەگەڵ کاک مستەفای شێخی هەر سرتوخورتیان بوو! هەموومان دەمانزانی کە مونتەقیم خۆی بە پەلێکدا دەدا! چونکە گەیشتبا هەر کەس، لە پێشدا دەیگوت: "ئەتۆ تێدای لە دێڵەزەردێ بدەین؟" مەبەستی لە دێڵەزەرد، حکوومەتی ئێران بوو. دەگەڵ عەبدوڵڵای موعینی شۆخیو جەفەنگیان هەبوو. عەبدوڵڵا دەیگوت مونتەقیم بە چی لە دێڵەزەردێ دەدەی؟ بڕنوێکت پێیە لە ژەنگێدا سووتاوە لە بیست جێگا خانەبڕ بووە! مەگین... بخۆی دەنا بەچ...؟

لەو سەفەرەدا مونتەقیم لە داوی کاک مستەفا دەکەوێ... کاک سولەیمان هاتەوە خەلان، لە وێرا گەڕایەوە بۆ دێرێ، مونتەقیمی دەگەڵ نەبوو. کاک سولەیمان بە منی گوت: مونتەقیم خەریکە بەقسەی کاک مستەفا بچێ بۆ هەولێر. ئەمن زۆرم هەوڵ دەگەڵ دا، فایدەی نەبوو، بەقسەی نەکردم.

گوتێ: مەردی خودا بن هەوڵی دەگەڵ بدەن پەژیوان بێتەوە، پاراستن دەیگرێ! ئیدی ئەمن هەتا ڕایەت بۆ بەڕێکردنی دەگەڵی چووم. ئەو خواحافیزیی کردو بەرەو گەلاڵە ڕۆیی...

مونتەقیم لە زینویێڕا گەڕایەوە بۆ خەلان، هاتەماڵی ئێمە. کۆڵەپشتو تفەنگەکەی لە ماڵی ئێمە دانا گوتی دەچێتە هەولێر. هەولم دا مونتەقیم پەژیوان بێتەوە بەڵام تازە تەسمیمی گرتبوو، فایدەی نەبوو! کاک حەمەدەمینو سمایلو سالار لە ماڵی کاک سەعید کوێستانی بوون. دوایی منو مونتەقیم چووینە ماڵی سەعید. شادڕەوان مونتەقیم دەگەڵ سمایلو کاک حەمەدەمین، هێندێکیان جەفەنگ لێدا. گوتیان: مونتەقیم کەنگێ لە دێڵەزەردێ دەدەی؟ گوتی: " دە بڕۆن هەی ... ترسەنۆکینە...". ئیدی ماشێن هاتو مونتەقیم سوار بوو بەرەو گەلاڵە. بۆ ئەو سەفەرە کەسێکی دیکەی دەگەڵ بوو، بەڵام ئەو کەسە، لەسەر قەراری خۆیان لە دەربەند یان چۆمان دەگەڵ مونتەقیم یەکتر دەگرنەوە. مونتەقیم لەسەر قەراری پێشتر دەگەڵ کابرا، پێکەوە دەڕۆن بۆ هەولێر. میوانی کاک عومەری شێخ عوبەیدیللا دەبن. دواتر دەچنە ماڵێ قادر مەنتکی میوانی ئەویش دەبن. قادر مەنتک ماجەڕای ئەو سەفەرەی مونتەقیمی، بە تەسەلی بۆ گێڕامەوە. گوتی کابرایەکی دەگەڵ بوو...؟ قادر مەنتک کابرای دەناسی، ئەمن ناوی ناهێنم. بەڵام ئاگای سەرو سیرڕیان نەبوو!

کابرای هاوڕێ، بە مونتەقیم دەڵێ: بۆ ئەوەی پاراستن لێمان وەشک نەکەوێ ئەمن دەپێشدا دەڕۆم، ئەتۆش دوای من وەرە. مونتەقیمی سادەو ساکاری دوور لە هەموو فڕوفێڵێک؛ دەڵێ: زۆرباشە! کابرا دەڕوا، بەدوای ئەودا مونتەقیم، لە هەولێر سواری ماشێن دەبێ دەگەڕێتەوە بۆ باڵەکایەتی. دەگاتە بازگەی بەرزێوە، ماشێنەکەی ڕادەگرنو پێشمەرگە دەڵێن: هەویەکانتان؟ مونتەقیم ئیجازەنامەی شۆڕشی پێدەبێ. بەمونتەقیمی دەڵێن: کاکە زەحمەت نەبێ جەنابت دابەزە کارمان پێتە! دادەبەزێ، هێشتا وەک عادەتی هەمیشەیی خۆی، بە خۆی نازانێ دەیکاتە جەفەنگو قسەی خۆش... ئیدی نازانێ بۆچیانە! کابرای شۆفێریش لە سەری ڕادەوەستێ؟ دوایی پێشمەرگەکان بە شۆفێرەکە دەڵێن کاکە ڕامەوەستە ئەتۆ

بڕۆ، بەڵام بەکابرای شوفێر دەڵێن لە زارت نەیەتە دەر، کی سواری ماشێنەکەت بووەو لە کوێ دابەزیوە؟! ئیدی شۆفیری بێچارە دەڕوات. بە شەو مونتەقیم دەگوێزنەوە بۆ گەلاڵە. شەو دەیبەنە بەندیخانە. بەیانی وەکوو هەمیشە، پێشمەرگەیەک دەڵێ: نەفەرێک هەستێ بچین بۆ فڕنی نان بێنین. مونتەقم هەڵدەستێ تەلیسێک هەڵدەگرێ‌و دەگەڵ پێشمەرگەیەک دەکەوێ بچن نانی بێنن. مەبەستی مونتەقیمی لە چوون بۆ فڕنی خۆئاشکراکردن دەبێ! نانهێنان دەکاتە بیانوو، بەڵکوو بیبینن‌و برادەرەکانی بزانن کە گیراوە... فڕنەکە لە نێو بازار بوو. مونتەقیم ئەو کارەی زۆر ئاقڵانە دەبێ دەزانێ دزیویانەو لەوانەیە بەدزی تەسلیمی حکوومەتی شای ئێرانی بکەنەوە؟

هێندێک برادەری حیزبی هەورامیمان هەبوون لە گەلاڵە دوکانیان هەبوو. دەبینن مونتەقیم تەلیسی بە پشتەوەیە؟ یەکێک لەو برادەرانە، نازانم کامیان دەبێ دەڵێ: کاک مونتەقیم! ئەوە چیە سەری سوڕ دەمێنێ؟ دەڵێ هیچ نیە بە برادەران ڕابگەیەنە، ئەمن لە هەولێر گەڕاومەتەوە، لێرە هێندێ پرسیاریان لێم هەیە، بە زوویی دێمەوە. بە ئاماژە ئەو برادەرەی تێدەگەیەنێ کە گیراوە! ئیدی خێرا، ئەو برادەرە وەڵام بۆ کاک سەعید کوێستانی دەنێرێ کە مونتەقیم لە گەلاڵە گیراوە! کاک سەعید هەر ئەو دەم چوو بۆ گەلاڵە، بۆ لای برادەرانی هەورامی. ئەوانیش نەقڵ و هەقایەتی تووشبوونی مونتەقیم، بۆ کاک سەعید کوێستانی دەگێڕنەوە...! ئیتر ئێمەش کردمان بە دەنگۆ کە دەنگ بداتەوە: مونتەقیمی قازی لەلایەن پاراستنەوە گیراوە...! هیوادارم زیندوویاد مونتەقیم ئەو بەسەرهاتەی بۆ براکانی‌و کەسانی نزیک لە خۆی گێڕابیتەوەو لە مێژووی خەباتی خوێناویدا، بە لێڵی نەمێنێتەوە...!

نازانم چەند ڕۆژ دوای گرتنی مونتەقیم، ١-٢ یان زۆرتر؟ نووسراوێک دەنێرن بۆ کاک سولەیمانی موعینی کە بچێتە مەکتەبی سیاسی. کە نامەکەی بۆ دێت وە شک دەکەوێ‌و خێرا وەڕێ دەکەوێ دێت بەرەو حافیزو ناوچەی بالەک. بە گوێرەی ئەوەی سەعید بۆ منی گێڕاوەتەوە: شەو دەبێ ئەحمەدە کوێری بارام میرزای دەنێرێ بەدوای سەعید کوێستانیدا. سەعید: شەوەکی، دەگەڵ ئەحمەدی بارام میرزای وەڕێ دەکەون. گوتی بەیانە بوو گەیشتمە نزیک پردی حافیز، چووین سولەیمان لە بەندەنێ بوو. سەعید گوتی: سولەیمان پێی گوتم نووسراوەیەکم بۆ هاتوە بە نێوی مەکتەبی سیاسی. ئەتۆ بچووە لای مامۆستا عەلی عەبدوڵلا، یان نووری شاوەیس، بزانە ئەوان ئەم نووسراوەیان بۆ من ناردوە بچم بۆ دەفتەری سیاسی؟ یان کاک ئیدریس بارزانی بەنێوی مەکتەبی سیاسی دەیەوێ بانگم بکا...؟ سەعید دەڵێ: دەچێتە لای مامۆستا نووری شاویسی ڕەحمەتی. بەسەرهاتەکەی بۆ باس دەکا. پێی دەڵێن ئێمە ئاگامان لە هیچ شتێک نیە! ئیتر سەعید خێرایەک، دەگەڕێتەوە بۆ لای سولەیمان‌و بێ ئاگایی مەکتەبی سیاسیی پێ ڕادەگەیەنێ...

سەعید: دەگەڵ سولەیمان دانیشتین، زۆرمان بیر لێکردەوە بەو نەتیجەیە گەیشتین: پاراستن‌و کاک ئیدریس، نییەتی باشیان نیە.

سولەیمان گوتی: ئەمن جارێ خۆم دەبوێرم، بزانین بارزانی دەڵێ چی...؟: دەگەڵ دۆستانی دەرگەڵەش پرسو ڕا دەکەم. گوتی ئێوە هەتا بۆتان دەکرێ دەگەڵ مەلا پیرۆتی لە جێگای خۆتان مەبزوون. بزانین چمان بەسەر دێ ئەمن پێوەندیتان پێوە دەگرمەوە... ئەمن خەوتبووم، ئاگام لەو بەسەرهاتە نەبووە سەعید دوای گەڕانەوەی بۆی گێڕامەوە...

ئەحمەدی بارام میرزای خۆی لە سولەیمانی موعینی دەدزێتەوە، دەچێتە لای فەرانسۆ، هەرچی دەیزانێ بە فرانسۆی دەڵێ...! جاچەند لەوە پێش دەستی دەگەڵ پاراستن هەبووە هەر خوا دەزانێ؟ لە لایەن پاراستنەوە، هێزی پێشمەرگە دەنێرن بۆ سەر بنکەی دێرێ. ئیدی نازانم هێزەکە لە بێتواتەوە دەچێ یان لە کوێوە...؟ دەچنە سەر بنکەی دێرێ، هیچی لێ نیە جگە لە چەند کۆنە لێفەی شڕ! ئیدی سولەیمان دەگەڵ پێشمەرگەو کادرەکانی نیشتەجێی دێرێ، بەرەو چیاکانی سنووری رۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە. بەدوای مینە شەمی بەوەفاو هەمیشەزیندوودا دەنێرێ، مەلا ڕەسووڵی پێشنەماز... هەتا ئێرە ئەوەندە ئاگاداریم لە  سەر کاک سولەیمان موعینیو کادرو پێشمەرگەکان. هەیە.

### پێشتر باسی کۆمیتەی ئینقلابیمان کرد پاشماوەی ئەو باسە:

رۆژێک کاک مەلا عەبدوڵڵای سەرباز کە، ئەندامی کۆمیتەی ئینقلابی بوو هات بۆخەلان، میوانی کاک سەعید کوێستانی بوو. بەدروستی لە بیرم نەماوە، پێش رۆیشتنی کاک سولەیمان بوو یان دوای رۆیشتنی ئەو؟ دەزانم رۆژێکی گەرمو هەتاو بوو، هەوای خۆش بوو، لە سەربان دەگەڵ کاک سەعید پیاسەیان دەکرد. دەتوانم بڵێم: ماوەی پیاسەکەیان، سنووری ئاسایی تێپەڕاندبوو، زۆری خایاند. مەلا عەبدوڵڵای سەرباز، هەر ئەو رۆژە، ماڵئاوایی لە کاک سەعید کردو رۆیشت. ئێستاشی دەگەڵ بێ نەگەڕایەوە و بۆی دەرچوو! هەرووک پێشتر گوتم: ئەمن پرسیارم لە سەعید نەکرد کە، دەگەڵ مەلا عەبدوڵڵا باسی چییان کردوە، یان بۆ کوێ چووە؟ رۆژێک دەگەڵ کاک سەعید دەچووین بۆ گوندی زینوێ، بەدەم ڕێگاوە، گوتی: مەلا عەبدوڵڵا بەیەکجاری گەڕایەوە بۆ ئێران. گوتم: چما ناوبراو قاچاخ نەبوو، ساواک دەردەسەری بۆ دروست ناکات...؟ سەعید قسەی گوتنی هەبوو، بەڵام باسی هیچی نەکردو ئەمنیش هیچ پرسیاری دیکەم لێنەکرد. دوایی سەعید ئەوەندەی گوت: مەلا عەبدوڵڵا تازە ناگەڕێتەوە! دیسان ئەمن پرسیارم نەکرد بۆ؟ مەلاعەولا، لەنێو ئەندامانی کۆمیتەی "ئینقلابی" کەسێکی بەوەجی خاوەن نەزەر بوو! بەڵام ماڵئاوایی لەو رێکخراوە کردو بەجێی هێشتن!

- دوای دەربەدەربوونی سولەیمانو ڕادەستکردنەوەی مونتەقیم بە ئێران، کاک حەمەدەمینو سمایلو سالار، لە خەلان، میوانی کوڕانی شێخ عەلائەددین بوون. خەبەر هات گوتیان سەننار گوتوویە دەگەڕێتەوە بۆ ئێران، لەوێ شۆڕش دەکا؟ لە ماڵی کاک سەعید کوێستانی بوون، سالاری حەیدەرییان بەپەلە سازکرد، وەدوای سەننار کەوێو نەهێڵێ بڕوات! چۆن لەو هەلومەرجەدا کاری وەها دەکا...؟ بە سالاریان گوت دەبێ پەلە بکەی، بچی بۆ سیدەکان! سمایلو کاک حەمەدەمین گەڕانەوە بۆ گەڵوەرەزێ. داوایان لە سالار کرد خێرا بچێت بۆ سیدەکانو خێراش بگەڕێتەوە بۆ لای خۆیان!



سەرچاوە
Serchawe

ئیدی سالار ڕۆیشت ئیستاشی دەگەڵ بێ هەردەڕوا! دوای چەند ڕۆژان بەهۆی کابرایەکی خەڵکی یەکێک لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات، نووسراوەیەکی چەند دێڕیی لە کوتە قاقەزێک بۆ سەعید نووسیبوو:

"ئەمن دەگەڵ کاک سەننار گەڕامەوە بۆ ئێران، بە وتەی مونتەقیم لە"دێلە زەرد" دەدەین! وتەیەکی "مائۆ"ی کردبووە ئێوئاخنی نووسراوەکەی_ "دوژمن بەبری قاقەزیە" نابێ ...!" ئەوە ئەمنو کاک سەننار گەڕاینەوە بۆ ئێران." ناوەڕۆکی نووسراوەکەی سالار بابەتێکی لەو جۆرە بوو. کاک سەنناروو سالاریش ڕۆیشتن لە ئێران ئینقلاب بکەن. لە حەوتان سێیان بەرەو ئێران گەڕانەوە. چوارکەسیان مانەوە...!

## چارەنووسی سمایل و حەمەدەمینی سیراجی چی بەسەردێ؟

دوای ئەوە کە حەمەدەمینو سمایل گەڕانەوە بۆ گەڵوەڕەز، ڕۆژێک کابرایەک دەبێتە میوانیانو نامەیەکیان دەداتێ. نامەکە هی کاک کەریمی حیسامییە. لەبەغدا ئەو لاوەی دەست کەوتووە داوای لێکردوە کە بە زووترین کات ئەو نامەیە بەرێ بۆ گەڵوەڕەز بۆ سمایلی شەریفزادە. نامەکە دەخوێننەوە، زیندوویاد حەمەدەمین دەڵێ چاکی هێناوە. خێرا تۆ بڕۆ بۆ بەغدا، لەوانەیە سالاریش بگەڕێتەوە!

سمایل دەڕوات بۆ بەغدا، لەوێ دەگەڵ کاک کەریمی حیسامی یەکتر دەگرنەوە، دەچنە لای یووسفی ریزوانیی گۆڕغەریب... دوای ئەوەی سمایل دەڕوا بۆ بەغدا، حەسۆ میرخان، مەفرەزەیەک پێشمەرگە، دەنێرێ بۆ گەڵوەڕەز، سمایلو حەمەدەمین بەرن بۆ سەنگەسەر بۆ لای حەسۆ. سمایل لە بەغدایە. لە کاک حەمەدەمین دەپرسن سمایل لە کوێیە؟ دەڵێ: چۆتە قەڵادزە! ئیدی لە سەر سمایل بەند نابن کاک حەمەدەمین دێنن بۆ سەنگەسەر. کاک حەمەدەمین بەهۆی ئاشنایان لە سمایل ڕادەسپێرێ نەیەتەوە بۆ گەڵوەڕەز، خۆی بگەیەنێتە مەلا ئاوارە...!

ئێمە لە خەلان زانیمان حەسۆ میرخان ناردوویە سمایلو حەمەدەمین بەرن بۆ سەنگەسەر، سمایل چۆتە بەغدا،و حەمەدەمینیشیان هێناوە لە سەنگەسەر دەسبەسەرە...!

ئەو دەم ئەمن دەگەڵ کاک سەعید کوێستانی ماڵمان لە گوندی خەلان بوو. هەواڵمان زانی کە حەسۆ میرخان، کاک حەمەدەمینی هێناوە بۆ سەنگەسەر، لەوێ دەسبەسەرەوە سمایلیش چۆتە سلێمانی... لە هەمان کاتدا نامە چەند دێڕییەکەی سالاریش هاتبوو، پێداگری کردبوو، کاک حەمەدەمینو سمایل لەسەر گەڕانەوەی سالار بۆ ئێران ئاگادار کرێنەوە...! دەگەڵ کاک سەعید، فەقێ برایمی، برای فەقێ مستەفای کە خزمی ساڵح لاجانی بوو، سازمان کرد، بە بیانووی سەردانی ماڵی ساڵح لاجانی. ناردمان بۆسەنگەسەر. کاک سەعید، نەوێرا نامە بۆ کاک حەمەدەمینو سمایل بنووسێ نەوەک دەگیر بکەوێ و فەقێ برایمیش سەری تێدا بچێ! هەواڵی سالار و کاک سەنناری بۆ ناردن بەبێ نووسینی

نامە... ئەو بەسەرهاتە ئەوەندە درێژە لێرەدا هەمووی نانووسرێ! فەقێ برایم دەچێتە ماڵە پوورە گوڵێ دایکی ساڵحو قادرلاجانی، هەر دووک برا پێشمەرگە بوون... ئیدی فەقێ برایم چاوی بە کاک حەمەدەمین دەکەوێ. ئەوەی پێویستی بەگوتن دەبێ لەمەڕ سالار بەکاک حەمەدەمینی دەڵێ... کاک حەمەدەمین، دەڵێ دوای رۆیشتنی سمایل پیاوەکانی حەسۆ منیان هێناوەتە ئێرە، ئێستێ رۆژانە، بۆ هەر شوێنێک دەچم، چەند کەس پیاوی حەسۆم بەدواوەن! کاک حەمەدەمین دەڵێ: ئەوە دەگەڵ پێشمەرگەکان، ساڵحو کەریم رەشاش، عومەر حەوتەوانەو... قسەمان کردووە، دەرفەتمان دەست کەوێ شەوێک خۆمان رزگار دەکەین. سمایل لە بەغدا گەڕاوەتەوە، ڕامسپاردووە نەیەتەوە بۆ سەنگەسەر. هەر چۆنێک بۆی دەکرێ خۆی دەرباز کات. وەک زانیومە سمایل لە مەترسی رزگاری بووە، ئاوای ئەو دیوی سنوور بۆتەوە... ئەمنیش چاوەڕوانی دەرفەتم ئیشەڵڵا بەو زووانە خۆمان دەرباز دەکەین...

دوای چەند رۆژ فەقێ برایم گەڕایەوە. هەواڵی کاک حەمەدەمینو سمایلی بۆ گێڕاینەوە. چەند رۆژ دواتر، هەواڵمان زانی، کاک حەمەدەمین دەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی سەنگەسەر، شەوێک دەرفەتی بەدەست هێناوە، بەرەو سنوور رۆیشتوون و ئاوای ئەو دیو سنوور بوون.

{ ویژدانی مرۆڤایەتی حوکم دەکا: ئەگەر ئاگاداریمان هەیە، چۆنی هەبووە ئەو جۆرەی بگێڕینەوەو نەیشێوێنین، بەدروستی واقعییەتی رووداوەکانی ساڵەکانی٤٦-٤٧ چۆن سەری هەڵداوە بەوجۆرەی بگێڕینەوە. خۆمان لە ئاویتەکردنی سۆزو عاتیفە دوور بگرین... گێڕانەوەی واقعییەتی ئەو بەسەرهاتانە، هیچ لە نرخی خەباتو فیداکاریی ئەو رۆڵە لەخوێندا خەوتووانە کەم ناکاتەوە!}

لێرە بەولاوە ئاگاداریی ئێمە لەسەر هاورێکانمان سنووردارترە، پێوەندیمان پساوە، ئەوەی لێرەولەوێ، نەیبیسین، یان بۆمان باس نەکەن بەدروستی ئاگامان لێی نیە. بەو جۆرە بۆیان گێڕاوینەوە:

{وەک دەیانگوت: ئەو کۆمەڵە کادرو پێشمەرگەیە، لەو دیوی سنوور، لە نزیک کاولانو ئالیەمەرانو زەوییە رەزگەیان، ماوەیەک، بێ ئەوەی شەڕو تێکهەڵچوون روو بدا، لە هەوڵی پێوەندیگرتن لەگەڵ مەلا مستەفادا بوونە، بەڵکوو داوای لێبکەن، رێگایان پێ بدا بگەڕێنەوە دیوی گەرمێن... بەڵام لەو دەمەدا کە بیر لە چاری ئەو هەڵوێستە نابەجێیەی پاراستن دەکەنەوە، ساواکو ژاندەرمریی ئێران بەهۆی جاسووسو فسۆسان، شوێنی حەشارگەیان هەڵدەگرن. دەزانن لە داوێنی قەندیلی لە نزیک ئالیەمەرانو میراوێ، دەجووڵەدان. ئەو دەم ئەو نێوە بەهۆی بوونی جەنگەڵو دارستانی چڕو پڕ، حەشارگەیەکی لەبار بوو بۆ خۆپاراستنی پارتیزان. هێشتا جادەی ماشێنی نێوان خانێو سەردەشت نەکێشرابوو. ماوەیەک لەو نێوەدا مانەوە. لە هەمان کاتدا، حکوومەتی شا، گوشاری خستبووە سەر پاراستنو شۆڕش کە، هێزی چەکدار بنێرنە سەر ئەو کۆمەڵە کادرو پێشمەرگەیە لە دیوی ئێران، بۆ حکوومەتی شای ئێران ڕاویان بکەن! پاراستن، ئەو ئەرکەی بە"مام وسوو دزەیی" سپاردو کردیە مەئموور. ناوبراو بە هێزێکی پێشمەرگەوە، ئاوای دیوی ئێران بوو، و

کەوتە شوێن کاک سولەیمانی موعینی و هاوڕێکانی کە، بە زیندوویی یان بە مردوویی تەسلیمی حکوومەتی شای ئێرانیان کاتەوە!

ئەوە تەنیا هەر "مام وسوو دزەیی" نەبوو کە پاراستن ئەو ئەرکە "پیرۆز"ەی پێسپاردبوو، بەڵکوو چەند دەستەو پەلو فەرماندەی دیکەش هەبوون کە بە دەستووری کار بەدەستانی شۆڕشی کوردی گەرمێن، سنووریان پەڕاندبوو، بۆ دەسگیرکردنی رۆڵەکانی دێموکرات! لەوانە دەتوانین ناوی ئەو کەسانە بەرین:

١- گرکۆ ئیزیدی،
٢- مولازم ئەحمەد،
٣- عەبدوڵڵا ئاکۆ... ئەوانە بە دەستووری پاراستن لە دیوی ئێران، گوند بە گوند، شوێنی هاوڕێیانی دێموکراتیان هەڵدەگرت، ڕاویان بکەن بۆ شاهەنشای!

بە ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی حەکیمانە، کادرو پێشمەرگەکان، خۆیان لە دەرگیریو تێکهەڵچوون دەگەڵ هێزەکانی شۆڕش دەپارێزن. داوێنی قەندیل بەجێ دێلن، لەچۆمی کەڵوێ دەپەڕنەوە ڕوو دەکەنە ناوچەکانی گەورکو مەنگوڕایەتی...! لە گەدەی، بۆ یەکەمجار لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەگەڵ هێزی ژاندارمریی ئێران، تووشی یەکەم شەڕو دەرگیری بوون. لەو شەڕەدا، عەبدوڵلای موعێنی باسکی بریندار بوو؛ ئەوانیش زەبرێکی گورچوبڕیان لە هێزی ژاندەرمریی دەوڵەتی شاهەنشایی دابوو. ( وەک دەیانگوت: ڕەسووڵ پیران کە پێشمەرگە بوو، گوایە بە بێ چەک دەینێرن بۆ گوندی "کانی خەلیل"ان بۆهاوڕێکانی بەرێ، لەوێ بەسەر ژاندارماندا دەکەوێو ئەسیر دەکرێو دواتر بەداخەوە لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهیدی دەکەن...) بەو جۆرە ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردو هەڵایسا!

چەند ڕۆژ دوای ئەو شەڕو تێکهەڵچوونەی گەدەو سپیسەنگ، یان پێش ئەو شەڕە، نازانم؟ کادرو پێشمەرگەکان، کاری خۆیان دابەش دەکەنو بە سەر ناوچەکانی سەردەشتو بانەو پیرانشارو مەهابادو بۆکاندا دابەش دەبن و دەست دەکەن بە جەولەو کاری سیاسی...

بەڵێنیو پەیماننامەیەکی بەخوێننووسراویان بۆ نەتەوەکەیانو کوردستان ئیمزا کرد. چیاو داوێنو دۆڵەکان، شایەدێکی بەرچاوی بێدەنگن. لووتکە بەرزەکان لە حاند ئیرادەو ئەمەگو فیداکاری، و ئەو خوێنەی کە بەدڵ ئاواڵەیی بە نەتەووە نیشتیمانیان بەخشی، سەری ڕێزیان بۆ چەماندنو درووودیان بۆ ناردن...!

دوای شەڕی سپیسەنگ، ئێمە ئاگامان لە هاوڕێکانمان بڕا...!}



سەرچاوە Serchawe

ئێمە لە سەر سنوور بووین لە دیوی باشووری کوردستان بە نیشتەجێیی ماینەوە. ئەگەر بەهەڵە نەچووبم، مانگی سپتامبر بوو، چووم بۆ بەغدا، چاوم بە کاک کەریمی حیسامی کەوت. ناوبراو، کەوتبووە شوێن سەرو سۆراغی کاک سولەیمانو حەمەدەمینو هاوەڵانیان. چەند ڕۆژێک لە بەغدا لە هوتیل بەشار ماینەوە، چاوەڕوانی شەهید قادر شەریفی دەکرد. کاک قادری وە دوای سۆراغی سمایلو سولەیمان خستبوو. دوای چەند رۆژ، شەهید کاک قادر هات. دوای ٣ ساڵ چاومان پێک کەوتەوە... کاک قادر لە مەڕ سولەیمانو جەماعەت گوتی: لە سنوور دوورن، لە ناوچەکانی مهابادو بۆکانن، ناردوومە بە شوێنیاندا، بەداخەوە نەیانتوانیوە بیاندۆزنەوە... دوایی کاک قادر لای ئێمە نەماوە، شوێنی مانەوی خۆی ئاشکرا نەکرد، بۆ نیوەڕۆژ خواردن چووینە چێشتخانەیەک، نانمان خوارد کاک کەریم پارەکەی دا. کاک قادر، بە کاک کەریمی گوت: کەریم! لێیدە لەو دۆڵارانەی ڕادمەنیشی...! ئیدی خواحافیزیی کردو ڕۆیی...

کاک کەریم گوتی: ئەگەر بارزانی لە سولەیمانو جەماعەت خۆش بێ، حەز دەکەم بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی گەرمێن... ئێوە دەگەڵ سەعید دەتوانن پێوەندیيان پێوە بگرن؟ گوتم ئەگەر بارزانی بەڵێنێکی وەها بدا، ئێمە دەتوانین ئەو کارەی زۆر بەهاسانی لە ماوەیەکی کەمدا ئەنجام بدەین.

کاک کەریم گوتی: برادەرێکم ڕاسپاردوە، چۆتە لای بارزانی، کە بەڵکوو بارزانی لە سولەیمانو سمایلو حەمەدەمینو جەماعەت خۆش بێ بگەرێنەوە بۆ کوردستان. هەرشوێنێک ئەو بۆیان دیاری بکا، لەوێ دەمێننەوە...! گوتی با بچین بۆ لای ئەو برادەرە! تەلێفوونم بۆ جێی کارەکەی کردووە، هاتۆتەوە. دەگەڵ کاک کەریم ڕۆیشتین. ناوی شەقامەکەم لە یاد نەماوە، چووینە شوێنی کارەکەی برادەری ناوبراو. ئەو برادەرە شەهید کاک دارا تۆفیق بوو. کاک کەریمو نابراو لە هۆدەیەکدا پێکەوە قسەیان دەکرد. کاک کەریم وەشوێن وەڵامی داخوازیيەکەی کەوتبوو، ئەمن گوێم لێ نەبوو. ئەوەی کاک کەریم بۆی باس نەکردبام نەمدەزانی...! بە وتەی کاک کەریم، کاک دارا: داخوازیيەکەی لەمەڕ سولەیمانو حەمەدەمین و سمایل بە سەرۆک بارزانی گەیاندبوو. لە وەڵامدا، سەرۆک بارازنی پێی گوتبوو: "بۆ فایق ئەمین، کوردستانی ئێران باشترە، با لەوێ بێ! بەڵام حەمەدەمین سیراجی و سمایل شەریفزادە مانعم نیە بگەڕێنەوە"...!

دوایی کە دەگەڵ کاک دارا، دانیشتبووین چاو قاوەیان هێنا. کاک کەریم گوتی: کاک دارا، داوات لێدەکەم سێ برادەرمان لە دۆڵی باڵەک ماون، تکایە ئەگەر چوویەوە سەرێ، بەخێری خۆت بەڵکوو بە سەرۆک بارزانی بڵێی ئەوەندە لوتفەی بکا دەستوور بدات لێیان گەڕێن! ئەوانە موخیلسی شۆڕشو بارزانین، قەولتان پی دەدەم هیچ کارێک بەزیانی شۆڕش ناکەن...! سەریان داخستوە، خەریکی پەیداکردنی بژیوی ماڵو منداڵەکانیانن! گوتی ناوەکانیانم دەیە ئەگەر چوومەوە سەرێ، بێشک دەگەڵیان باس دەکەم. ئیتر ناوی نووسەری ئەو چەند دێرە، و کاک سەعید کوێستانیو مام چووکەڵی گەوهەریی دا بە کاک دارا تۆفیق، ڕووحی شاد... دوای چەند ڕۆژ مانەوە لای کاک کەریم، گەڕامەوە بۆ ماڵ... ئیدی لەو ماوەیەدا ئێمە لە برادەران بێ خەبەرینو بەڵام لەژێر چاوەدێریی پاراستنداین، ئەحمەدە کوێری بارام میرزای،

لێمان ببوو بە کەڵەگا سێ سەرەی لەسەر هەڵنەدەگرتینو لەخوای بەزیاد بێ پاراستن پیاوی لە قەوارەی ئەحمەدی بارام میرزای، کەم نەبوون...؟

زستانی ١٣٤٦ بوو، رۆژێک مام چووکەڵ هات، دەستی بۆ گیرفانی برد، دە دیناری دەرهێناو دایمێ. ئەوە بۆمن لە عەجایباتی رۆژگار بوو، مام چووکەڵ بێ، وا بەهاسانی دەست بۆ گیرفانی بەرێو دە دینارم پارە بداتێ؟ گوتی هانێ گوتم ئەوە ئی چیە؟ گوتی وەرگرە، کەریم ناردوویە! خوا نەی‌ناردوە، کەریم ناردوویە! حاڵی نەبووم گوتی کابرا ناردوویە. دیسان حاڵی نەبووم! گوتی کەریمی حیسامی سی دیناری بۆ من و سەعید و تۆ ناردووە بۆ زستان بیدەین بەدار.

هەروەها گوتوویە هەتا زووە بێن بۆ بەغدا. ئیدی مام چووکەڵ رۆیی. سبەی لە خات زێڕنی خێزانیم پرسیارکرد یادی بەخێر. ناوبراو گوتی چووکەڵ بەیانی رۆیشت بۆ بەغدا... ئەمنو سەعیدیش چووین بۆ هەولێرو لەوێوە بەرێگای مووسڵدا بەرەو بەغدا کەوتینە رێ. بەیانە بوو گەیشتینە بەغدا. چووین بۆ هوتێلی گۆرین. دەگەڵ کاک کەریم دەستمان بە چاکو خۆشی، ئەحواڵپرسیی ئەم و ئەو... لە ناکاو لە پشتەوەرا کەسێک خۆی بەسەردا دام. هیچ بیرم لە سولەیمان نەکردبۆوە! ئیتر زانیم ئەوە فێڵی هەمیشەیی‌و نەزمەکانی رابردووی خۆیەتی...! ئاخر ئەو تاریفی خۆشی‌یەم بۆ ناگەڕێتەوە؛ ناتوانم تەوسیفەکەی بنووسم...! دەگەڵ کاک سولەیمان بە شاگەشکەیی، دەستمان کرد بەپرسیاری هاوڕێیان...! ئەو جار باسی شەهید بوونی عەولا گرۆێ، مەلا مەحموودی زەنگەنەی بۆ کردم. ئیتر بیستنی هەواڵی شەهیدبوونی مەلامەحموود زەنگەنە، تامی خۆشی‌یەکەمی وەسەر خەم‌و ماتەم گێرا...! سێ چوار رۆژی تەواو باسی وڵاتو دۆستو هاوڕێیانمان کرد، بۆچما پرسیار تەواوبوونیان هەبوو؟ دەگەڵ کاک حەمەدەمینیش هەر بەو جۆرە. دوایی گوتیان کاک رەحمانیش لێرەیە. مەبەست لە کاک رەحمان، شەهید دوکتۆر رەحمانی قاسملوو بوو. ئەوەندەی دیکە خۆشحاڵ بووم. لە شوێنێک چاومان بە کاک دوکتۆر کەوت، دواتر قسەمان لە شوێنی کۆبوونەوەی رۆژانەمان کرد. گوتیان باشترین شوێن، کەس فکری نەکا، مەدینەتول ئەلعابە! (مدنية العاب) یان دیاری کرد. دوکتۆر قاسملووی نەمر، زانیبووی کە ئەمن لە کۆنگرەی، ٢ دا نوێنەر بووم. دوای چەند سەعات دانیشتن لەبەر هەتاوی زستان لە بەغدا، دوکتۆر گوتی: لەسەر ئیزنی برادەران، ئەمنو مەلا محەمەد پێکەوە دەچین بۆ نانخواردن.

چووینە شوێنێکی چووکە دانیشتین. دوکتۆر گوتی: ئەتۆ لە کۆنگرەی ٢ بووی، وەنا؟ گوتم بەڵێ! هێندێ پرسیاری کۆنگرەو کاک ئەحمەد تۆفیقی لێکردم...؟ دیار بوو، بێ‌مەیل نەبوو بزانێ شێوەی تەرحی تاوانەکانی‌و کاردانەوەی لە لایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە، سەبارەت بەخۆی بەلانی کەمەوە بزانێ...؟ ئەوەی ئەمن دەمزانی بە دروستی‌و تەسەلی بۆم باس کرد. ئەو جارە دوکتور لەسەر رۆڵی کاک سەدیق، لە کۆنگرە، و دوایی بێ سەروشوێن چوونی‌و... زۆر بابەتی دیکە پرسیاری لێکردم...! لەوبوارەشەوە بەدروستی وەڵامم داوە...



سەرچاوە
Serchawe

دواتر، هاتینەوە سەر جەلەسەی کۆبوونەوە، زۆرتری باسەکان لە سەرکاری تەشکیلاتی بوون. کاک کەریمی حیسامی پێی وابوو: هەتا دەکرێ لە دەرگیری دەگەڵ هێزی دوژمن، خۆمان بپارێزین. هەلومەرجی ئەو ڕۆژەی کوردستانی ئێرانی بۆ کورد بەگونجاو نەدەزانی. ئەو زۆرتر، پێی لەسەر خەباتی سیاسی دادەگرت. لەهەمان کاتدا، ئامادەیی خۆی بۆ گەڕانەوەو کارکردن لە کوردستان دەربڕی، گوتی: ئەمن ئامادەم بۆ گەڕانەوەو هەرکارێکم بۆ دیاری بکەن بە شانازییەوە ئەنجامی دەدەم...!

ئەو جارە لە کاک سەعید کوێستانیی پرسی: سەعید ئەتۆ، لە بارەی سالار حەیدەرییەوە نەزەرت چۆنە؟ سەعید گوتی: سالاری بەلاوێکی چەپی تێکەیشتووی خاوەن بڕوا دەزانم. ئێمە ناردمان سەننار بگێڕێتەوە هەروەک بۆم نووسیبووی؛ کە چی بیستوومە ئەوە لە شەقامەکانی مەهاباد دەگەڕێ؟

کاک کەریم سەری سەرسوڕمانی بادا، گوتی: ئەتۆ چۆن نەزەر لە سەر سالار دەدەی، و ئەو لە بارەی تۆدا چیی گوتووە؟ ئەو جارە رووی کردە کاک حەمەدەمین کە مات بوو؟ گوتی کاک حەمەدەمین، ئەوەی بۆ ئێمەت باس کردووە، بەحوزووری جەماعەت بیگێرەوە، با گوێیان لێبێ! کاک حەمەدەمین گوتی سالار، وەڵامی بۆمن ناردووە، گوتوویە: کاتێک ئەمن دەگەڵ سەننار بەرەو باکووری کوردستان وەڕێکەوتم نامەیەکم بۆ ئێوە نووسی کە سەعید بۆتان بنێرێ...! کاتێک لە ساواک خۆم ناساند باسی ناوەرۆکی ئەو نامەیەیان پرسیار لێکردووم! کە وابێ دەبێ ئەو نامەکەی سالاری دابێتەوە ساواک؟ ئەگەر باسی نامەی کرد ئەوجارە ئەمن سەرم سوڕما؟ نامەی سالار دوو دێر زیاتر نەبوو، ئەوەی ئەمن دیتم خەتی سالار بوو. ئیدی ئەوە گەڵەگاییە! کاک سەعید، زۆر نارەحەت بوو. ئەو جارە ئەمن وەک شایەد، بەسەرهاتو چۆنایەتیی هاتنی نامەی سالاری و دراندنیو گەڕانەوەی دەگەڵ سەننار، ناردنی فەقێ برایم بۆ سەنگەسەر بۆ لای کاک حەمەدەمین، هەموویانم بە درێژی بۆ گێڕانەوەو...

ئەو جارە کاک کەریم رووی کردە سەعید گوتی: ئەوە مەلا محەممەد، بەسەرهاتەکەی ڕوون کردەوە، ئێستا پێم بڵێ تۆ چ کارێک وەستۆی خۆت دەگری؟ سەعید بە قسەکانی کاک حەمەدەمین زۆر نارەحەت بوو... بە کاک کەریمی گوت: ئەمن دەگەڵ کەسانێک کاری سیاسی ناکەم کە سەبارەت بەمن دردۆنگ بن بەجێی خۆی، ڕابردووشم بێننە ژێر پرسیار! گوتی ئەوە بە حوزووری خۆتان مەلا محەممەد، بەسەرهاتەکەی چۆن بووە گێڕایەوەو بۆی باس کردن. ئەمن چۆن دەگەڵ کەسێک دەتوانم کار بکەم ئیعتیمادی بەمن نەبێ؟ ئەوجار منیش سەبارەت بەو بێ ئیعتماد دەبم! لە فەزای ئیعتمادو دۆستیایەتیو ڕەفاقەتدا مرۆڤ دەتوانێ کار بکا. ئەگەر ئەو فەزایە شێوا، دیواری ئیعتماد رووخا، هەرگیز هاوکاری ناکرێ! کاک حەمەدەمین، لەسەر ئەو هەموو ڕەفاقەتە، ئەمن بەشتێک تاوانبار دەکا، کە لەڕاستی دا نەبووە...

کاک سەعید، زۆر لە کاک حەمەدەمین ڕەنجابوو. کاک کەریم و دوکتور، شکیان لە ڕاستگۆیی شایەدییەکەی من نەبوو. دوایی ڕوویان کردە من، ئەتۆ دەڵێی چی؟ ئامادەی، یان وەک سەعید خۆت دەکێشیە دواوە؟ گوتم: ئەمن ئامادەم، و کاتی خۆشی دەگەڵ کاک فایق - سولەیمان کەمو زۆر قسەمان کردووە، ئێستاش هەر لەسەر بەڵێنی خۆم سوورمو ئامادەم


سەرچاوە Serchawe

بۆ گەڕانەوە، بە مەرجێک تووبای هاوسەرەو کوڕە چووکەکەم شوێنێکیان هەبێ تێیدا بحاوێنەوە. گوتیان ئەگەر شوێنیان بۆ دابین کرا دەتەوێ لە کوێ کار بکەی؟ گوتم لەو هەلومەرجەدا ناتوانم هاتوچۆی شاماتو شارۆیران بکەم وبۆم ناکرێ یان، دەخۆمڕا نابینم! بەڵام ئامادەم بچم بۆ ناوچەی سەردەشت یان بۆ بانە لای خەلیل شەباش و سمایل...!

دەگەڵ سولەیمان قسەمان لە بارەی سەعیدەوە کرد. گوتی هەوڵ دەگەڵ سەعیدی بدە، هەر کارێک خۆی بیهەوێ ئێمە ئامادەین...! گوتم بڕوا ناکەم سەعید دەست لە کاری سیاسی بکێشێتەوە، بەڵام ئەو قسانەی کاک کەریم و ئیتیهامەکەی کاک حەمەدەمین لە سەعیدی داوە، بە منیش گوترابا، هەڵوێستم لە کاک سەعید توندتر دەبوو! بەڵام جارێ نارەحەتە لەوانەیە پەژیوان بێتەوە. ئەمن هەوڵی خۆمی دەگەڵ دەدەم. کاک سولەیمان گوتی نیگەرانی براژن و شاهۆ مەبە! ئەمنیش خێزانم دێنم بۆ سولەیمانی، کارێکی وا دەکەم لە یەکتر نزیک بن. ئێمەش خۆمان، دەچینەوە، هەروەک پێشوو، درێژە بە خەبات دەدەین، خەمت نەبێ...!

چەند ڕۆژێک لە بەغدا پێکەوە بووین. دوای ئەو کۆبوونەوەیە ئێمە گەڕاینەوە، بۆ باڵەکایەتی. ماوەی یەکترئاگادارکردنەوەمان دیاری کرد بۆ کۆتایی مانگی خاکە لێوەی١٣٤٧. ئەمن خەریکی خۆئامادەکردن بووم. دەمانچەیەکم هەبوو، ڕامسپاردبوو، بۆم بفرۆشن. خەریکی وەرگرتنی دەفتەر نفووس بووم، بەهۆی دۆستێکی نزیکی خۆم لە دەربەند، ناوی نابەم نەوەک بێژن کارێکی دوور لە یاسای ئەنجام داوە! لە ماوەی دوو مانگدا کاری وەرگرتنی دەفتەرنفوسەکەم تەواو کردبوو. ئامادەو چاوەڕوانی هەواڵی کاک سولەیمان بووم، بۆ چوون بەرەو سلێمانی و...
ئەگەر بەهەڵە نەچووبم، ئاخری مانگی خاکەلێوەی ١٣٤٧بوو، هەواڵی دەسگیریی کاک سولەیمان گەیشتە لای ئێمە. کاتێ ئەو هەواڵەمان زانی، دەگەڵ کاک سەعید کوێستانی، وێڕای ئەوە کە شۆکە بووین، پێمان وابوو دەنگۆیە، یان دڵخۆشیی خۆمان دەدایەوە! نیگەران و پەشۆکاو بووین، بۆ سبەی ئەو ڕۆژە دەگەڵ کاک سەعید کوێستانی پێکەوە چووین بۆ گەلاڵە، بۆ لای هاوڕێیانی دڵسۆزو سادقی هەورامی. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێداوە لەوێ دوکانیان هەبوو. کاتێ چووین، ئەو برادەرانەش وەکوو ئێمە لەو بەسەرهاتە ناخۆشە دڵنیگەران بوون. هەواڵەکەیان پشتڕاست کردەوە، گوتیان: دەگەڵ خەلیل شەوباش گیراوە... لە نێو بازاری گەلاڵە بە پەرتو پەرێشانی دەخولاینەوە، تووشی کاک ئەمیری قازی بووین. دوای چاکوخۆشی گوتی: "هەواڵی فایق ئەفەندیتان هەیە"؟

**گوتمان نا. چما چ بوە؟**

"گوتی: سەدیق ئەفەندی لە نزیک "سیتەک" دەگەڵ خەلیل شەوباش گرتوونی و دەسبەسەری کردوون. هەروەها گوتی: ئەمن لە مەکتەبی تەنفیزی بووم کە بەرقییەی دەسگیرکردنیان هات. ئەوە بەرێوەن دەیانهێنن بۆ مەکتەبی تەنفیزی. هەتا چەند ڕۆژی دیکە بەخزمەتتان دەگەن! ئەوە قسەی کاک ئەمیری قازیە، بێ کەم و زۆری! "

دیار بوو کاک ئەمیر زۆر بە پەلەیە! خواحافیزیی کردو گوتی: جارێ بەپەلەم لێرەمو دوایی یەکتر دەبینینەوە.
بە پەرێشانیو نیگەرانی گەڕاینەوە ماڵ. ئەو جارە مەترسیمان لە دەورو بەری خۆمان هەست پێدەکرد!

مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی، خێزانیو دوو کوڕە چووکەکەی تازە هاتبوون. لە گوندی ئازادی لە خانووە چووکەکەی ئەحمەدی بارام میرزادا بوون. مامۆستا ئێوارانە دەهاتەوە ماڵ، کاتێ دەهاتەوە دەچوومە خزمەتی. ئەو باسی گیرانی کاک سولەیمانی نەدەکردو ئەمنیش پرسیارم لێ نەدەکرد. دوایی ڕۆژێک کاک ئەمیری قازی دەگەڵ مامۆستا هەژاری هات بۆ ئازادی، مامۆستا هەژار بە تەوسەوە گوتی: "ئەوە گرمەی تۆپەکەی فایق بوو تەقاندی دەنگی دایەوەو..."؟! مامۆستا هەژار، لای بارزانی قسەی لە هەموو کەس زۆرتر دڕۆیشت! ئێمە بەمافی خۆمان نازانین لەمەڕ مامۆستا هەژار لێدوان بدەین! بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێ مامۆستا چۆن کەڵکی لەخۆشەویستیی خۆی لای سەرۆک بارزانی وەرگرتوە، پێویستە سەرێکی نووسراوەکەی خۆی بدەن، بەنێوی: "چێشتی مجێور"...

ڕۆژی ٢٥ - ٥ - ١٩٦٨ بوو، چووم بۆ زینوێ شێخی. قاوەڵتوون بوو، کرێکۆڵی پیرانشار هاتبوون، لە قاوەخانەی خدرە سوور بوون. لای حەمە خاڵەی دۆستو هاوڕێمان دانیشتبووم خدرە سوور هات گوتی، ئەو کرێکۆڵانە دەڵێن: دوێنێ تەرمی سولەیمانی موعینییان لەبەر دەرگای ژاندەرمەری دیوە، لە نەردیوانێکیان شریتپێچ کردبوو، کردبوویان بە پێشانگا؟ کرێکۆڵەکان دەیانگوت: ئەوان تەنیا هەر سولەیمانیان چاو پێکەوتوە، کەسی دیکەی دەگەڵ نەبووە! ئا بەوجۆرە دواتر تەرمی خوێناویی سولەیمان لە لایەن ساواک دەبرێتەوە بۆ مهابادو باقی داستانەکەی بۆ ئێوە بەجێ دێلم... ئێمە لە نەبوونی تەشکیلاتی پتەو، نەبوونی پشتی جەبهە، نەبوونی هەلومەرجی عەینی بێ ئاگا نەبووین، بەڵام جارێ ئەوەندەی دەڵێم!


----------

بەداخەوە، بەوجۆرە لە هاوینی ١٣٤٧دا، بەربەرەکانیی کادرو پێشمەرگە هەمیشە زیندووەکانی ڕێبازی پێشەوای نەمر، بەدەستی بەکرێگیراوانی شای ئێران، بەرواڵەت سەرکوت کرا! جینایەتکارانی حکوومەتی حەمەڕەزاشا، بە مەبەستی کپکردنی دەنگی ڕزگاریخوازیو عەداڵەتخوازی... داری سێدارەیان چەقاند، گەلێک شۆڕشگێری مافخوازی کورد، لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان، بەسەری بەرزەو چوونە سەردارو گیانیان لێ ئەستێندرا! ڕاستە سەربازخانەکانی جەڵدیانو خانێ، کرابوونە قەسابخانەو شکەنجەگای پێشمەرگەو شۆڕشگێرانی کوردستان. جگە لە ئێعدامیەکان، بەسەدان خەباتگێری شۆڕشگێڕ لە زیندانەکانی شای ئێراندا دوای شکەنجەی بەدەنی، بەسەریاندا سەپاندن ساڵوعەیامان لە چاڵەڕەشەکانی ڕێژیمی شادا بەئازارو شکەنجەی رووحیەوە ژیان بەسەر بەرن! بەڵام بێشک ئەوان بوونە ئاڵاهەڵگری ئازادیخوازیو جیگای شانازیی هەموو نیشتیمانپەروەرانی کوردستان!

داخوا شای خایین،و چاولەمستەکانی، بەو زەبرو زەنگ و کوشتوکوشتارە، توانیان دەنگی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان کپ بکەنو بلێسەی ئەو شۆڕشەی سولەیمانو شەریفزادەو ئاوارەو زەنگەنەکان هەڵیانگیرساند دایمرکێننەوە؟ خەیاڵی خاو! ڕاستە ئەو سەردەمە هەلومەرجی عەینی بۆ شۆڕشی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەڕەخسابوو، بەسەر کادروپێشمەرگاندا سەپا بوو، بەڵام ئەوان سڵیان لە مەرگ نەکردەوەو بوون بە ڕچەشکێنی بەرەی دوای خۆیان. ئەوە نیە، شۆرشگێرانی کیژو لاوی کورد، لە فەزایەکی نەختێ لەبارترو کراوەتردا، دەنگی شێرانەی مافخوازانەیان بە گوڕتر هەڵبڕیوەو بوونەتە، سولەیمانو شەریفزادەو ئاوارەو زەنگەنەکانیترو لە مەتەرێزەکەی ئەواندا، دەنگی تەقەی چەکی شێرەکچ و شێرەکوڕانی کورد بەگوێی دنیا دەگاو زەندەقی دوژمنی داگیرکەریان بردوە!

بەداوای لێبوردن لە کەسوکاری ئەو شەهیدانە کە ناوی ڕۆڵە شەهیدەکانیانم نەهێناوە! بێشک زانیاریی من لەوە کەمتر بوو کە ناو و شوێنی هەموو شەهیدەکانی ٤٦ - ٤٧ بزانم. بەداخەوە نە خۆم لە بیرم ماونو نە سەرچاوەشم لەبەردەستدا بوو کە لە ڕووی سەرچاوەکانەوە، ناویان بەرم. نەبوونی ناوی ئەو جوانمەرگە سەربەرزانە، ڕاستە کارەکەی ئێمەی سەقەت کردووە، بەڵام بێشک گەورەیی و عەزەمەتی ئەوان گەزگەز بەرز دەبێتەوە! ڕووحیان شاد.

**ناو، شوێنی شەهیدەکانیەو بەربەرەکانی‌یە ناهاوسەنگە بەوجورەی خوارەوە بوو:**




١- **سولەیمانی موعینی**: ئەندامی ک. ن لە باشووری کوردستان، لەلایەن ڕێبەراتیی شۆڕشی کوردستانەوە شەهید کراو تەرمەکەی تەسلیمی ئێران کرایەوە.



**٢- سمایلی شەریفزادە**: کادری ح د ک - موهەندیسی ئەلیکترونیک، لە چۆمی دارێنە ناوچەی بانە، لەلایەن هێزی ژاندارمو تەکاوەران شەهید کرا.




**٣- عەبدوڵلا موعینی**: کادری - ح. د.ک لە نزیک قالویَو ئیسکی بەغدا لەلایەن هیزی ژاندارمو ئەرتەشەوە شەهیدکرا.



**٤- مەلارەحیمی وردی**: ئەندامی ک. ن بەدەستو دەستووری عەبدولوهاب، ئەترووشی، ئامرهێزی شۆڕشی کوردستان، لە ناوچەی هەورامانی عێڕاق شەهیدکرا.



**٥- مەلا مەحموودی زەنگەنە**: کادری ح.د.ک لە شەڕ دەگەڵ هێزی ژاندەرمەری لە بەیرەم - نزیکی مهاباد شەهید کرا.



٦- **سەید فەتاحی نیزامی**: کادری ح.د ک لە چیای حاجی کیمی ناوچەی موکریان نزێک قەرەگوێز لە تێکهەڵچوون دەگەڵ هێزی ژاندارمەری.



٧- **دەرویش عوسمان**: پێشمەرگە لە چیای حاجی کیمی دەگەڵ ژاندارمەری.



٨- **مەلا عەلی وەرگێڵی**: پێشمەرگە چیای حاجی کیمی بەدەستی هێزی ژاندارمەری.



٩- **میرزا محەممەدی شادمانی**: کادری ح د ک، لە دۆڵە دارێنە، بە دەستی ژاندارمو تەکاوەران.



**-١٠ حوسێنی رەحمانی ڕابێ**: پێشمەرگە دۆڵی دارێنەی بەدەستی ژاندارم و تەکاوەران.



**-١١ عەلی کۆڵۆ**: پێشمەرگە دۆڵی دارێنەی بانە، شەڕ دەگەڵ هێزی ژاندارمەری.




**-١٢ خەلیل شەوباش**: کادری ح د ک، بێ کێل و گۆڕ لە دۆڵێ باڵەکایەتی بە دەستی  ڕێبەرایەتیی شۆڕشی کوردستانی باشوور شەهیدکرا.



**١٣- مەلاحوسێنی مارەغانی**: کادری ئازای ح. د. ک لەقەڵادزێ بەدەستی بەکرێگیراوێکی ساواک تیرۆر کرا.



**١٤- قادر شەریف - هاشمی**: ئەقەللوتتوللاب کادری بەوەجی ح. د ک لە سلێمانی تیرۆر کرا.




**١٥- مینە شەم**: پێشمەرگەی بە وەفاو ئازا، لە نزیک قالوێ، ئیسکی بەغدا، بە هێرشی ژاندارمەریو ئەرتەش شەهید بوو.



**١٦- عەوڵا گرویێ**: پێشمەرگە لە جاسووسان لە کەمینی ژاندارمان کەوت.



**١٧- ساڵح لاجانی**: پێشمەرگە، لە لایەن شۆڕشی کوردستانی گەرمێن، تەسلیمی ئێران کرایەوەو لە پادگانی خانێ ئیعدام کرا.



**١٨- سولەیمان کەرقەشان**: پێشمەرگە، لەلایەن شۆڕشی باشووری کوردستان تەسلیمی ئێران کرایەوەو لە پادگانی خانێ ئێعدام کرا.



-١٩ محەممەد دەروێش: تاژاندەرەیی پێشمەرگە لە دۆڵەنێ لە شەڕ دەگەڵ هیزی ژاندارم شەهید بوو.



-٢٠ عوسمان قڕووچاوەیی: پێشمەرگە لە دوڵەنێ لە شەڕ دەگەڵ هیزی ژاندارم شەهید بوو.




-٢١ رەسووڵ پیران: پێشمەرگە لە سپی سەنگ ئەسیر کراو لەلایەن ژاندارمەری  ئیعدام کرا.



**٢٢- حەسەن خوڕخوڕەیی**: پێشمەرگە بەبریندارى لەلایەن ئەرتەشەوە ئەسیر کراو ناجوانمێرانە لە مهاباد ئێعدام کرا.



**٢٣- برایمە سووری دەڵاوەیی**: پێشمەرگە، لە گوندی ئالانێ لە کوردستانی عێراق، لەلایەن پێشمەرگەی شۆڕشی گەرمێن شەهید کراو تەرمەکەی درایەوە بە هێزی ژاندارمەری بردیانەوە خانێ کرا بە پێشانگا.




**٢٤- عەلی گوێڕەش**: کرایەوەو لە پێشمەرگە، لە گوندی ئالانێ، کوردستانی عێراق، لەلایەن پێشمەرگەی شۆڕش بەبریندارى ئەسیرکراو تەسلیمی ئێران پادگانی خانێ ئێعدام کرا.



-٢٥ **قـادرچلچۆک**: پێشـمەرگە، لەئـاڵانی، لەلایەن شۆڕشـی کوردسـتان، ئەسـیرکراو تەسـلیمی ژانـدارمەری کرایـەوەو لە سەربازخانەی خانێ ئێعدام کرا.



-٢٦ **محەممەد ڕیتاڵ**: پێشمەرگە لە نزیک مرادڕەسووڵو مرادحاسڵی لاجانێ لە لایەن هێزی ژاندامەری شەهید کرا.



-٢٧ **مراد شیرێژ**: پێشمەرگە لە خەرپاپی بەدەستی سەید باپیری چیانە شەهید بوو.



**٢٨- قادر پەنیرە:** پێشمەرگە، لە لایەن شۆڕشی کوردستانی گەرمێن تەسلیم کرایەوەو لەسەربازخانەی خانێ ئیعدام کرا.




**٢٩- مەلا ئاوارە:** کادرو بەرپرسی ناوچەی سەردشتی ح. د. ک دوای یەخسیرکرانی لە شاری سەردەشت ئێعدام کرا.

**ئەوانە بوون بەشێک لە شەهیدانی ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی.**

---

**ئەگەر شەهیدانی ساڵی ١٣٤٥یش حیساب کەین وەک:**



**١- سەدیقی ئەنجیری ئازەر:** ئەندامی ک. ن لە کوردستانی عیراق لەنێو شۆڕش، شوێنەون کرا.



٢- نحۆ پاشایی: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.



٣- مەلاسمایلی فەقێیەسێ: کادری ح. د. ک.



٤- فیروز پاشایی: پێشمەرگە.





سەرچاوە
Serchawe

٥- ناجی...: پێشمەرگە.



٦- ڕەزاپاشایی: پێشمەرگە.

**سەرجەمی دەبنە ٣٥ کادرو پێشمەرگەی شەهید.**

ئەو ڕووداوو بەسەرهاتانەی، لە چوارچێوەی ئاگاداریی ئێمەدا بوو، لە توێی نووسراوەیەکی ٣٠٠ لاپەڕەییدا، بۆ نەوەی خەباتگێری داهاتوومان گێڕاوەتەوە، بەنێوی: "لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٢ - ١٣٤٧ی هەتاوی حیزبی دێموکراتی کوردستان"

ستۆکهۆڵم، سەرەتای جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی ٢٠١٥ی زایینی - سوید.




**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بانەمەڕی ٢٧١٩ی کوردی - مای ٢٠١٩ی زایینی**

سەرچاوە
Serchawe